تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

خـولی
دووەم
حوزەیرانی
١٩٨٢

نووسەری کورد

www.iqra.ahlamontada.com
منتديات اقرأ الثقافية

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ئاف-ز- مێبابارک
٩٨٨/٥/٨

نووسەری کورد

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد

ژمـــارە (٨) ، خولی دووەم حوزەیرانی ١٩٨٢

سەرۆکی نووسین

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

سکرتێری نووسین

مومتاز حەیدەری

بارەگای گۆڤار

بغـداد ـ الوزيريـة

مقـابل كلية التربية الرياضيـة ـ مقر جمعية الثقافة الكردية

چاپخانەی ..الحوادث..

« الكاتب الكردي »

مجلة « نووسەری کورد »

مجلة اتحاد الادباء الاكراد في العرأق

العـدد (٨) ، الدورة الثانيـة ، حزيـران ١٩٨٢

رئيس التحريـر

الدكتـور عزالدين مصطفى رسـول

سكرتـير التحرير

ممتـاز الحيدري

الادارة

بغـداد ـ الوزيريـة

مقـابل كلية التربية الرياضيـة

مقر جمعية الثقافة الكردية

THE KURDISH WRITER

BULLETIN OF
THE UNION OF THE KURDISH WRITERS IN IRAQ

No. (8) Second Period, June 1982

EDITOR - IN - CHIEF :
Proffesor - Ds. C. : IZZADIN MUSTAFA RASOOL

DEPUTY EDITOR - IN - CHIEF :
MUMTAZ HAYDARI

Office : BAGHDAD, WAZEERIYYAH, OPPOSITE COLLEGE OF PHYSICAL EDUCATION, HEADQUARTERS OF THE KURDISH CULTURAL SOCIETY.

ئەم ژمارەیەش

وا ئەم ژمارەیەش دەچێتە پاڵ ژمارەکانی‌تری نووسەری کورد • ۆ سروشت‌و جۆرو ڕێبازو بارو کات‌و شوێنی دەرچوونی ئەم ژمارەیە ، شتێکی تازەمان نی‌یە ، لەو قسانەی زیاد بکەین کە لە چەند ژمارەی پێشوودا نووسیمانن •

لە کاتی دەرچوونی ژمارەی پێشوودا بوو ، چەند مانگێك لە وولات دوور بووم ، بە نامەیەك هەواڵی یەکێتی‌ی نووسەران‌و گۆڤاری « نووسەری کورد »و هەندێك شتی‌ترم لە برای جێگری سەرۆکی یەکێتی پرسیبوو ، لە وەڵامدا نووسیبووی :

« ئەگەر یاسای گۆڕین لە ژیاندا ڕێگام بدات ، دەڵێم — هەموو شت لەجێ‌ی خۆیەتی » •

بێگومان لە چوارچێوەی گشتی‌ی ژیاندا یاسای گۆڕین ڕێگامان نادات بڵێین لە ژیاندا ، لە کۆمەڵدا هیچ نەگۆڕراوە ، چونکە ژیان‌و کۆمەڵ لە چوارچێوەی بەرینی خۆیاندا هەر لە گۆڕین‌و بەرەوپێش چووندان • ئەگەر هەندێك جار بە ڕەواڵەت بەرەو دووا هاتن ببینین، ئەوا ئەوەش لە بزووتنەوەی حەلەزۆنی‌ی ژیاندا هەر هێڵی چوونە پێشەوەیان

گرتووە ، بزووتنەوەی ژیان‌و کۆمەڵیش هەندێك جار هێندە سستە کە بە ڕەواڵەت هەستی پێناکرێت ، بەڵام کە تنۆك تنۆك ئاو کۆ دەبێتەوە دەبێت بە دەریا ، یا گردبوونەوەی قورسایی گۆڕینی چۆنێتیی لە دووایە •

با لەم باری سەرنجی فەلسەفی‌یەوە کە بە ڕاست‌و بە جێی باوەڕی دادەنێین ، بێینەوە سەر ئەو بە ڕەواڵەت نەگۆڕانەی باری یەکێتیی نووسەرانی کوردو گۆڤاری « نووسەری کورد » •

لە ژمارەی پێشوودا نووسیمان :

« ئەوە سێ ژمارەشە هەر کردوومانە بە عادەت کە باسێکی باری مان‌و نەمانی یەکێتیی نووسەرانی کورد بکەین • سەیر ئەوەیە کە هەرچی لە دوو ژمارەی پێشوودا دەربارەی باری یەکێتی‌و بێدەرامەتی‌و یارمەتی نەدان‌و چاوەڕێ بوونی هەڵوەشاندنەوە یا مانەوە نووسرا ، ئێستاش هەر وایە ، ئەمەش جێ پەنجەی بە هەموو باری دوواکەوتن‌و دەرنەچوونی گۆڤارەکەوە بەجێ‌هێشتووە • » •

ئەمە لە ژمارەی پێشوودا نووسرا ، کەواتە وا بوو بە چوار ژمارە ئێمە هەر ئەو باسە دەڵێینەوەو هیچ شتێك نەگۆڕاوە • ئەوە نەبێ کە لە ڕووی دەرامەتەوە ، ڕەنگە دووا فلسی پارەی یەکێتی بدەین بە کرێی چاپی ئەم ژمارەیەو لەسەر ساجی عەلی لێی دانیشین • چونکە بە داخەوە هیچ یەکێك لە ژمارەکانی « نووسەری کورد » بە تەواوی نەفرۆشراوەو بەشی ئەوەمان دەست نەکەوتۆتەوە کە بتوانین ژمارەیەکی تری پێ چاپ بکەینەوە :

هەرچی ئەم ژمارەیەشە ، ئەوا وەك لە ژمارەی پێشوودا نووسرا :
« هەموو سروشتی ژمارەکانی پێشوو لێرەدا دووبارە دەبێتەوە :
دوواکەوتنی ژمارە ، گرانیی نرخی ، بێ توانایی گەیشتنە قاڵبی ڕەنگینی تەکنیکی جوانی چاپکردن » .

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا سروشتی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا ، لە پاڵ ئەوەدا کە دەنگ و ئاوێنەی گەل بووەو زۆرتر هەر چەکی تێکۆشان بووە . هەر لە خۆشیدا تێکۆشەرانە دڕی بە کۆسپ و تەنگوچەڵەمە داوەو ئەم گۆڤار جێی ئەوی گرتۆتەوەو کەرەسەی پەنگەوە خواردووی دەروونی نووسەران ، لە ڕێی قەڵەمەوە کەوتۆتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤار .

وا ئێمەش ، خۆمان بە میراتگری ئەو مێژووە دەزانین ، تا لە تواناماندا بێت ، بەم جۆرەش بێت ، هەر هەوڵی نەمراندنی گۆڤارەکە دەدەین . هەرچی ناوەڕۆکی گۆڤارەکەشە ، ئەوە لە زووەوە قاڵبی خۆی گرتووە ، تێکڕا کەرەسەی ئەدەبی و سەر بە ئەدەبیات بڵاودەکاتەوە . هەر لەبەر سروشتی گۆڤارەکە خۆی لەلایەك و لەبەر نەزانینی کاتی دەرچوونی گۆڤار ، خۆمان لە هەندێك باس و بەرهەمی ڕۆژانەو سەر بە ڕۆژ بە دوور دەگرین . چونکە زۆر جار بووە ، کە گۆڤارێکی وەك ئەمەی ئێمە کەرەسەی سەر بەم مانگەو ڕووداوەکانی ی بڵاوکردۆتەوە ، بەڵام چەند مانگێك دوواکەوتنی چاپ هەر کەرەسەو گۆڤارەکەشی وا لێکردووە کە لای لێنەکرێتەوە .

کەرەسەکانی ئەم ژمارەیەش ، هەر بەردەوامی ژمارەکانی ترن . نامانەوێ ڕێ لە هیچ نووسەرێك بگرین . دەمانەوێ ، بەو چەشنە بیرکردنەوەو بەو جۆرە ڕوخسارو بابەتەی نووسەر خۆی بە ڕێی

خزمەتی گەلی دەزانێو گەلیش پێی تووڕەو وەڕس نابێت ڕێگەی نووسینو بڵاوکردنەوە بە هەموو نووسەرەکانمان بدەینو وەك یەکێتیی نووسەرانی کورد موڵکی هەموو نووسەرانو خاوەنانی چەند ڕێبازو پلەی ئەدەبییە ، گۆڤارەکەش هەر بەو جۆرە بێت •

(سەر نووسەر)

پێداچوونەك لسەر مامكێت كوردی

كۆمكرن و بەرهفكرنا
ئەحمەد عەبدوڵلا زەرو

مامك یان مەتەلۆك :

دەما ئەم دبێژین « كورد و فولكلور » هزار بابەتێن نە نڤیسی لسەر زارێ پیرو كالا ، سترانبێژا ، زەری‌و لاوا ؟ دەما دگێران‌و نهو دبێژن ، تێتە هزرو بیرا . لەوا دبینم ، دەم دخازیت تۆڕبێ مە پڕ كری مست ـ مست ڤالابكین‌و ژ وەڕا داقوتین‌و بەلاڤكەین ، چونكە ئەو كۆڕێ نەمان ، جارەكا دی ڕونین‌و ڤەگێرین ل شەڤ بێری‌یا ، زڤستانا ، تاڤە هەیڤێن شەڤ هاڤینا .

كورد دبێژن : مامكێ منو ... منو ! ؟

ئانكو : تشتێ منو ... تشتو ! ؟ ئانكو : مامێ منو ... مامۆ !؟ ، ئەڤە دەست پێ كرنەكا ڤی لایێ فولكلوری‌یە ، دەما قیزو لاو ، یان جڤاتا مالێ دڕۆنن‌و ژیەكو دوو ڕا چیروكو چیڤانۆكا ، بەندو ئاخفتنێت خوەش دهاڤێنە بەر ئێك .. ئەڤجا مە بابەت مامكەو دەسپێكرنا مە گوتی ، كورد گەلەك پەیڤا بكار تینن ، یا بەلاڤ ئەوە (مەتەلۆك) . (١) ئانكو مەسەلۆك ب هەردوو شێوەیا ، دشێوەیا (لۆڕی) پێ دبێژن (چەوچە) (٢) و دكرمانجیا كوردێن سوڤیەتدا دبێژنێ (تێدەرخستنۆك) (٣) ....

(مامك) ژكويڤه هاتيه ؟ ئاشكرايه ژ پەيڤا (مام) و پاشپرتا (ك) ژبو خوشكۆك‌كرنا پەيڤێ دگوهێ لاوێ كوردا يان قيزا خوشتڤى ، چونكـه يا خۆيايه مامكێت كوردى ژسازكرن‌و ڤەهاندنا كالێ كوردە ژ مێرو ژناو ژ بچوكێن خوەڕا دگوتن وەك هـەر بابەتەكێ فولكلـورى •• ئەڤجـا ئاخفتنا مه (مامێ منۆ) كو ل ديڤرا گوتنەك هەيه ! كى دزانيت چى‌يه؟••

مامك چى‌يه ؟

مامك يـان مەتـەلۆك جـۆره ئاخفتنـەكه ، لێـكـداى‌و سـەرف پەخشانەكا بسەروا تێت ، يان سەر ڤ شعرا كوردى ڤە دچيت هەر چەندە دبينين جاران ب كێم‌و كاسى‌يه دكێشا خوەدا ، لێ دئەنجامـدا « ئاخفتنەكـا لێكدايه » دڤەهاندنا خوەدا •

مامك دئەدەبێ فولكلورى‌دا هنده جارا وەك تڕانا ، هنـده جارا بێ مەبەس‌و بو چاخ برنەو تێكدانا مەژيێ مروڤه (٤) ، هندەك جاران بـو مەبەستا تايبەتى ڤ ژيانێ‌ڤه هەيه وەك تڕانا (هزليـات) و پشـكێن دى يێن فولكلورى كو دبيته ئەگەرێ هەولدانا كومەلايەتى‌و سياسى (٥)•••
هەر وەسا دبينين ئەڤ جۆره بابەته دبەلاڤن دناڤ كوردەوارى‌دا ژبـەر نەبوونا بێ‌هويكرنا مژويل بوونێ ، ژبەر ڤێ چەنـدێ ئەڤ مەتەلۆكـه دەرخستـن ژئەگەرێ موكوم‌كرنا هزرو بيرێت مروڤێ خـۆرت‌و لاوو پڕكرنا ڤالايەكى ژژينا وان گەنجا (٦) ، پترتر ژئەگەرێ نەبوونا جهێت خواندنێ‌و نڤيسينێ دنێڤ گوندێن كوردستانێ‌دا ••

مامك چەند جۆرەيه ؟

مامك دوو جۆرەيه (پشكه) ؛ مەتەلى مەبەسدار و مەتەلێن بـو تێكدانا مەژى‌يه ، هەردوو پشك كويراتى و تێبينى‌و ، ژيرى‌و هشيارى‌يا

کویر بەرێ خۆدانا نەتەوەیێ مە دیاردکەت ••• بەرێ خۆدانا هەمی تشتەکێ ل چارکناریێ خۆ و هەمی ڕویدانێت ژیانێ (٧) •••

مامك و سوود ژێ چی‌یە ؟!

مامك دکوردی‌دا وەك پشکێن دی ژ مەتەلێن زمانێن دی (بیانی) ، دەستەکێ درێژ هەیە دپاراستنا هندەك زاراف و گوتنێن تایبەتی دزمانێ کوردی‌دا ، بەلکو گەلەك جاران دداڕێتنا مامکی دا لڕەخ بیرێن کویردا جوانیا پەیکەرو ڤەهینانا گوتنێ ژی دبینین (٨) •••

هژمارا مامکێن بەلاڤکری ب هەمی زارێن کوردی‌ڤە تنێ من ئەڤ کۆمەلە پێش چاڤێ و حەز دکم ژ خویندەڤانا مە ئەگەهدارکەن ژێن مە نەگوتی ب سوپاسی‌ڤە •

١ ـ دپشکا دوماهی ژ کتێبا حاجی جندی (فولکلورێ کوردی) (٤٠٠) مامك بەلاڤکرینە (٩) •

٢ ـ دیسا دپشکا دوماهی ژکتێبا پروفیسور قەناتی کوردوئیف (کومەلە تێکستی فولکلوری کوردی) (٦١) مامك بەلاڤکرینە ـ لاپەرە ٢٦٨ •

٣ ـ دگوڤارا ڕۆژی کوردستان ژمارە ٦٣ تموز اب سالا ١٩٨١ ماموستا حەمە مولا کەریم بەلاڤکری‌یە ، لاپەڕە ٣٤ ب کوردی و هژمارا وان (٩٧) مامکن •••

٤ ـ ئەڤ کومەلە مامکێن من بەلاڤکرین ژدەڤەرا بەهدینان لناڤبەرا زاخو و دهوك و ئامێدی و ناوچا بەرواری‌یانن •••

هەر وەك مە گوتی مامکا بەرێ ژین‌و ژیێدا مللەتێ کوردی خۆیا دکە ، ئەڤجا گەر بێن‌و شروڤەیەکی بدەینە چەند نموونەیەکا وەسا دبینین کارو بارو سروشت‌و ئامویرەتێن کوردەواری و پیشەیێن ڤی وەلاتی دبنە بابەت و ب وێنەیا مامکا ڤە و تیژی‌یا هزرو بیرێن خۆرت‌و زەریا کورد دلڤین‌و ئەندازەیا تێگەهشتنا وان حەندە !؟

بڤی ئاوایی ڤەهینەرێ مامکا شارەزاهیەکی توند دیار دکە ژلایەکی جوانکاری و ڕەوانبێژی‌ڤە ، چەوا دبینین چاخێ دبێژن :

« دەه برانە ، هەر دەه تێنە دەشتێ

هەر ئێکێ فرشەکێ ل پشتێ »

مەبەست (تلن – پەنجن)

گرێدانا – تلا ب برایانڤە – فەرش و نەینوك – ، و نێزیکیا کارو مەبەستان دۆێنێن خوەدا کارەکی هۆنەری و ئەدەبی مینا شعرا کوردی هەر چەندە دبڕ ێن خوە کێم و کاس هەیە ، لێ دسەروادا – دەشتێ – ئێکن .

(شەڤبێرێن کوردەواری)

شەڤ زەنگلە ، هێشتا ڕوهنیا کارەبایێ تیرێژین خۆ نەدابینە کولان و دەرێت تاخێمە ، بەرسفك و دۆشکێن دمالا پڕن – پڕ ژگەنج‌و خۆرتا ، زەری و شۆخا ، ب هەڤڕا ڕونشتینە یاریا دکن ، هنەك سەرهاتیا دگێرن ، هنەك گوتنا ، چەندەك پێنجوکانێ (١٠) دکن ، لێ چەندەکا مامك ژخوەڕا دگێڕان هشیاری و زیرەکیا خۆ بەرچاڤ

دکرن •• لڤێره دلێ من خواست ئەڤ کوگە و چەوا مامکا دهاڤێنە بەر ئێك •• سەرگێرێ جڤاتێ کورگەهـ گێرا و گوتی :

ئیرو شەڤا مامکانە ، ئەمێ ب رێزێدا هێن و هەر ئێك مامکەکێ بەرهەڤکەت و پاڤێتە بەر جڤاتێ •••

سەرگێری کورگەهـ ڤەکرو گوت :

مامکێ منۆ ••• منۆ !

« پیرەکا دڕێ دا

هزار کەلەم دڕێکێ دا » چیـیە ؟

بەرسف وەك هەر جار ، هزرکرنەکا دژوار و کویر و بەرسف و وەلامێ ددن و دبێژن [کەرەنگە ـ کەنگرە] •• بڤی ئاوایی سەدەها مامك وەکی مە بهیستی و کۆمکری دێ ژوەڕا رێزکەین ب دلخوشی، چاخەکێ خوەش ببنە سەر ، دڤەگێرنەکا کوردەواری و بێ ڕێزکرن •

نموونە بو مامکێن کوردی

١ ـ مەلایێ ب لنگەکێ
چوو شەڕێ گوندەکێ

× « تەڤرە ـ قەزمەیە »

٢ ـ هەنوونێ مەنونێ
یا خوارە وەکی داسکا درونێ
هەچ یێ نەزانیت
گونێ مامێ د قونێ

× [هەیڤە ـ مانگە]

٣ ـ بەرەك ل سەر بەرەكێ
تەیرەك دخوینیت ل دۆلەكێ
كونا قونێ ل نیڤەكێ
× [دستارە]

٤ ـ تشتێ منۆ تشتەكە
یێ ب كولاڤ و دەرسۆكە
ناڤێ وێ زرێ چەپۆكە
× [كێچـە]

٥ ـ گلڤنكی ئاڤدەن
گۆلك مەزن دبیت
× [كولند ـ كولەكەیە]

٦ ـ بابێ تە ڕوینشتە دیوانێ
گونێت وی چوونە كولانێ
× [كولند ـ كولەكەیە]

٧ ـ یێ مری
مروڤی ب گریا بەرددەت
× [پیڤازە ـ پیوازە ـ پیازە]

٨ ـ یێ مری
یێ ساخ دەهەلگریت
× [لاندكە ـ بێشكە]

٩ ـ یێ مری
مروڤی هەر دكەتە ئاقاری
× [دەست نڤێژا ستویرە]

١٠- مامکێ منو
یێ ل دیف تە دزڤریت
× [دوخینە]

١١- یێ مری
خوینێ ژ مروڤی دهینیت
× [ستری‌یە ، درکە]

١٢- پێت د مروڤی دنیت
پێنج شاهدن
× [تلن ـ پەنجەکانن]

١٣- هەمی دونیا دچیتێ
لێ دەستکەکێ کایێ ناچیتێ
× [گوهن ـ گوێچکەکانن]

١٤- ب پێت خوٚ دچمە مالێت خەلکێ
ب پێت خەلکێ دچمە مالا خوٚ
× [مروٚڤێ مری‌یە ـ کەسی مردوو]

١٥- قەسرا خودێ چێکری
بەنیا کون تێڤەکری
× [کولندە ـ کوٚلەکەیە]

١٦- تەنویرا زمزمی
تژی تێ نانێ گەنمی
ـــ ئانکو دبێژن !

١٧ـ تەنویرا دمدمی
تژی نانێ گەنمی
سحارێ ڕابین خەتمی
مەبەست [ئاسمان و ستێرن]

١٨ـ قورئانا دنـێ
هەفت مەلا هاتنێ
نەهاتە خواندنێ
× [کڤارکە]

١٩ـ سەرڤە هەسان
ژبنڤە قورئـان
× [دۆمبەلان]

٢٠ـ گولکێ مەلای
زلەك نەهێلا سەرێ چیای
× [شالۆکە ـ داسۆلکە]

٢١ـ وی لای پەژان (١١)
وی لای پەژان
ل نیڤەکێ موری و مەرجان
× [چاڤ ـ چاو]

٢٢ـ مێهڤانێ مالێ دچیتە مالێ
دەرگەهی ناگریت
× [دوو مێهڤانن ، ئێك ڤەدکە و یێ دی دگریت] .

٢٣ـ تشتێ منۆ تشته
نەبەرە (١٢) نە پشته
× [نیسکە]

٢٤ـ دارا ل ناڤ دارا
زەر دکەت گوهارا
× [گوهیشکە]

٢٥ـ کەرو کایێ دکەم بەرو
هێدی هێدی دبێمێ (١٣) وەرو
× [باگۆردانە ـ باگۆڕە]

٢٦ـ پڕ تانـە
هەچیێ نەزانیت حەیوانە
× [پرە ـ پڕدە]

٢٧ـ ڕێزا کارا دانای
تژی دانێ قوتای
× [ڕەختە]

٢٨ـ دیکلێ مەتێ
کەفتە خەتێ
کەس نەگەهشتێ
× [گوللەیە]

٢٩ـ مامکێ منۆ ••• منۆ
دونیا هەمی ل سەر نکلی (١٤) ئاڤایە
× [خامەیە ـ پێنوسە]

٣٠ـ هەفسەد و ئێك
ل بن لحێفکەکێ دنڤن
✕ [هەفسەد : ناڤێ ژنکێیەو (ئێك) : مێرکە]

٣١ـ کەر زرِی
کوشپل فرِی
✕ [تفەنـگە]

٣٢ـ چوومە دۆلەکا ب خرِە بەر
من داپیرا تە گرت
باپیرێ من خۆ هاڤێتە سەر
✕ [نێری و بزنن]

٣٣ـ سندریکا ل سەر سندریکێ
کلیلکا ددەستێ بویکێ
✕ [دستارە]

٣٤ـ لاوێ ئەڵمانا
دگەرِهیت ل کولانا
قون تیژترە ژ ددانا
✕ [دوپشکە ـ دۆپشك]

٣٥ـ مامکێ منۆ ... منۆ
شیرینێ شارێ
هنگڤینێ دارێ
گوهـ بەلێ ب رِێدا
پێ پالەی ب دیفدا
✕ [کەرەو بارێ تری و خودان]

٣٦ـ هرڤه دارو وێڤه دار
یێ دناڤێدا سەیێ هار
✕ [جوهنی‌یه]

٣٧ـ هرڤه بەرو وێڤه بەر
یێ د ناڤێدا میر عوممەر
✕ [جوهنی‌یه]

٣٨ـ چوومه سەر بانەکێ
من بەرێ خۆ دا ئاقارەکێ
حەفت بەقێت ددەڤێ مارەکێ
✕ [ملهێبه] (١٥)

٣٩ـ ژهنگڤینی شیرینتره
ژ ڕساسی گرانتره
✕ [خەوە ـ نووستن] ه

٤٠ـ ماهینا مەلای
بەردا چیای
زلەك نەهێلای
✕ [گویزانه]

٤١ـ سەرڤه هەڵامەت
بنڤه قیامەت
ب تەڕی دبەمێ
ب هشکی دئینم
(ص) عەلا (محمد)
✕ [تەنویره]

٤٢- سەر ئاخوینە
بن دارینە
خوارنا وی گیایێ شینە
× [قەلوینە]

٤٣- مێرگا شین
تژی هەلآلو بەیبوین
× [ئاسمانە]

٤٤- بازنێ ستی‌یێ
هاڤێت کانی‌یێ
شەفەق دا ئامێری‌یێ
× [هەیڤە - مانگە]

٤٥- ل ئاڤێ ددن تەڕ نابیت
ل بەری ددن کەر نابیت « لەبەرد دەدرێ ناشکێتەوە »
× [سیتاڤکە]

٤٦- سەرڤە هەستی (ئیسقان)
بنڤە پەڕاسی
× [بانە - بانیژە]

٤٧- شمعینێ دوو قوین ، هەڕە سەربانی ببین
× [باگوردانە]

٤٩-مەلێ - ق (١٦) - ب ڕها هلاویستی
× [دەرگەهـ - دەرگا]

٥٠- مامكێ منۆ ••• منۆ
بن دارێ سەر ئاسن
كەرۆ ••• درێژكە
× [درێشكە]

٥١- مامكێ منۆ •••
قوین ل ئاخێ
سەر ل قوینێ
دەھ ل دووا
× [بێری چاخێ بزنێ ددۆشیت]

٥٢- مامكێ منۆ ••
پسمیرێ ب شەپكەكێ
× [دێندكا برنجییە] [داتەی برنجە]

٥٣- لاوێ زەر
یێ دقەسرا سپیدا
× [هێكە - هێلكە]

٥٤- هندی دبەزیت
ژجهێ خۆ ناچیت
× [ئاشە]

٥٥- سنگێ دكەڤری قوتای
جوتەكێ گلولا ڤێدا بەردای
× [ئامویرەتێ مروڤە - ك]

٥٦ـ هینیو مینی
پێ ل بەر گوینی
ئەزێ دبینم
تو نابینی

× [چاڤن ـ چاون]

٥٧ـ ل دوور تە دزڤریت
لێ تە ناگێت

× [دۆخینە]

٥٨ـ پرا دارینی
کۆچا ئاخینی
خوەرێ وێ
گیایێ شینی

× [قەلوینە]

٥٩ـ مەتەلۆکو مەتیتە
پورسڵ کەتنە عیرێتە (زگیتو)

× [ئیراخن]

٦٠ـ تەپەك لسەر تەپەکێ
تێدا مارێ گەزەکێ
سەردا کونێت ڕوڤیا
دسەرداتر چرایێ نەبیا

× [ڕویچك ـ ڕوومەت]

٦١ـ مامكێ منۆ •••
سێ مەلا ب شاشكەكێ
ـ ئانكو دبێژن :
سێ برا ب شاشكەكێ
× [خانك ـ خوان]

٦٢ـ مامكێ منۆ •••
سێ تشت هەنە دلئێش
× [زڕنابێژو مریشكو مێش]

٦٣ـ شرینۆك ل دارینۆك
دارینۆك ل گوهبەللۆك
گوهبەللۆك ب ڕێ‌كەت
بێ پەحنۆك ب دیف كەت
× [ترێ دسەلكادا ، سەلك یێ لپشتا كەری ، خۆدان
ژی یێ ب دیڤە]

٦٤ـ سەرڤە حەلان
بنڤە قورئان

× [حاجیلۆك ـ حاجی ڕەشك ـ باڵندەیەكە]

٦٥ـ مامكێ منۆ •••
كشتو مشت
چوو وێراهە ڕوونشت
× [گیسكە ، جەریفكە]

٦٦ـ تلمسكا ترى
خانى تژى كرى
× [چرايه ، فەنەرە]

٦٧ـ ئەگەر بباره (١٧) چوار پيانه
ئەگەر بێ باره ب شەش پيانه
× [كێزه ، كێزكه]

٦٨ـ مامكێ منۆ ...
خانيێ بێ دەرى
× [هێكه ـ هێلكه]

٦٩ـ تژى شكەفتەكێ
هەسپێت ئەنى چالن
× [ستێنگن]

٧٠ـ هەل هەله
سمێل بەله
وێ دگەڕييت
لسەر تاقێت كودەلا
× [پشيكه ـ كتكه]

٧١ـ گلولكا دەزى
ب بەتەنێ (هەورازى) ڤه بەزى
× [سويسكه]

٧٢ـ مامكێ منۆ ...
كوڕێ ژ بابێ مەستره
× [هێستره]

٧٣ـ گرێکا بزمارا
وا ل پشت مالا
بو جارو بارا
× [هناره ـ ئەناره]

٧٤ـ عەجێبا من ئەو عەجێبه
مەهینا من شەش پرکێبه
کوریا ب پشتێڤه ـ پشتێڤه ـ
× [تەرازی‌یە ـ تەرازوو]

٧٥ـ سەر مشارو
پێ خەپارو
× [کەلەشێره]

٧٦ـ سەر گل گله
بن گل گله
چاڤ زیقو
سمبیل بەله
× [کێڤریشکه ـ کێوریشك]

٧٧ـ چوومه شکەفتەکا تاری
تژی تێدا مراری (مرواری)
× [ددانن ـ دانه]

٧٨ـ پاته بێ سەر
پشته بێ زك
دەسته بێ بێ
× [کۆملەکه ـ کراسه]

٧٩- چووم شکەفتەکێ
تژی بزنێت ب شاخەکێ
× [مێویژن]

٨٠- ژ بەفرێ سپی ترە
ژ خوونێ سۆر ترە
ژ قیرێ ڕەش ترە
× [لەگلەگە - حاجی لەگلەگ]

٨١- سیق‌و سیق
هەشت لنگ‌و
دوو پیق (١٨)
× [جووتیارە]

٨٢- مامێ من ب لنگەکێ
همبەری گوندەکێ
× [دەرگەهە - دەرگا]

٨٣- هێسترا وان ل بێدەرۆ
نە دز دبن
نە گۆر (١٩) دخۆن
× [مێری‌یە - مێروولە]

٨٤- زەرە زەرە
زەحفەرانە
نقیسی‌یە نە قورئانە
× [زێـرە]

٨٥- بنێقه شینه
ل بازارا ڕەشه
ل مالێ سۆره
× [توڤچایه - توقێ چایه]

٨٦- گایێ سۆر
دگەلیدا گرێدا
× [ئەزمانه]

٨٧- مالێ منۆ •••
هەڕۆ دەیکاته
هندێ داتکەت
× [دوودا دەری]

٨٨- چوومه ئۆدا ژێری
من دیت ژنا سەر مێری
م گوتێ دێ چ کەی حورمەتێ ! ؟
گوتی دێ ڤی مێری ئینمه نێری
× [دستاره]

٨٩- هەڕۆ دەیکاته
کۆمەکا هێکا دکەت
× [گرێکێت هەڤیری‌نه]

٩٠- هم همێ
دیوار ســمێ
× [گەنمه]

٩١ـ مامكێ منۆ ٠٠٠
دسەر تەڕا
دبن کەری ڕا
✕ [گەنمە]

پەراوێزەکان :

(١) بحث ودراسة عن الفولكلور الكردي / محمد توفيق وردي /ل ٢ یان (مەتەل) ل ٢١٠ ، لێکولینەوەی ئەدەبی فولکلـوری کوردی ٠ د٠ عزالدين مصطفى رسول ، چاپی دووەم ١٩٧٩ ٠

(٢) نماذج من التراث الشعبي الكردي / محمد توفيق وردي / ل ٦١

(٣) کومەڵە تێکستی فولکلوری کوردي / قەنانی کوردوئیف / ل ٢٦٨ هەر وەسا کتێبا حاجیێ جندی دپشکا دوماهی (فولکلوریێ کوردی) ئەو پەیڤە هاتیە (ل ٢٢ بحث ودراسة عن الفلكلور الكردي) محمد توفيق وردي ٠

(٤) لێکولینەوەی ئەدەبی فولکلـوری کوردی / د٠ عزالدين مصطفـى ل ٢١٠ ٠

(٥) هەمان سەرچاوە ل ٢١١ ٠

(٦) نماذج من التراث الشعبي الكردي / محمد توفيق وردي ل ٦١ ٠

(٧) لێکولینەوەی ئەدەبی فولکلـوری کوردی / د٠ عز الدين مصطفى ل ٢١١ ٠

(٨) هەمان سەرچاوە •

(٩) بحث ودراسة عن الفولكلور الكردي / محمد توفيق ووردي ل ٢٢

(١٠) جۆرە یاریێکی کوردەواری‌یە ، تایبەتی بەکچی کورد بەستراوە •

(١١) پەرژانە ـ پەژان ـ تان •

(١٢) نەبەرە ؛ مەبەست نە ڕوویە •

(١٣) دبێمێ : دبێژمێ ـ بێ‌ی دەڵێم •

(١٤) نکل : دەنۆك •

(١٥) ملهێب : شەنەبا •

(١٦) (ق) مەبەست ووشەی (قەشەیە) •

(١٧) بارە ـ مەبەست ئەوە (بەبارە) و نە لە ووشەی (بارین) هاتووە •

١٨ پیق ـ ڕانـە •

(١٩) گۆر ـ گۆرگ •

زمانــەوانی

سەر بەرزی بۆ ئەو سەرئامەدانەی دەستیان دایە لێکۆڵینەوەو دەرخستنی کانو جوانیو یاساکانی زمانی کورد • چونکە ئەو کارە هەر ئەوە نەبوو کە بێتە کۆڵەکەیەك بۆ پاراستنو پاگرتنی زمانەکەمان • بەڵکو بوو بە سەرقافڵە بۆ ڕێ ڕەوو نەوەستانی کاروان •

وا ئێستاش زمانەوانی بەشێکی گرنگ لە کۆششی زاناو خۆ پێوە خەریككەرانی بۆ تەرخانکراوە ، بە دەگمەن گۆڤاری کوردی دەبینی، چەند لاپەڕەی بۆ زمانەوانی تەرخان نەکردبێت• پسپۆڕو زمانەوانی سەر بەزانستیی تازەی کورد ، لە زانستگاکانی ئەوروپاوە هاتوونەوەو هەندێکیان کۆششی سەرکەوتووانەیان پێشکەش کرد • لە ناو نووسەرانی خۆشماندا هەندێك بە کەرەستە خۆماڵیو خودرەستەکەوە بەرهەمیان دەبینرێ •••

ڕەنگە زۆر سەرنج بەرامبەر بە هەردوو ڕیزە زماوانەکانو ئەم بەرهەمو ئەو بەرهەم هەبێت ، بەڵام ئێمە لامان وایە هەر موناقەشەیەك دەربارەی باسەکان خۆیان بکرێن ، هەنگاوێکن بەرەو تەواو کردنی قۆناغو گەیشتنە مەنزڵ •••

هەر لەبەر ئەمە وا نووسەری کوردیش خۆی لەو مەیدانە دوور ناخاتەوە •

نووسەری کورد

فۆنیمەکانی زمانی کوردی

دوکتۆر وریا عومەر ئەمین

بەشی کوردی ـ کۆلێجی پەروەردە ـ زانستگای بەغدا

زانینی دەنگەکانی زمانو لەیەکدانیـان بۆ دروسـت کردنی بڕگـە بەشێکی زانیاریی قسەکەرە دەربارەی زمانی خۆی • گرنگترین لایەن لە زانینی زمانێ زانینی ئـەو سیسـتەمە تایبەتی‌یەیـە کە دەنگ‌و مانا لەیـەك ئەبەسـتێ • گەر زمانێکی بێگانـە ببیسـتی هیچی لێ تێنـاگەیت‌و نازانیت ووشەکانی لە کوێ‌وە دەست پێ‌ئەکەن‌و لە کوێ تەواو ئەبن • چونکە ئەو سیسـتەمە تایبـەتی‌یە نازانیت کـە دەنگەکانی ئەم زمانـە لە ماناکانی‌یـەوە ئەبەستێ • واتا لە هەر زمانێکا ریزە دەنگێکی تایبەتی مانایـەکی تایبـەتی ئەبەخشێت ، گۆڕینێ بەسەر ئەم ریزە دەنگـە بێ ماناشـں ئەگۆڕێ • بـۆ نموونە دوو ریزە دەنگی (بەهار) و (گوڵ) لە زمانی کوردیـدا مانایان جیایە چونکە دەنگەکانیان وەك یەك نین (١) • ئەم دوو ووشەیە دەنگەکانیان بە تەواوی جیان • جووتە ووشەی وا هەیە هەندێ لە دەنگەکانیان یەکن‌و هەندێ جیان وەك لە (هاوین] و (هـەویر) دا ، (هـ) ، (و) و (ی) یەکن‌و ئەوانیتر جیان • جووتە ووشەی واش هەیە تەنها لە تاکـە دەنگێ نەبێ هەموو یەکن وەك لە (پیر) و (بیر) دا • لەم ووشانەی دواییدا ئەبینین گۆڕینی تاکە دەنگێ مانای تەواوی ووشـەکانی گۆڕی • ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کـە (پ) و (ب) لە زمانـی کوردی‌یا دوو نرخـی جیایان هەیە • بەم جۆرە (پ) و (ب) دوو فۆنیمی جیان لە زمانـــی

کوردی‌یا • له (که‌ر) و (که‌ڕ) یا (بریس) و (بڕین)دا (ر) و (ڕ) دوو فۆنیمی جیان چونکه ده‌رکه‌وتیان له هه‌مان بیئه‌دا

مانای جیای به‌خشی به ووشه‌کانا • ئه‌و ووشانه‌ی هه‌موو ده‌نگه‌کانیان وه‌ك یه‌کن ته‌نیا له تاکه ده‌نگێ نه‌بێ و ئه‌م جیایی‌یه له‌م تاکه ده‌نگه مانای جیای به ووشه‌کانا به‌خشی (جووتۆکه)ن

به به‌راوورد کردنی جووتۆکانه فۆنیمه کانی زمان ده‌س نیشان ئه‌کرێت •

له ئه‌نجامی گه‌ڕان به شوێن هه‌موو ئه‌و ووشانه ـ بابڵێین ـ له گه‌ڵ (پیر) و (بیر)ا رێك ئه‌که‌ون ، له زمانی کوردیدا ئه‌م حه‌وت ووشانه‌ی خواره‌وه ده‌س ئه‌که‌ون (به‌پێی کۆشش خۆم) •

بیر – پیر – تیر – شیر – سیر – ژیر – میر

به‌م جۆره توانیمان حه‌وت فۆنیم (ب ، پ ، ت ، ش ، س ، ژ ، م) ده‌س نیشان که‌ین • نه‌بوونی ووشه‌ی تر رێك که‌وێ له گه‌ڵ ئه‌م کۆمه‌ڵه ئه‌وه ناگه‌یه‌نێ که فۆنیمه‌کانی زمانی کوردی هه‌ر ئه‌م حه‌وته‌ن • کۆمه‌ڵێکی تری وه‌کوو ئه‌وانه‌ی خواره‌وه به‌راوورد ئه‌کرێن •

که‌ر ـ که‌ڕ ـ که‌و ـ که‌م ـ که‌س ـ که‌ی ـ که‌ل ـ که‌ف ئه‌م هه‌شت ووشانه که هه‌موو وه‌ك یه‌کن ته‌نیا له ده‌نگی دوایی‌یانا نه‌بێ ، هه‌شت فۆنیم ده‌س نیشان ئه‌که‌ن • (ر ، ڕ ، و ، م ، س ، ی ، ل ، ف) دوانیان (س ، م) له گه‌ڵ کۆمه‌ڵی یه‌که‌ما هاوبه‌شن و شه‌شیان تازه‌ن • ژماره‌ی فۆنیمه‌کان بوو به سیانزه • لیسته‌که‌مان زیاد ئه‌که‌ین به زیاد کردنی کۆمه‌ڵی تری وه‌کو ئه‌وانه‌ی سه‌ره‌وه •• تا ئه‌گه‌ینه ڕاده‌یه‌ك هیچ فۆنیمی تازه نادۆزرێته‌وه ••• وه‌ك ئه‌وه‌ی خواره‌وه •

جووتۆکە	فۆنیمەکان	فۆنیمی تازە
بیر• پیر• سیر• شیر• تیر• ژیر• میر•	ب• پ• س• ش• ت• ژ• م•	ب• پ• س• ش• ت• ژ•
کەر کەڕ کەو کەم کەس کەی کەل کەف	ر• ڕ• و• م• س• ی• ل• ف•	ر• ڕ• و• ی• ل• ف•
پار بار شار کار زار دار هار مار غار	پ• ب• ش• ك• ز• د• هـ• م• غ	ك• ز• د• هـ• غ•
شەو • خەو • کەو • چەو	ش• خ• ك• چ•	خ• چ•
خاو • چاو • داو • ناو • ڕاو • لاو	خ• چ• د• ن• ڕ• ل•	ن•
ڤیان • ژیان • زیان	ڤ• ژ• ز•	ڤ•
حەوت • نەوت • کەوت• خەوت• چەوت	ح• ن• ك• خ• چ•	ح•
چـل • چـڵ	ل• ڵ•	ڵ•
بەش گەش ڕەش لەش شەش کەش	ب• گ• ڕ• ل• ش• ك•	گ
هەزار • هەژار • هەنار	ز• ژ• ن•	—
باش • ماش • جاش	ب• م• ج•	ج•
هەور • چەور • جەور	هـ• چ• ج•	—
ڕەق • ڕەش • ڕەپ • ڕەز	ق• ش• پ• ز•	ق•

جووتۆکە	فۆنیمەکان	فۆنیمی تازە	ژمار
ماچ مان مار ماف ماش ماڵ ماد•مام••مات	چ• ن• ر• ف• ش• ڵ• د• م• ت		
مازی• ماسی•	س• ز•		
دوور • دار • دەر •	وو• ا• ە•		
شێر • شار • شیر	ێ• ا• ی•	وو• ا ـ ٥	
زۆر • زار • زوور •	ۆ• ا• وو•	ێ• ی•	
ژن • ژین • ژان	(ا)• ی• ا•	ۆ•	
کۆن • کـون	ۆ• و•	ا•	
برین • بڕین	ر• ڕ•	و•	
کەڕ• کوڕ• کۆڕ• کڕ	ـە• و• ۆ• ا•	—	
بان • باغ • بار • باڕ • باو • باش •	ن• غ• ر• ڕ• و• ش•	—	
		—	

هەر چەندی کۆمەڵی تر زیاد کەین هیچی تری نوێمان بۆ نادۆزرێتەوە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە (٣٥) ن •

یەکێ لەو گۆڕینانەی بەسەر سیستەمی فۆنۆلۆجیی شێوەی سلێمانی هاتبێ توانەوەی دەنگی (د) یە لە هەندێ بیئەدا • یەکێ لەمانە توانەوەی (د) ی ئامرازی هەمیشەییە •

Daxom ——— Axom

Damxward ——— Amxward

سروشتی ئەلف‌و بێی عەرەبی ئەم (ئـ) یەی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە لە نووسینا •

(دەکەم) ـــ (ەکەم) ، (ە) بە تەنیا ناشێ بنووسرێ‌و کراوە بە (ئـە) •

هەروا دەرنەکەوتنی (ئـ) لە هیچ ووشەیێکی کوردی‌و بوونی بە (ی) لەو ووشانەی لە عەرەبی‌یەوە وەرگیراون ئەیسەلمێنێ کە ئەم (ئـ) یە نیشانە نی‌یە بۆ هیچ دەنگێ‌و ناشێ بخرێتە سیستەمی فۆنۆلۆجی کوردی‌یەوە •

گەلێ ووشەی عەرەبیشن کە دەنگی (ع)ی تیایە لە زمانی کوردی ئیمرومان بەکار ئەهێنرین وەك (لەعنەت) •

(عیسا) ، • • هتد ئەشێ (ع)ش بە فۆنیمێکی کوردی دابنرێت• بەم ـ جۆرە و بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە زمانی کوردی (شێوەی خواروو) (٣٦) فۆنیمی هەیە •

ئاشکرایە کە دەنگی (س) لە ووشەی (سەر و باس)دا جیان

له دەنگی (س) کە لە ووشەی (ساڵ و سەد)دا دەرئەکەوێ • لەم ووشانەی دواییدا دەنگەکە وەك بڵێی شێوەی (ص)ی وەرگرتبێ

سەرەرای ئەم جیاوازی‌یە هەردووکیان سەر بە یەك فۆنیمن و یەك نرخیان هەیە لە سیستەمی فۆنۆلوجی زمانی کوردیدا • چونکە جووتە جووتە ووشەی وا نادۆزرێتەوە لەم زمانە کە ئەم دوو دەنگە جیاوازەی تیا لە هەمان بیئەدا دەرکەوێ‌و دوو مانای جیا ببەخشێ • ئەم دوو دەنگە هەردووك لە زمانی عەرەبیشدا هەن کەچی سەر بە دوو فۆنیمی جیان چونکە دوو نرخی جیایان هەیە لە سیستەمی فۆنۆلوجی‌ی زمانی عەرەبیدا هەردووك لە هەمان بیئەدا دەرئەکەون و مانای جیا ئەبەخشن وەك لە (سارَ - رۆیشت) و (صارَ - بوو) هەردووك لە بیئەی [(••••)ارَ] دەرکەوتن و مانای جیایان بەخشی •

(ر) و (ڕ) لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان چونکە لەم زمانە جووتە ووشەی وا هەیە ئەم دوو دەنگە جیاوازە تیایانا لە هەمان بیئەدا دەرئەکەون و مانای جیا ئەبەخشن وەك لە (برین) و (بڕین) یا (کەر) و (کەڕ)دا لە بیئەی [ب ••• ین] و [کە•••] • ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیشا هەن وەك لە ووشەی (کریم) و (رب)دا دەرئەکەون ، بەڵام لە سیستەمی فۆنۆلوجی‌ی زمانی عەرەبیدا بە یەك فۆنیم ئەژمێرێ چونکە جووتە ووشەی وا نی‌یە لە زمانی عەرەبیدا کە تەمسیلی چەن دەنگێکی جیا ئەکا لە زمانێکی تایبەتیدا واتا هیچ ووشەیێك لە زمانی عەرەبیدا نی‌یە تیایا بە ئاڵ‌و گۆڕ کردنی ئەم دەنگە مانا بگۆڕێ• ئەم دەنگانە شێوەی جیا ئەگرن بە پێی ئەو بیئە جیاوازانەی تیایانا دەرئەکەون • تیایانا دەرکەوتنی ئەم دوو دەنگە جیاوازە لە هەمان بیئەدا دوو مانای جیا ببەخشێ • واتا فۆنیم شتێکی (مجرد) ە

له زانستی زمانا بۆ جیا کردنەوەی ئەم دوو لایەنە نیشانەی فۆنیم ئەخرێتە نێوان دوو هێڵی لارەوەی وەك و نیشای دەنگ ئەخرێتە نێوان دوو کەوانەی وەك [ ] پەیوەندی نێوان دەنگ و فۆنیم لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە •

/ فۆنیم /	‖	[دەنگ]
	‖	[دەنگ]

وەك

/ س /	‖	[س]	[له زمانی کوردیدا]
	‖	[ص]	

ئەلف و بێی هەر زمانێ بە پێی ژمارەی فۆنیمەکانی دەس نیشان ئەکرێن • هەر فۆنیمەی نیشانەیەکی بۆ دائەنرێ کە پێی ئەووترێ (پیت) یا (تیپ)

دیاردەیەکی زمانەوانی

رەئووفی ئەحمەد ئالانی

گۆیندەکانی جارانمان تا ئەنیشکیان نەخستایەتە سەر مشتووی خەنجەر ، لە حەیرانیان ڕانەدەچریکاند ..!!

منیش لەمێژە خووم بە ئەوەوە گرتووە کە بە شتی خۆشکیلەی کوردەواری ، بابەتە زمانیەکان تەڕاو بدەم ؛ چونکە خوێندەوارەکانمان دەست بەرداری ئەم گوتەیە نابن : « زمانەوانی وشکەرۆیە = رەقەنە .. ! ! »

لە بیرمە :

ددانی حەوت ساڵەم کەوتبوو .. ئێمەی بنارنشین هەر بە هەوارگەی خۆمانمان دەنازی . پیرە کوڕەیەکمان رەهندەی شاران بوو بوو ... ساڵانەش سیلەی رەحمی بەجێدەهێنا .. وەك شاری‌یەکان ناسکەڵانە قسەی دەکرد .. وەك ئێمە دەم ددانی لە قسان گیر نەدەکردن .. ! !

بەلامانەوە سەیر بوو کە دەی‌گوت :ــ

« ئیتر خۆم یێم بۆ لاتان .. ئیتر خۆم ئەزانم ... هتد ! ! »

زیاد لە پێویست بێژەی « تر » ئیتر » و « ئە » ی لە باتی « ئیدی » دی » و « دە » ی نیشانەی کار » بەکاردەهێنان ••

تەقڵبازەکانمان ئەوەندەی دیکە » زێدەیان دەمداو ئەم تەوسەیان تێ گرت :

« گوایە ژەمێکیان دایکی » نانو دۆی بۆ دادەنێ ؛ ئەویش لێی زویر دەبێو پێی دەڵێ :ــ ئیتر من نانو ئۆ ناخۆم » •

لە باتی ئەوان گوتەنی بڵێ :ــ

[ئیدی من نانو دۆی ناخۆم] ••• ! !

دەشێ ئەو کابرایە وای لە دڵ گەڕابێ کە بەو جۆرە لاساییە » ئیمتیاز پەیدا دەکاو بە شارستانی حەلێب دەکرێ ••

ئێمەش تەنگەبەرانە حەملابووین ؛ لامان وابوو دەبێ ئەوەی لە کۆخەڵەکانی خۆمان لە دایك بوو بێ » بە مسقاڵ قسەو نەریتی خۆی نەگۆڕێ •• ! !

لە حاڵی حازردا ئەو ڕووداوە ساکارە » لەگەڵ ئێمەی نووسەراندا دەستەو یەخەیە •

زمانی پەسندکراوی نووسینمان » ئەوا هەیەو زادەی کاروانێکی مێژوویییەو بنکەو زەمینەکەشی ئاشکرایە •• ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە بە بێ هەلومەرج هەرچی لە مەڵبەندەکەی سلێمانیدا بگوترێ » لە ڕووی گرامەرەوە یان زاراوەوە » کامڵو تەواوەو کوتومت لاسایی بکرێتەوە • لەلایەکی دیکەشەوە کە دەڵێین : دەوڵەمەندکردنی ئەو شێوە گەشەسەندوە» بە هەموو شێوەکانی دیکە •• مانای ئەوە نییە بە بێ بەرنامەیەکی

زانستانەو پلانێکی ژیرانە ، جەنجاڵو زەبەندی بکەین‌و بیێتـە عەمبـاری پێویست‌و نا پێویست •

لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ گوتارێکم ، کە لە ٢١ ئابی – ٩٧٨ – داو لە ژمارە – ٤٣٨ – ە می ڕۆژنامەی هاوکاریدا بلاوکرایەوە •••

ئەویش بە سەرناوی [تر – و – دی] •

دوو شت پاڵی پێوەنام کە زادەی هەمان نووسین بخەمەوە بەرچاو •• وێڕای ئەوەش کە لە گۆڤاردا باشتر دێ بەدەستەوە :–

١– لە یادمە نووسەرێکی بەخێرو بێرمان ، نووسینەکەمی پەسندکردو

لە بەرهەمەکانیدا – پەیڕەوی کرد •• ئەمەش تەکانێکی دڵسۆزانە بوو••• دوواتر لە زۆر بەرهەمی نووسەرە بەرێزەکاندا ، هەمان پەیڕەوم کەوتەوە بەرچاو ، بەم ڕووداوە کۆڵێك دڵخۆش بووم •• !

٢– بە پێچەوانەوە مامەڵەو سـەودایەکی دیکـە دڵ تەزێنی کردم کـە ئەمەیە :–

تا ڕاددەیەك‌و لەم دوایيـەدا ، نووسـەرەکانی سـەر بە سـلێمانی قەناعەتیان بەوە کرد کە ئەرکی بێژەی « تر » و « دی » وەك یەك نی‌یەو لە نووسیندا ، نابێ هیچیان بچروسێن •

کەچی تازە بە تازە لـە نێـو نووسـەرە بەڕێزەکانی کرمـانجی‌ی ژووروو ••• لە هەرێمی موکری‌و سـۆراندا ، لاسـایی میراتـە وەلا نراوەکەی سلێمانیانە دەکرێتەوە ؟ واتە لە باتی بێژەی (ئیدی ، دیکە) ی لەمەڕ خۆیان بێژەی (ئیتر ، تر) بەکاردەهێنن •• ؟ !

من دڵنیام که ئەو سەودایەیان لە نیاز پاکی‌یەوەیە ، کە باوەڕبوونیانە بە بنکەی زمانی نووسینمان •• بەڵام زۆرینەمان لە چۆنێتی‌ی خەملاندنی زمانی پەسندکراودا ، بە هەڵەدا چووین ؛ کەواتە بۆ ئەم لێ‌کۆڵینەوەیە :

هەندێ ووشەو مۆرفێم بە ناڕەوا دەچروسێنین یان بۆ چەند ئەرکێکی جیاواز ، یەك ووشە بەکاردەهێنین ، لە کاتێکدا کە بۆ هەر ئەرکێك لەوانە ووشەی تایبەتیمان هەیە •

أ ـ ئامرازی « تـر » :

لە سەرتاپای زمانی کوردیدا ، بۆ بەراوردی پلەی ئاوەڵنـاو بەکار دەهێنرێ ، وەك :

« جوان ، جوانتر ـ زۆر ، زۆرتر ••• هتد •• »

لە فارسیدا بە « تەر » دەری دەبڕن ، وەك : « خووب ، خووبتەر ـ ئەڤگەن ، ئەڤگەنتـەر ••• » بـە هەمان ئاهـەنگ لە لقی هەورامیشـدا ، بەکاردەبرێ •

کە بۆ پلەی باڵاش بێ ، پاشکۆ = ملحق ـ ی « ین » وەردەگرێو بە یەکسانی لە هەردوو زمانەکەدا ، وەك : « جـوانتر ـ جـوانترین = خووبتەر ـ خووبتەرین » •

هەمان ئامراز (تر ، ترین) لەو ئەرکە سەرەکی‌یە بەولاوە ، چی دیکەی بخرێتە پاڵ ، بە لادانێکی ناوچەیی دادەنرێ •

ب ـ بێژەی « دی » :

١ـ وەك ئاوەڵکار ، بەگوڕە کە بڵێین : (جارێکی دی) درۆ ناکەین •

٢ـ وەك ئاوەڵناویش بەکاردەهێنرێ ، کە بڵێین : ــ پیاوێکی دی ، پیاوێکی دیکە ڕۆیشت ــ •

٣ـ لە بەرایی‌یەوە ، زیادەی (ئی) وەردەگرێ ، وەك (ئیدی وا ناکەم) ••

٤ـ لە فارسیدا بەرانبەر بە (دی) ی ئێمە بێژەی « دیگەر » باوەو هەمان ئەرکی هەیەو لە ئەرکی « تەر » دابڕاوە ، وەك : مەردێ دیگەر ئامەد •

٥ـ لە موکری‌و سۆرانیدا ، شکانەوەی « دی » بە « دیکە » ڕووداوێکی زەقە ، وەك (جارێکی دیکە ، کیژێکی دیکە) •
دوور نی‌یە کە سواوەی « دیگەر » بێ •

٦ـ ئەم « دیکە » یە ، بە سووك‌کراوی تەشەنەی کردوەو لە زمانی نووسینماندا ئاشکرایەو تەنها (•• کە) ی ماوەتەوە • بە هۆی (ی) ئامرازەوە دەگوترێ :ـ جارێکی کە وا ناکەم • بڕوا ناکەم وا زوو دەست بەرداری ببین •• ئەگەرچی لەگەڵ (ی کە) ی ڕاناوی لێکدەر = اسم موصول ــ دا ئاڵۆزی‌ی پەیدا دەکا ، وەك :ـ ئەوەی کە دام پێت بمدەرەوە ــ •

٧ـ هەمان قاڵبە سواوە ، بە زێدەی « ئی » یەوە بەکاردەهێنرێ ، وەك :ـ ئیکە نازانم چی بکەم ! •

٨ـ لە هەورامیدا بەرانبەر بە ئاوەڵکاری « ئیدی » بێژەی « هەنی » بەکاردەبرێ ، وەك لەم شیعرەی خانادا :

هەنی جە سەوداش ، مەبەر خاتر تەنگ
هەم مگنۆت نەدام ، سەرمدۆ بە سەنگ

ئەنجام :

لە تازە هەوارگەکەی باباندا ، شێوە گەشەسەندوەکەی سلێمانی ــ بە ناوی دەورو بەرەکە ــ مۆرفیمی « دی » سەری تێداچووەو ئەرکە ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاریەکەی چراوەتە ئامرازی « تر » ەوە کە لە خۆیدا بۆ بەراوردی پلەی ئاوەڵناوە • هەر چەندە لە ناوچەکەدا ، بەو هاوبەشی یە ، لە قسەدا باوەو بە هەڵە نازمێردرێ •• بەڵام ــ لە زمانی نووسیندا تووشی دوو زیانی کردوین :

١ــ لادانی « تر » لە ئەرکی سەرەکی خۆیو پاڵدانی ئەرکی ئاوەڵناوێتیو ئاوەڵکارێتی ، سەربارێکی نەگونجاوە بۆ ئامرازو پاشگر •

٢ــ مراندنی ووشەی « دی ، دیکە » کە لە جۆری بزرەناو = اسم مبهم ــ ەو ، ئەرکە تایبەتی یەکەی ئاشکرایە •

ئەوەش « نالی » کە لە تاقە شیعرێکیدا هەریەکەیانی تەرخان کردوە بۆ ئەرکی خۆی :ــ

قەدری من چەندە لە لای دەوڵەتی دنیای دەنی

قەدری ئەو (کەمتر) و هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی

ئا لەم روانگەیەوە ، دەتوانین زمانی نووسین بخەملێنین و دەوڵەمەندی بکەین •• نەك بە حوکمی لاسایی ڕووت یان جڵە بە ووشەو مۆرفیمی بێ سەبارەتانە ، کەڵەکە بکەین ، بە نموونە چ حەوێجەمان بەسەر بەسەرێی (لووت ــ کەپوو ، خودا ــ خولا ، یان ل ماڵ ، جەماڵ ، لەمار ، رێوی ، رێڤی •••• نی یەو نی یە •

ئەم چیرۆکانە •••

پێش بڵاوکردنەوە ، ڕەخنەگرانە ، سەیری ئەم چیرۆکانەمان نەکرد ، بەڵکو ڕۆژنامەنووسانەو نووسەرانە ، نیشانەی بۆ بڵاوکردنەوە شیانمان لای هەموویانەوە دانا •••

ئەم نیشانەیەش بۆ « نووسەری کورد » ، کە دەبێ دەنگ‌و ئاوێنەی ، بیرو پلەو ڕادەی دەربڕینی هەموو نووسەرانی کورد بێت ، دیارە مەزندەی فۆڕم‌و ناوەڕۆک‌و زمان‌و بیری خستۆتەکارو لە چوارچێوە فراوانەکەی یەکێتیی نووسەرانی کوردو گۆڤارەکەیدا جێی بۆ هەمووی کردۆتەوە •

هەر ڕەخنەیەکیش لە ڕووی هونەرو تواناوە یەکێک لەم لایەنانە بگرێتەوەو خۆی لە بریندارکردنی نووسەر بە دوور بگرێت ، ئەوا جێگەی لەسەر لاپەڕەی نووسەری کورد دایە •••

ئەمانە چەند مشتێکن لە خەرمانی چیرۆکی ئێستامان‌و زۆر لایەنی دەردەخەن• چاوەڕێی لێکدانەوەو ڕەخنەین•

« نووسەری کورد »

بەیتی ئاگر

چیرۆکە شیعر بۆ نەورۆز

ـــ سالْ نی‌یە ، پەل‌وپۆی ، درەختی گڕ گرتوو
چراخان لە کەژوو دەربەندا هەڵنەکا .
سالْ نی‌یە ئەو گڕە چیرۆکێ بۆ عەشقی
کاوەیەك نەنووسێو
بۆ مەرگی زوحاکێ
دۆزەخێ دانەخا .

سالْ نی‌یە .. ئەو گڕە مالْ بە مالْ نەگەڕێو
دەستی یاد بە سەری ،
نەورۆزدا نەهێنێ .

سالْ نی‌یە .. پشکۆی ئەو .. ئەژدیها کوێر نەکاو ،
تاریکی ڕاونەنێ .

ئەم « بەیت »ی ئاگرە ، پشتاو پشت ،
دەماو دەم هاتووە

هەر جارەی بە ئێسکێ ،
کوڕێك‌و کچێکی « ئاسنگەر »

بڵێسەی خۆش بووە
دە ئێستەش گوێ بگرە
بۆ بەیتێك لەم بەیتی دێرینی ئاگرە :

× × ×

سەردەمێك بوو
دنیای تاریك نووتەك
وەك ئەشكەوتی
قووڵو نسرمی بەسام
چۆکی ڕەشی دادابووەسەر :
گوند و شارو
ڕەزو دێبەرو شەقام ..
گوڵە گەنمی چاو بە سەوزیی هەڵكۆڵراو
كوژراوی ناو برسێتیو قاتو قڕ بوو
ماڵی هەژار
لە خەم سیخناخ
كوانووی هەژار
بێ پشكۆو ساردو سڕ بوو
هەر دەستەیەك .. لە دابەستەی ئەستەمووڵ كۆشكیان
پڕو .. ورگیان پڕو ،
بە دەماغ .
ناوماڵیان ڕۆشتەو پەرداخ .
ئەو سەردەمە .. نەهەنگەكان
نەهەنگی والیو سوڵتان

بەر سەرچاوەو •• بەر ڕووباری ،
ئاوی ژینی کوردستانیان گرتبوو
ژەندرمەکان : مۆتەکەی ترس
سواری سنگ‌و سواری دەنگ‌و ••
دەس بە نێزە سەر شەقام‌و
ناو کۆڵانیان گرتبوو
ئەوەی دەنگی لەبەردەمی
ژەندرمەدا هەڵبڕیایە
ئەوەی لە سەگی سوڵتانیش یاخی‌بوایە
ئەوەی دەستی بۆ خەنجەری ،
بەر پشتێنی بېردایە ••
زوو لە چینی ناو دیواریان گرتبوو •

× × ×

ئەو دەمە ، زستانێ ، شەوێکیان
وەیشوومەو بەفران‌بار
زریانی بە لوورە ئاسمانی تاریکی ،
اوول‌ئەداو لە گفەی پڕتاوی
مێگەلی پەڵە هەور
ئەترساو ڕای ئەکرد
بەرەو ژوور بەرەو خوار
سەری خۆی هەڵئەگرت •
وژەی نـاو دارستان
ڕێ‌ی‌و بانی چۆڵ‌و هۆڵ

کەناری زێی هەڵچوو
لێشاوی ملگرتوو
بەرەو ناو شیوو دۆڵ
خەرەندی بە هاژەو تووڕە بووی
کەف کردووی بێسەرەوت :
زریکەو هاواری سروشتی
ترساو بوون
ئەو شەوە ٠ « ڕەواندز » :
ژنێکی غەمگین بوو
لە نوێنی شەختەدا نووستبوو
ئەو شەوە ٠٠ لە ژووری ماڵێکی
قوڕینی بنمیچو گوێسوانە نزمدا
قوتیلکەی بە دووکەڵ ،
تەواو ڕەش ٠٠ داگەڕاو ،
ئەسووتاو شەوقێکی زەردباوی
ئەدا لە : ڕوخساری غەمگینی
دووبرا : « پیربالو کاکە لاو »
دوو برای وەرزێری پێستی لەش
وەك بەڕووی ناو ئاگر هەڵقرچاو
دوو برای بەرچاو ڕوون ،
کاغـەز نووس بە حەرفی حوجرەکەی
لای ٠٠ مەلا ٠
دوو برای داخ لە دڵ
بۆ تۆڵەی باوکێکی بە دەستی ،

ژەندرمە تا سێ ڕۆژ ،
لەچەقی مەیداندا
سەرەو خوار •• هەڵواسرو •
ئەو شەوە •• جووت برا
بەڵێن‌و بڕیاری
دوو کاری زۆر گەورەو ،
سامناکیان بە یەکدا :

× × ×

ـ مانگێکی‌تر ، زستان وەکوو ، پیرەمێردێ
دەم‌و دانی ئەکەوێت‌و ••
سەری لە گوێ قەبر ئەلەرزێ
مانگێکی‌تر سەرما ئەمرێ
گوڵی کێویی
بە لاسکی پەنجە سەوزەکەی
بەفر لەسەر خۆی لا ئەداو ،
دوورو نزیك
چاو لە شوانی گونددا ئەگرێ
بەهار دێت‌و لە دەرگای :
حەوشەمان ئەداو ،
ئەگری‌و ئەڵێ :
کێ بێ گڕی کوژاوەی چاوەکانی من
هەڵکاتەوەو تا سەر لووتکە دەسم بگرێ ؟ !
کێ بێ نەورۆزی زیندانیم ،

ئازاد بکاو ،
بە دەنگی بەرز
لاوکی سوورم بۆ بڵێ ؟
ئەی گڕی جەژنە سەوزەکەم
بەڵێن ئەدەم من ئەو کەسەم
مانگێکیتر لەسەر بانیژەی ماڵەکەم
ئەتکەمەوەو لەبەر چاوی :
زەندرمەکان
کڵپەت ئەگەیێنمە ئاسمان .
ـ یاخیبوونە لە تاریکیی
خەنجەر کالان بەجێ دێڵێ
شەختەی بێ دەنگیی ئەشکێنم
ئەو وەختەی تۆ
ئاگر ئەکەیت بە گڕ شەوا
منیش ئەچم .. بێترس ئەچم
لەسەر قەدە ئەستوورەکەی
سوورە چناری گۆڕەپان
بە کوێرە خەتی ـ دەس خەتم ـ
بە گەورەیی تاوی ـ کاوە ـ و
وێنەی چەکوشەکەی دەستی
ئەنەخشێنم
دەورو بەری سوورە چنار
وەك ڕۆژ ڕووناك ئەکەمەوە
بە هاواری کاوەو نەورۆز

ئەم سەر هەتا ئەو سەری شار
ئەخرۆشێنم •

× × ×

ئەو مانگە تێپەڕی‌و زستان مرد
دووبرای دەروون‌پڕ
لەسەر تێز چاوەڕوان
گفتاریان شەقاوی هەڵهێنا :
بۆ بڕیار ئەنجام‌دان •
ئەو ساتەی •• زەردە پەڕ ،
لە هەوری مەیلەو ئاڵ
کەژاوەی ئێوارەی بۆ جوانی‌ی
کرد بە ماڵ •
ئەو ساتەی ناو باخ‌و بێشەڵان
بە دوا تیشك ،
سەرلق‌و گەڵایان هەزاران ڕەنگی‌گرت
ئەو ساتەی •• ئاوێنەی ڕووباری
لە دوور دیار
بریقەی بە شەوقی ڕێك ئەیدا
لە چاوی بن‌بنار
ئەو ساتە •• کاکە لاو
لە حەوشەو لە هەیوان
لە چیلکەو چەوێڵ‌و برەدار چی هەبوو ،
بە باوەش سەری خست بۆ سەربان

لیژنەدار لەسەریەك
ئەوەندەی باڵای خۆی
کۆمەڵ بوو ..
بۆ ئاگر تێبەردان بنەوەی پووشوو بوو
لەسەر چۆك دانیشتو ،
پزیزکی « بەردەستێ »
پووشووی گرت
تەنێوە .. تەنێوە .. تا سەرێ
بڵێسەی بە لرفەو بە شڵاو
چناری ئاگر بوو
تا ئەهات بەرەو ژوور ،
هەڵ ئەچوو .
خرۆشا ناو شاروو ..
هەر ، سەربوو .
لە دەرگاو پەنجەرەی ماڵەوە ..
هاتنەدەر .. دەنگە دەنگ
چی ڕویدا ؟ چی قەوما ؟
شڵەقا گۆمی مەنگ
وەك لاو لاو
ئاگری نەورۆزی کاکەلاو
لە شاردا دۆست نەما سەرنجی ،
لە باڵای نەئاڵێ
وەك پشکۆش
دڵێکی ڕەش نەما

بە چزەی ئازاری ،
تا سەر ئێسك كونكەری ،
تل نەداو نەناڵێ •

× × ×

لەولاش پیربال وەك سمۆرە
بە قەدی لووسی چناردا هەڵگەڕابوو
لەسەر لقێكی دوو فاقە هەڵكورمابوو
بە كوێرە خەتی ـ حوجرەی كۆن ـ
بە حەرفی گەورەی خواروخێچ
نووسی‌ی : كاوە
نووسی‌ی : نەورۆز
لە پاڵیدا وێنەی چەكوشێكی كێشا
بە دیمەن ئێجگار ناقۆڵا
بۆ كوێرە خەت بوو بە ئاڵا ••
كە هاتە خوار •• ئەمیش لەسەر :
سەكۆ گەورەكەی گۆرەپان
بەرامبەری باڵەخانەی تەختە بەندی
جێ گرەكەی والی‌و سوڵتان
داروباری كۆكردەوە
ئاگرێكی وەك ئاگرەكەی
كاكەلاوی لێ كردەوە
كاتێ بەدەم كزەی باوە
كە شەوقی ئاڵی كڵپەدار

ئەیدا لە باڵای بزورگی سوورە چنار
ناوی نەورۆز •• ناوی کاوە
وەك مانگی ناو پەڵە هەور
جارە ناجار ••
ون ئەبوون و دەرئەکەوتن
بەسەر پەیژەی بڵێسەدا
بۆ کوشتنی تاریکە شەو سەرئەکەوتن •

× × ×

شار ڕاچڵەکی
کۆڵان •• کۆڵان •• گەڕەك •• گەڕەك
دەرگای حەوشەی خڕ داخراو
کەوتنە سەرپشت
هاتنە دەرێ وردو درشت
وەك گۆمی مەنگ
خەڵکێکی زۆری حەپەساو
لە دەوری ماڵی کاکەلاو
لە دەوری سوورە چنارو ،
سەکۆی گەورە
ئەڵقەیان بەست •• خڕبوونەوە
چاوێکیان کرد بە چوار چاوو
ورد بوونەوە ••
هەر سەربوو ئەنرا بەسەری
تەنیشتەوە ••

چرپەی پەنا گوێی نەهێنێ‌ی
سەر سوورهێنەر
لەم پەڕەوە هەتا ئەو پەڕ
یەکە ‥ یەکە ‥ ئەڕۆیشت‌و ‥
ئەگەیشتەوە ‥
دوو ئاگرەکەی
جووتە برا
لە ژووری دڵی تاریکی
ئەو خەڵکەدا
بوون بە چرا

× × ×

ئەم هەواڵە گڕ گرتووە
وەختێ فڕی‌و خۆی کرد بە ناو
سەراو قشڵەی زەندرمەدا ․
ڕاڕەوو داڵانی تاق ، تاق …
دوورو درێژ
پێکدا ئەهات ‥ جمەی ئەهات
تەقەی پاژنەی خێرای پۆستاڵ ،
بن بزمار ڕێژ
جیرە جیڕی دەرگای ژوورو
قرەقرە ‥ کۆکە کۆکو ‥
بانگ‌کردن‌و « جنێودانی »
کوردی‌و تورکی‌و ‥
شڵەژان‌و سەرسم‌دان‌و ژاوە ژاویان

لە گێژەنی ترس و بیمدا
بۆ خوێنڕشتن
پەنگی ڕقیان ئەخواردەوە

× × ×

لە بنەبانی دالآنی سەرەوەشدا
لە ژوورێکی فراوانی بن‌میچ بەرزی ؟
پڕ قەنەفەو پڕ فەرشدا
لەسەر کورسیەکی کەتەی ،
پاڵ‌پشت و دەسك نەرمدا ..
ڕوو لە پەنجەرەی بە پەردەی ،
ئەتڵەسی سەوز داپۆشراو
نزیك کوورەی ناو دیواری
بەحاڵ گڕ لە پشکۆ هەستاو ..
جێگرەکەی والی و سوڵتان
پەپاغ لەسەر
برۆ پڕی .. لچ ئەستووری ..
دان ئاڵتوونی .. ڕوخسار ترشاو ..
دانیشتبوو .
لە ناوەڕاستی ژووریشدا
سەرەك ژەندرمەی ورگ زل
چوارپەل قەوی .. کەللە بەران
ڕاوەستابوو ..
نقەو هەناسەی لە سنگی ،

خۆی بڕیبوو
گوێی بۆ فەرمانی سەرکردەی
دەم کەف کردوو
ڕاگرتبوو :
— تۆ پێم بڵێ لە کەیەوە
بۆرە پیاوی ئەم شارە
وایان لێ هات لە فەرمانی
« بابی عالی » یاخی بن ؟ !
چۆن توانیان •• چۆن ئەوێرن
وا بێباك ••
دەست بۆ مشتوی
خەنجەری تۆڵە بەرن ؟
ئەی ئێوە چین ••
بەردن •• دارن ••
بتن •• کەرن •• بارگیرن ؟!
ئەوەتا وا ئاگرپەرست
نەوەی شەیتان •• دز •• جەردە
بە ئاشکرا بەر دەروازەو ،
ڕێی سەرامان پێ ئەگرن !
ئاگرو دووکەڵ ئەکەن بە گژ
پەڕەو حەرفی قورئاندا
شیر هەڵ ئەبڕن
لە ڕووی پایەو ••
تەختو بەختی سوڵتاندا !

گوێم لێ‌بگره ! تا چوار مێخه‌ی
ئاگر په‌رست نه‌کێشن
من نامه‌وێ جارێکی تر
دوورو نزیك بمبینن ! !

× × ×

هه‌ر ئه‌و شه‌وه ژه‌ندرمه‌کان
وه‌کوو کولله ، وه‌ك واشه
دوو دوو .. سێ سێ
ده‌س به سوونگی ، به پڕتاو
ڕژانه ناو گۆڕه‌پان‌و سه‌ر شه‌قام
ڕێگه‌ی پردوو باخ‌و چه‌م‌و
ده‌وری شارو قوتکه‌ی به‌رزو
باڵیان گرت ..
هه‌ر ئه‌و شه‌وه .. هێشتا گڕی
ئاگره‌که‌ی جووت برا
له سه‌ربان‌و گۆڕه‌پاندا ئه‌سووتا
که گه‌یشتن فێ گرتوانه ،
شێت‌و هـار
به پێ‌له‌قه .. به سه‌تڵه‌ئاو ..
گڕی ئاگرو .. بڵێسه‌یان
ته‌واو دامرکانده‌وه ..
به‌ده‌م نووکه شه‌قی قین‌و ..
بوغزو .. جنێودانه‌وه

پەرش‌و بڵاو ••
سەرە بزوتك •• کەڵە پشکۆ
لەجێی کڵپە •• دووکەڵی ڕەش
پێچاو پێــچ • !
سەری خەم‌و نوشوستی خۆی
هەڵ ئەگرت ••
دەنگ‌و باسی دوو ئاگرەکەو
جووت برای
بۆ هەوری سەر ئاسۆی دوورو
بە هەواری کۆچەرەکان ••
ئەگەیاند
هەر ئەو شەوە •• لە پشتەوە
باڵی جووت برا ••بەستران
بە دەم زرمەی شەق‌و دۆنکی‌و ••
تێــلاوە ••
لەش خوێناویی بۆ زیندانی ،
شەوە زەنگ بران •
بە فرمانی پەیاغ لەسەر
جاڕی‌ئەدا :
ماڵی پیربال‌و کاکەلاو لەگەڵ ئەرزا تەخت‌کرا •
شوێنەواریان کرد بە کولانە بۆ سەگ‌و
توولەو تانجی ماڵی پاشا
هەر ئەو شەوە •• بەتەوورداس
کەوتنە وێزەی سوورە چنار

لە ڕەگەوە دەریان کێشا
لەت لەتیان کرد
کۆمەڵ • • کۆمەڵ
بە شان بردیـان
بۆ دارەڕای تەویلەی نوێی
قشڵەو سەرا
هەر ئەو شەوە درەنگانێ
بە فرمانی پەپاغ لەسەر
جارچی پەپو هاتەوە دەر
ئەمجارەیان جاڕێکی‌دا
چزەو کسپەی لە دەروونی
عاشقانی ئاگر هەستان
کە ئەیقیڕان :
جووتە برا • •
لە دار دران !

× × ×

بەیانی کە شاری گریاوی
قڕ ئاڵۆز • •
ئەستێرکی خوێنینی ••
چاوانی هەڵهێنا
دوو سەری ،
بڕڕاوی خۆی بینی •
بەیانی کە هەتاو ڕێی کەوتە

ناو شارو
چووه سەر سەکۆکەی گۆڕەپان
لە ناکاو کەوت بەسەر ،
دوو لاشەی عاشقی پرشنگیاو ،
زۆر گریا !
ئەوەتا وا ئیستە
بە دەرگای سەراوە
پیربالو کاکەلاو
دوو جەستەو دوو لاشەی
ساردوسڕ چون بەفرن
بەڵام بۆ جەژنەکەی دڵداران
دوو گیانی سەوزنو
دوو هەڵۆی ئاگرن •
ئەوەتا وا ئیستە شەماڵێ هەڵیکرد
بە پەنجە ئەسپایی
کاکۆڵیان لا ئەداو ••
تەوێڵیان ماچ ئەکا
ئەوەتا بە چرپە بۆ گەڵای درەختو
بۆ مەلو بۆ شەپۆل
مەرگی سوور باس ئەکا
ئەپرواتو سەر ئەکا بە هۆبەی
ڕەوەندا ••
ئاگریان خۆش ئەکاو هەواڵی
شارەکەی دوو برای ،

نەورۆزیان پێ ئەڵێ ••
ئەڕوات و جار جارە چناریێ
ڕای ئەگرێ ••
شەماڵەو ئەم بۆنی کاکۆڵی ،
ئەوانی لێوە دێ
ئەوەتا وا ئیستە هەورێکی
زۆر چڕی هێناوە
ئەم هەورە •• لە دوور ڕا
هاتووەو ماندووە ••
ئەم هەورە •• گینگڵی
ژانێکی بە تاوە ••
ئەم هەورە •• لە گڕی ئاگرەکەی
جووت برا •• کەوتەوە
لەو •• ساوە
هاتوەو بۆ دواجار برایان ببینێ
هاتوەو بۆ دواجار دەمی عەشق ،
بنێتە ناو دەمیان
ئەوەتا وا شوانی نوقم بووی ،
تا ئەژنۆ لە گیادا
بەرەو ژووور ئەڕوات و
قۆڵ کردوو بە قەفی
گۆچانی سەر شاندا ••
هەنگاوی خەماویی
وەردی تەڕ ئەشێلێ

ئەو ئەڕواو پەڵکە گیای بەرباران ،
لاسك جیڕ ، دێتەوە شوێنی خۆی ،
بێ ئەوەی نیشانەی ڕێگەیەك جێبێڵێ •
ئەوەتا ورد ئەڕواو
گۆرانیی بارانە بۆ کۆچی سوور ئەڵێ :
« باران بارانە ، هۆرەی بارانە
هۆرە بۆ کۆچی سووری یارانە
باران بارانە شەستە بارانە
چاوی ئەو کەژە زنەی گریانە
باران بارانە ڕیز بەڕیزە
ئەوەتا چاومان وا لە ئازیزە
باران بارانە نەرمە بارانە
کۆچی بێوادەی سووری یارانە »

× × ×

ڕۆژ هاتو چوو
کارەساتی جەژنی کوژران
سیمای پیربالو کاکەلاو
ون نە ئەبوون لە خەیاڵداو ••
جێیان نەهێشت سۆمایی چاو
لەناو ژووردا
لە هەیوانو لە حەوشەدا
ئەبینران ئەهاتن ئەچوون •
لە کێڵگەدا

تۆویان ئەچاند ••
ئاوی جۆگەیان هەڵ ئەگرت
لەگەڵ منداڵیٚ گەڕەکدا ••
ڕایان ئەکرد •• بازیان ئەدا •• پیٚ ئەکەنین •
شەوی هاوین
لە نیٚو پەڵو نیٚوان گەڵای درەختەوە
مانگ •• دەمو چاوی ئەوان بوو
لیٚو بە خەندە •• دەرئەکەوتن •
شەوی پاییزیش •• لە خەونی
ئاشناو ڕۆشناو هاوڕیٚدا
گەلیٚ جار ئەبوون **بە دوو مەل :**
باڵیـان سوورو
بەرسنگ سەوزو
لەسەر بەفری دوورە لووتکەی ،
بەر زەردەپەڕ •• هەڵئەنیشتن •

× × ×

ئەگەرچی ئەو ساڵە
هەڕەشەی ئاگرو ئاسنی زەندرمە :
بە پەتو میٚخ کیٚشان
بە زمان لە بندا بڕینو ••
بە سونگیو بە قەمە
مۆتەکەی ژیانی سەرسنگی
خەڵکی بوون ••

تاقیبی بەردەوام ..
چیتان‌کرد ؟ لە کوێ بوون ؟!
بۆچی چوون ؟
ئەگەرچی هەندێ کەس ..
بۆ پاشا بوون بە ورچ ،
بە مەیمون .. بە سەگی چوار چاوو
لە شەودا .. خۆیان‌کرد ..
بە خێوو .. جنۆکە .. بە درنج
بەڵام ڕێی هەتاوی
پیربالْو کاکە لاو ..
ئەو زەنگەی پار نەورۆز ،
لێیان‌دا .
تاریکیی نەیوانی قووتی‌داو ،
هەڕەشە نەیتوانی کپی کا !

× × ×

بەرداشی ساڵ سووڕا
وا نەورۆز خەریکە جارێ‌تر
سەربات‌و بێتەوە
نزیکە .. کراسی گوڵاڵە لەبەرکا
نزیکە .. دەسماڵی وەنەوشە ،
بەشانیا بدات‌و
کڵاوی نێرگزو گەزیزە ،
لەسەرکا . .

نزیکەو بە سەردان
جووت برا دێنەوە
ماڵ بە ماڵ ئەگەڕێن تا جەژن ،
ئەڕوات‌و ئەو ساکە ،
ناوەستن •• ئەچنەوە !

× × ×

بە دوو ڕۆژ پێش ئەوەی
کە نەورۆز بێتەوە ••
لەشاردا •• ماڵەو ماڵ ••
بانگێکی نەهێنیی •• دەماغ‌و
دەمامك •• هەڵبەستوو •• ئەگەڕا
بانگ وەکوو هەرێزو پەڵەهەور
تەنیوە ••
بانگ ئەی‌وت :
بۆ ئەوەی کە نەورۆز
بڵێسەی بەرزتر بێتەوەو •• نەکوژرێ
با چاوگی ئەو گڕە « بیرمان » بێ
بۆ ئەوەی درەختێ کە ناوی کاوەیێ
لەسەر بێ‌و بمێنێ •• با ڕەگی ئەو دارە
بنج بەستی •• دڵمان بێ ••
بۆ ئەوەی •• کە گیانی پیربال‌و کاکەلاو
شادبکەین
با هەموو •• هەر هەموو

ببینە هەزاران پیربان‌و تا ئەلاو

تا بچین بە باوەش :

هەتاوو نان‌و گوڵ بێنین‌و

بینەین بە ؟ هەژاری ڕەنج‌خوراو •

× × ×

کەژاوەی ئێوارەی نەورۆزی

سەوز هـات

هێشتا خۆر چەند ڕمێ

بەرزتر لە کەنار خۆرنشین ،

وەك دەمی تەندورێ ئەسووتا

شار کڕبوو • بێ دەنگیی گۆمێك بوو

زۆر سامناك

هەر کە خۆر یەك دوو ڕم

چووە خوار

ئەنگۆرە دەرکەوت‌و تاریکیی ،

حوچێبوو بازی‌داو بە گوڕ هات •

ئەو ساتە بێ دەنگیی تەقیوە ••

لەناکاو •• لە جیاتی دوو ئاگر

هەزاران ئەستێرەی ئاگرو ،

مانگ لەسەر ، سەربانی

شار هەڵهات ••

بانیژەی ماڵ نەما ..

هەورەبان .. سەرقەڵا .. سەرگومەز

گۆڕەپان .. ناوکۆڵان .. گردەکەی سەرقەبران ،

قوتکەکان .. نزمو بەرز ...

شوێن نەما ..

کە کڵپەی ئەم ئاگرە پیرۆزە

بۆی نەبێ .. بە مەشخەڵ

بۆی نەبێ .. بە چرا

لە شاردا .. قەدێکی درەختو دار نەما

گەورە بێ .. یان پچووك

باریك بێ .. یان ئەستوور

چنارو .. دارەبەن .. دار بەڕوو

دار مازوو

شۆڕەبی .. گوێزو توو ..

بە نووسین .. یان وەکوو نیشانە

بۆ کاوە .. بۆ نەورۆز

نەبێ بەو مژدەیەی

پێش وەخت نێرگزی

ئەم ڕۆژەی میوانە !

جا ئیتر .. پاشاو بەگ

ژەندرمە .. چیئەکەن ؟ کێ ئەگرن ؟

چەند درەخت لە بندا هەڵکەنن ؟
ئەوەتا وا لە پاڵ هەزاران ئاگردا
هەزاران پیربال و کاکەلاو
ئەو ئاگری نەورۆزە خۆش ئەکا •

★ ئەم قەسیدەیە لە ژمارە (٥٧٩)ی ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارەی تایبەتی نەورۆزی ١٩٨١دا بە ناتەواوی بڵاوکرایەوە وا ئەمجارە دەقی تەواوی ئەخەمەوە پێش چاوی خوێنەران •

ش • ب

بەیتا کەوا *

عبدالرحمن مزوری

پیرەکێ کاڵ
بو زاروکێن خو ڤەدگێرِا :
ـــ دیسا بەفرێ ،
خەرزێ خو کێشابو واری
ئەسمانی شینیا خو هاڤێت ..
خو گوهورِی ،
ترش‌و تاری
بـاری .. بەفر
بەفــر .. بـاری
نەبن بەرمان ، نە کەوچەرین
بە تەن‌و مــل
تەڤ چیاڵو ئاڤارو گــل
.. بەفرێ هونین
نێچیرڤانان ..
وەســا زانــی ،
بو وان دەلیڤەکا تــەرِە

★ ژ دەستویری‌یا هۆزانڤانێ مەزن بــەکر بــەگێ ئــەرزی کو بەیتەکا بهەمان ناڤونیشانێ هەی .

ع . م

تەپکێ کوولان
داڤو بەندك بەلاڤکرن ،
• • چاندن لدوولان
دبێژن بابو :
ئەوێ سالێ
کەو نەڕابون •• مشەخت نەبون
پێگڤە هەمیا ،
چەپەر ڤەدان
بەربێکێن خو ،
• • کوك گرێدان
چ بەفرا کەت • •
ئەوان قوتا
چ شیرێ هات • •
کرنە دوتا
سال هەر زڤڕاند ،
• • کرە بهار
نێچیرڤانێن مە ڤەگەڕیان ،
دەست ڤالاو سار
دبێژن بابو :
ژوێ سالێ وەر
نێچیرڤانێن مە ،
دڕوی ڕەشن ، دڕوی تەنینە
کەوا ژی دبەفرێرا گەرمەو • •
هەر دقەبینە !

چوار پارچە شیعر

حەمە سەعید حەسەن

١ ـ بانگەوازێك

ئەگەر شیعرێ رەنگی گەشی
گوڵاڵە سوورەی کوێستانی نەگرتبوو
بۆنی خۆڵی پاش بارانی نیشتمانی نەگرتبوو
ئەگەر شیعرێ رەنگدانەوەی
خەم‌و خواستی ، ناخی گەشی رەنجدەر نەبوو
دەنگدانەوەی سروودی هەموو گەلێکی
سەرسەخت‌و کۆڵنەدەر نەبوو
ئەگەر شیعرێ لە کارگەی گەورەی شۆڕشی
زەحمەتکێشانی جیهانا
ئامێرێکی هەرگیز رانەوەستاو نەبوو
لەبەردەم رەوتی مێژووا
چرایەکی هەمیشە داگیرساو نەبوو
گوێی لێمەگرن
گوێی لێمەگرن نازانم بۆ
گوێ بۆ شیعری قزم‌و ترسنۆك شل‌ئەکەن

نازانم بۆ شاعیرەکەی نادەنەبەر
توێکڵە شووتی‌و هێلکەی بۆگەن

× × ×

٢ ـ چارەنووس

ئەوی رۆژێ گوڵێ ئەدا لە بەرۆکی زۆرداریٚ
ئەبێتە هۆی شکاندنی شووشەی دڵی دڵداریٚ
بەربەستێکی بۆ بەردەمی رەوتی گورجی رووباریٚ
بارانێکە بەسەر کێڵگەی میرا نەبێ ناباریٚ
وەکو کوللە بەر ئەبێتە گیانی دەغڵی جوتیاریٚ
سەنگەری بەرامبەر ئەگرێ لە سەنگەری هەژاریٚ
ئەبێتە چاوی سیخوڕو پردیشە بۆ نەیاریٚ
لە سەرەنوێلکی مێژووا شاد ئەبێ بە کەناریٚ

× × ×

٣ ـ مێژوو دڵی وەك بەرد وایە

ئەو کاسکێتەی نەبۆتە چەتری سەرێکی
وەکو سەری ئەوی وتی :
(چاوەڕوانی سنووقی هەڵبژاردن‌و دەنگ‌دان مەبن
تەنیا بۆ هێز گەردنی کەچ ئەکا دوژمن ٠)
ئەو کاسکێتە وەکو جووتێ پێڵاوی کۆن
لە زبڵ‌خانەی مێژووا
جێگە بۆ خۆی ئەکاتەوە
مێژوو دڵی وەك بەرد وایە

بە چاوی پڕ لە سۆزەوە ئاوڕ لە کەس ناداتەوە
شوێن چی کەوتوون !
ئەی نابینن هەواری ئێوە کام دۆڵەو هەواری ئەو
لە کامە دۆڵی ترایە !
نازانم چۆن لە سێبەری درەختێکا ئارام ئەگرن
نە رەگی بە کێڵگەی دڵی فراوانو
نەلقی بە مەلی هیوای ئایندەتان ئاشنایە
(ئەو دیوارەش کارتۆنی‌یەو یەکەمین پاڵ هەرەس دێنێ)
ئەوی داوای یەکەمین پاڵی لێ‌کردن
کە ـ گابۆن ـ یش پێشەنگتان بوو
پشتی گرتن
ئەوی شنەی کامەرانی بە گوێی ناخما ئەچرپێنێ
ئەمجارەیان خۆتان پێشەنگی خۆتانن
ئەمجارەیان گابۆنو قەیسەر ئەناسن
ئەمجارەیان لە ژێر پاژنە ئاسنینەکانی ئێوەدا
سنوور کۆنە قەوانێکە ،
هەر پارچەی ئەگاتە شوێنێ
ئەمجارەیان راکشاوەکەی گۆڕستانی ـ هایگێت ـ ی کپ
مەزارەکەی جێ‌ئەهێڵێو
چۆڕ لە پێکی شادی ئەبڕێو
سەما ئەکاو
دەستی لە گەردنی یارە دێرینەکەی دەئاڵێنێ ..

× × ×

٤ ـ شەپۆلی شەقام

(بۆ ڕاپەڕینەکەی بەری ڕۆژئاواو شارانی تری فەلەستینی داگیرکراوو هەموو هەژاران ...)

لە وشکە کەڵەکی تەختی
سوڵتانی گەورەو بچووکا
لاشەی هەزاران چەوساوە ، هەڵچنراوە
هۆلاکۆ بەسەر زیندووە
جەنگیزخان گەڕاوەتەوە
هیتلەر ماوە
کەچی ئێستاش
کارگە گەردی گۆڕستانی لێنیشتووە
شەقام بۆنی خوێنی مەییوی گرتووە
هەژارینە :
کەی دەروونی ئاگراویتان دێتە کوڵ
کەی هەوری هەناسەی ئێوە ئەگرمێنێ
کەی پەڵەی بارانی ئێوە
خەنەی خوێن بۆ ،
دەستەو پەنجەی بووکی وەرزێکی نوێ دێنێ
هەژارینە :
کەی دەست ئەدەنە قامچی ڕق ؟
کەی ئەسپی غەزەبی ئێوە ئەحیلێنێ ؟
ئەسپێ ئێوە تاوی نەدەن
زین بە خۆیەوە ناهێڵێ ،
دەمی شل ناکا بۆ لغاو

سوار ئەگلێنێ ،
هەر کاروانێ پێشەنگەکەی ئێوە نەبن
ناگاتە جێ
هەر کانیاوێ ئێوە جۆگەی لێ هەڵنەگرن
ناگاتە دێ
هەژارینــە
ئەوی رێبواری کاروانی ئێوە نەبێ ، تاوانبارە
ئێوەی پشکۆی ئاگردانی ئێوە نەبێ ، تاوانبارە
کە لە رووباری شەقاما شەپۆل ئەدەن
ئەوی دۆستی شەقام نەبێ ، تاوانبارە
کە لافاوتان روو ئەکاتە کۆشکی نەوەکانی نیرۆن
ئەوی هەوێنی شالاوی بەسام نەبێ ، تاوانبارە

ســترانو بەفــرو ئاگر

موئەیەد طەیب

پێشەکی یەك ••

گوتن « هەی هۆ

رۆژا چەکوچێ کاوەی چوو

ناهێتەڤە

ل وەلاتەکی ئەژدەهایەکێ بتنێ هەبوو

هەتا سەرو تاج لێ هاتینە هەرشین

هزار سەر هاتنە برین

نها ••• نهۆ

ل هەر شارەکی •••

لهەر گوندەکی

ئەژدەهایەك یێ دخوریتن »

لێ نەگوتن « لهەر شارەکی •••

لهەر گوندەکی

بهزارا رێنجبەرو جوتیارو پالەنە

هەمی جوتیارو پالەژی •••

ئەڤرو چەکوچو کاوەنە » ./

-١

نه ئەزبەنی ••
نەکە کەنی
وەلاتێ من بەفرە •• بەفرەو
کەنگی بەفر بویە تەنی ؟ !

-٢

نه ئەزبەنی
نەکە کەنی
وەلاتێ من نەرویبارە
لناف دەریایێ بەرزە بیت
وەلاتێ من نەبوهارە
هاڤین دێهێتو چرمسیت
نەء ••• وەلاتێ من چیایەو
چیا ژجهێ خوٚ نالڤیت
بەفرا مەژی هەراکەتیو
هەر دێکەڤیت

-٣

وەلاتێ من هەی بەفرو خوین
تو نەباغی
دا ئەزبێژم •••
ئەو باغێ گاڕان تێچەرین

ن - يين
تو نەلەعلیخانیو ئەز هەسەماغامە
دا ئەزبێژم •••
ئەو سینگێ هاتیە پەرخین
من ژێ نەڤێت ماچو ئەڤین
نەء •• تو بەحریو
بەحر بدەڤێ « سا » پیس نابیت
دل ژعەشقاتە ریس نابیت

-٤

وەلاتێ من هەی بەفرو خوین
دەمێ شەڤو تاری دڕەڤین
روژێ هێدی ••
تیرۆژکێت خو بەلاڤ دکرن
من چاڤێت خو ژێك ڤەدکرن
دا سەحکەمە •••
چیاو دۆلو نەهالێتە
من دگوتی •••
هەوار تو چەندێ مازنی
تو بەحرەکیو یا بێبنی
لێ روژەکێ •••
برینەك دسینگێ من چێبوو
دەرێ برینێ هەر ڤەبوو
هەتاکو بویە پەنجەرەك
من تێرادیت

دلێ منێ کریە هێلین
هینگێ من زانی سینگێ من •••
ژ چیا پڕە
تویێ بچویکیو دلێ من ••
هێژ ماسترە

-٥

وەلاتێ من خوینو کەفی
کێ گوتیە •• تویێ کەتی
یان دێ کەڤی
گەرتو کەتبایَ
چەوا ••• گەمی دابڕویبارادا هێنەخار
چەوا ••• روژا مەداهەلێتو ئافا بیت
بیتە سپێدە ••
بیتە نیڤرو ••
بیتە ئێڤار
چەوا ••• شێرێتە داخوڕن
چەوا ••• شڤان دابلویلێت خو هەلکرن
چەوا ••• پەراسی دادلێ من ڤەگرن ؟ ! !

-٦

وەلاتێ من
چەند دوو چاڤێت رەشو بەلەك
دکەڤنە سەرێك
دوو نێرگزێت شەنگو شەپاڵ

دلەفنە بەریك

ئو هۆسا دێ رۆژەك هێتن

دێ بیە مێرگەکا خەملین

ستری نابن ••

دەستو تلێت زاروکێت مە خوینەلوکەن

ئەڤجا دەمێ تێڤاریا ••

ژ ئاڤاری تێن

دێ سروودا ئاشتیێ بێن

بێریڤانێت گوندێ مەژی

شینا شکەفتا

دێ لدەرێ خانیکێ ئاڤا

مەشکێت خو کێن

فەرهەنگۆك

ئامادەکردنی : نووسەری کورد

تیرۆژك : تیشك

ڤەدکرن : دەکردەوە

سەحکەمە : سەیربکەم

چێبوو : دروستبوو

ڤەبوو : کرایەوە

ماسترە : مەزترە ، مەزنترە

هێلین : هێلانە

گەمی : بەلەم

هێنەخار : دێنەخوارەوە

شڤان : شوان

بلوێل : بلوێر

پەراسی : پەراسوو

هۆسا : ئۆسا ، ئۆسا ، ئاوا

هێتن : دێتن

ستری : درك

تلی : قامك ، پەنجە

زارۆك : منداڵ

ناهێتەڤە : نایەتەوە

بتنێ : بەتەنیا

هەرشین : ڕووخان ، ڕمان

سەرهاتنەبڕین : سەربڕران

نـا : نهۆ ، ئێستا

ئەڤرو : ئەمرۆ

نەکە : مەیکە

کەنی : پێکەنین ، گاڵتە

تەنی : یا (ظەنی) ، ڕەشی مەنجەڵ

بەرزە : بزر ، وون

هاڤین : هاوین

چرمسیت : سیس بێت •

نالڤیت : ناجووڵێت ، نالەقێت

گاڕان : ڕانەگا ، گاگەل

سـا : سـەگ

ریس : ڕووس ، ڕووت

دڕەڤین : دەڕەوێنەوە ، هەڵدێن

خۆرەتـــاو

مارف عومەر گول

چۆن بتوانم هەرچی وشەی میللەتانی زەوی هەیە
کۆی کەمەوە ، شیعرێ بڵێم ،
هەموو جیهان گوێی لە دەنگی هاوارم بێ
هەموو کەسێ لێم تێبگا
گوێی لە هاژەی گەردەلوولی ئازارم بێ
چۆن بتوانم تەنیا باسی یەك ڕۆژ دیلیی
بنووسمەوە بە هۆنراوە
کچۆڵانی سەرگۆی زەوی بیکەن بە ویرد
بڵێن ئەوەی شیعر بڵێ بۆ نیشتمان
هەتا دەمرێ سەوداسەری خۆرەتاوە •

★ ★ ★

جێم‌نه‌هێشتی که‌ سروودی هه‌میشه‌ییم بکه‌ی به‌ خه‌م

به‌ ڕوومه‌تی ته‌مه‌نته‌وه‌

له‌ سه‌فه‌ری کاروانێ بووم به‌ پێی په‌تی

به‌سه‌ر چیای (مه‌حاڵ)یشدا سه‌رده‌که‌وتم

ئه‌وه‌ی زێرپێی له‌و ڕێیه‌دا گرێ گرێ لێك بێته‌وه‌

شه‌ونخوونی بکا به‌دیار هیوایه‌وه‌

چاوی ده‌بێ به‌ گۆمی خوێن

ده‌ستی ده‌بێ به‌ دره‌ختێکی چه‌ماوه‌

جه‌سته‌ی ده‌بێ به‌ کراسێ ئاودامان مۆر

ئه‌وه‌ی یه‌ك ڕۆژ چاوبه‌ستی که‌ن

هه‌تا ده‌مرێ بیری له‌لای خۆره‌تاوه‌ •

خۆتۆ خەم نیت !

شیعری : جەمال غەمبار ـ ۱۹۸۰

زەمانێ بوو ••
لای تۆ ژیان کەشتی‌یەکی تێکشکاو بوو
لەمیانەی شەوو رۆژێکا ،
چاوەڕوانی مردنێکی کتوپڕ بوو ••
زەمانێ بوو ••
لای تۆ ژیان درەختێکی شکستەی بەر
باڕەشێ بوو
تەوری نائومێدیی تەمەن ••
لق و پۆپی دائەپاچی ••
چ زەمانێکی نەهات بوو !!
لە مەداری بیری تۆدا ،
خۆشەویستی نەخۆشی بوو
ئەستێرەیەکی نەزۆك بوو
تروسکەشی پێ نەئەگەی !

زەمانێ بوو ..
حەزت وابوو ڕۆژ زوو بڕوا و ،
شەویش زوو بێت
حەزت وا بوو ، کە ئەبەدیەت نەمێنێ
کێوی ژیانت ،
لە نێڵەی بورکانی مەرگا
بتوێتەوە ،
زوو بڕوخێ ...

زەمانێ بوو ..
ئاوا ئەژیایت ..
درک چاوی وشەکانتی کوێر کرد بوو
شەو هاوڕێیەکی بەوەفای دەروونت بوو
خەوە جوان و گوڵ گوڵیەکان
لە چاوەکانت تۆرا بوون ،
ڕۆژگارێ بوو .. ئاوا ئەژیایت !!

× × ×

زەنگی ئەم وشانە ، لە گوێیەکانما لێ ئەدەی ؟
گوایە تەنیا لە شەوێکی پڕ نەهاتی
تەنیاییما
تۆم لەناو ویژدانی خۆما هەڵگرتبێ
گڕی ئارەزوویەکی بێجڵەو

تۆی لەلام خۆشەویست کردبێ ••
ئەم وشانە ئەبنە پشکۆ
دەروونیشم چەند گەرم بێ ،
داخی ئەکەن !!

× × ×

لە ژیانما ، پێنج جار گریاوم ••
جارێك ، بۆ وولاتێکی سەربڕاو
جارێك ، بۆ کلۆڵیی ئافرەتێك
کە پێی ئەڵێم ؟ « دایە » !
جاری سێیەم ، بۆ ئازارەکانی تۆ
جارێکیشیان ، بۆ هاوڕێ خۆشەویستەکەم
جاری پێنجەمیش بۆ چاوم ••

٤-١٠-١٩٨٠
زاخـۆ

× × ×

ئێستاکە بوویتە وەنەوشە ••
ئێستا دڕك لە کوانووی گەرمی بڕواتا
ئەسووتێنی ••
تۆش ئەم وولاتەت خۆش ئەوێ ••

لەبەر تاڤگەی ئەوینێکی پڕ لەچێژی ئینسانییا
خۆت فێرە مەلە کردووە ،
ئێستاکە بوویتە گوڵاڵە ..
ئێستا دڕك ، لە کوانووی گەرمی بڕواتا ،

ئەسووتێنی ..

× × ×

سلێمانی ١٤-١٠-١٩٨٠

پــراگ

شیعری : ڤیتز سلاو نیزڤال
ئامادەکردنو وەرگێڕانی : محمود زامدار

لەیەکەم رۆژی ئـەم سەدەیـەدا ، چاوی بۆ دنیـای ژانو ئاژاوە هەڵێناوە .. دوای (٥٨) ساڵ ، زۆر سوریالیانە بەرۆکی ئەم دنیایـەی بەرداوە . . لەپێشەنگە دیارەکانـی جوڵانەوەی نوێخـوازی شیعری چیکی‌یە .. لەهەرزەکاریدا وەکو شاعیرێکی واقیعی هاتەکایە .. کەچی دنیای پڕ لەجادوبەندو سیحراوی «شیعر» وازی پێ لێ هێنا ، تا بەیەکجاری کەوتە ژێر تەئسـیری سوریالیزمی فەرەنسایی ... دیوانی « پراگو قامکەکانی باران ـ ١٩٣٦ »ی هێنی ئەم قۆناغەیەتی !

نیزڤاڵ لەو بڕوایە دایە کە :

« بەجۆرێکی زۆر لۆژیکانەوە (بادە) بەنـدە بە (مێز) ەوە ... (ئەستێرە) بە (ئاسمان) ەوە .. (دەرگا) بە (پەیژە)ەوە... هەربۆیەشە ئەم قسە رەمەکییانە کار لەمرۆڤ ناکەنو زۆر بەقووڵی باری سەرنجی راناکێشنو نایوروژێنن .. بۆیە ئەبێ (ئەستێرە) لەسەر (مێز) و (بادە) لەنزیك (پیانـۆ) و (فریشتە) و (دەرگا) لەرۆخی (ئۆقیانووس)دا بێت .. مەبەستیش لەم کارە هـونەری‌یە ، سەرەندازکردنەوەی پـەردەیە لـەرووی واقیـعو

گەڕاندنەوەی وێنەی پرشنگداری ئەو واقیعەیە ، وەکو بڵێی : یەکەم ساتی گوڵ کردنو سەرهەڵدانو بوونی پاکی ئەو واقیعە بێت •• رزگارکردنی شیعریش لەرێڕەوی ئاسایيو کلاسیکی ، کە مەنتیقی ئاسایی (زمان) بەسەر شیعرا ئەیسەپێنێ (شتەکان) لەپڕێکاو بەهەزاران پرسیاری واقوڕهێنەرەوە خۆی ئەنوێنێ •• کە بێگومان ئەمەیان بەپشتمازەی شیعر دائەنرێت ••! »

ئەم دووپارچەیە ، نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم شاعیرە ژانگرتووەیە ، کە شاری (پراگ) بەژانێکی هەوکردوو بەبیرێکی پڕ لەشەبەنگەبەرۆژو بەسەرسوڕمانێکی پڕ لەخۆشەویستيو مەتەڵو بەجوانيو سرکيو ڕەوانی ژیانی مرۆڤانەوە ، سەرهەڵئەداو دائەڕژێو ئەبێ بە پانۆرامایەکی فراوانو زۆریش فراوان ••! گەلێ جار وابیر ئەکەیتەوە ، ئەم کەشو هەوایەی شاری (پراگ) هەر هەمان شت بێتو لە هەندێ لەشارەکانی ئەم کوردستانەی ئێمەدا خۆی نواندبێت ••!

زەنگەکانی پراگ

زەنگەکانی پراگ بێدارتان ئەکاتەوە
تادەس لەدەفەکانتان هەڵگرن
زەنگەکانی پراگ
بانگتان ئەکا
بۆ سەر شەقامەکان
لەو ساتانەی کە بەدوای کچەنەشمیلەیەکا ئەگەڕێم ••
زەنگەکانی پراگ

بۆ ئەو دارەمەیتانەی نێو ئەم دڵەم ئەزرینگێنێ
کە چاوەڕێی هیچ ناکات
زەنگەکانی پراگ •• رابەریم ئەکا
تا لە تەڵەزگەکان دەرباز بم ••
زەنــگەکانی پراگ
هەمووتان بانگ ئەکا
ئەی ئەوانەی – بەبێ زانین – ناوەکانتانم
لەسەر باسکەکانما هەڵگرت •
زەنــگەکانی پراگ
بانگ بۆ چاوی زیتی ئەو پشیلانەی
کە تا بەر دەرگا راوەدوم ئەنێن ، رائەهێڵێ
پشتیش لەو پشتکۆماوە زەردەخەنە لەوتاوە ئەکات
زەنــگەکانی پراگ
هەموو هاوڕێکانم بانگ ئەکات
زەنــگەکانی پراگ
هەموو یادگارەکانم بانگ ئەکات
زەنــگەکانی پراگ
داوا لەو رۆژگارانە ئەکات ، کە مەرگی تیا نابێ بەگوناه
زەنــگەکانی پراگ
داوا لە گشت مشتەکۆڵەکان ئەکات ، گشت مشتەکۆڵەکان
تا لە شووشەی پەنجەرەکان بدەن •
زەنــگەکانی پراگ
هەموو ژنە رەبەنەکان بانگ ئەکات

تا ئەو ئەموستیلە سپییانەی کە لەدڵداری قەدەغەکراون وەدەرخەن •
زەنگەکانی پراگ
بانگ لەو ژنە سۆزانییانە ئەکات
کە پیاوەکان بەدەم خەوەوە لەژێر بانیژەی پەنجەرەکانیان رەت ئەبن •
زەنگەکانی پراگ
داوا لەمناڵەکان ئەکات ، تا بەیەکەوە بێن‌و لەرووی ئەستێرەو شالووڕێکا
یا لە رووی ئەو شتە سامناکەی کە وەك
باربوویەکی میری‌یە ، هەڵشاخێن‌و بڵێن :
بۆ •• بۆ •• بۆ •• ؟
زەنگەکانی پراگ
بانگی هەموو شتێتە تووشبوەکانی مەنەخۆڵیا ئەکات •
زەنگەکانی پراگ
بانگ بۆ ئەو ئەستێرانە رائەهێڵێ
کە شەوێکی میهرەدار ، خوێنیان ئەڕێژێ ••!!

★ ★ ★

پراگ لەژێر خۆری نیوەرۆدا

لەهیچ خەونێ بێدار نەبوومەتەوە
بەهیچ شەمەندەفەرێکی تیژرەو ، نەگەیشتووم
وەکو گەشتوەرێك
دڵم لەهیچ دیمەنێ نەگوشراوە
چەندین ساڵـە

هیچ کتێبێکم لەبارەی سەربردەی جنۆکەکانەوە
نەکردۆتــەوە
چاوەڕوانیش نیم ، دڵداریی هیچ چەشنە رازێکی
گەردوون‌و ئەم جیهانەم بۆ بدرکێنێ
حەزیش ناکەم
لەگەڵ باڵندەکانا گۆرانیی بڵێم
یــا قسەی شاتوپات لەبارەی دیمەنەکانی ژێر زەریاوە
بــکەم •
چ جۆرە خەونێکی جڕنی‌وفڕنێ لەبارەی ئەو نەتەوانەی
کە حوکمی گەلان ئەکەن
یا ئەو خاکەداگیر کراوانەوە ، نابینم •
لەو باوەڕەدا نیم
ئەو گەلەی کە من بەزمانەکەی ئەو دەپەیقم
لە گەلانی تر ، باشتر یا خراپتر بێت •
من بەکارەساتەکانی جیهانەوە بەندم‌و
زۆریش لەژیان‌و مەرگ بێباکم •
لە درەنــگە بەیانیاندا
لە ژێر ئەو چەترە ئاڵوواڵایە دائەنیشم
کە (پراگ) دوای شەستەبارانت‌و هەڵمێکی وەنەوشەیی
لەبەردەمیا رائەکشێت •
لەبواری درەختە رەنگاورەنگەکانا بەدی ئەکەم
هەروەك چۆن پەرکەم گرتوویەك تارمایی ئەبینێ •• ئاوا ••
وەك پاپۆڕێکی زۆر گەورە ، کە بەدارپەردەکانی

قەلابەند کراوە ،
وەك شارێکی سیحرلێکراو دێتە بەر دیدەم
وەك پاپۆڕی چەتەزێڕینەکانی زەریای سەمەرە
وەك خەونی ئەندازیارانی دلگەشی ئەپارتمانەکان
وەك شوێنێ کە بۆ سیحرو جوانی راخرابێت
وەك کۆشکی پەروین ، کەلەپڕێکا
دەروازەکانی بۆ خۆر کردبێتەوە
وەك قەلایەکی ئاگرپڕژێن ، کە قامکی شێتێك
دایناشیبێ ،
وەك رابەرێ بۆ سروشەیەکی تێکڕایی
وەك بورکانێکی زیندوو
وەك بازنەیەك کە لەبەردەم ئاوێنەکانا شۆڕئەبێتەوە
بەدی ئەکەمو ئەبینم ...
ئێستا نیوەڕۆیە
(پراگ) ئەخەوێ ، بەلام وەك ئەژدیهایێکی دێرین بێدارە
کەرکەدەنێکی موبارەکەوە قەفەزەکانی ئاسمانە
ئۆرگنێکی تۆزاوییەو ئاوازێکی بەسۆز ئەژەنێ
نیشانەی زیندووبوونەوەو گەنجینەی زەریاچە وشکەکانە
سوپایەکی زرێپۆشە سلاو لەئیمپراتۆر ئەکا
سوپایەکی زرێپۆشە سلاو لەخۆر ئەکا
سوپایەکی زرێپۆشەو بووە بەبەردەپیرۆز ...
ئەی شارە جوانکیلەکەم
بەو چاوانەی کەسۆمایان هاتووە
تێر تێر سەیرت ئەکەم
قوول .. قوول بەدواتا ئەگەڕێم

داخ ! ئەزانم ئەمڕۆ
تۆ وەك ئاگری نێو تاشەبەردەكان
وەك ئەندێشەی هەتەربووم ، بووی بە مەتەڵێك
جوانییت لەنێو ئەشكەوتەو ئاقیقە دڵگیرەكان دائەڕژێ ...
تۆ وەك مێرگەكان ، كۆنیتو گۆرانیی
لەسەرباڵیان ئەپژێنی .
كاتێ كەكاتژمێری بورجو باروەكانت لێئەدا ...
تۆ وەك شەوی دورگەیەكی نەدۆزراوت لێدێ
تۆ وەك گۆڕە پیرۆزەكان
وەك تاجی پاشاكانی ئەسیوبیا ، نەمرییت .
وەك مەتەڵی دڵداریو پەڵەهەورە دوورەكان
وەك مەتەڵی قسەو بیرە پاكەكان ، جوانییت
وەك بەردەكانی بەرلێشاوی باران ، جوانییت
وەك مەتەڵی خەونی ئەستێرەو چریسكەی فسفۆر
وەك مەتەڵی هەورەتریشكەو فانووسی سیحریو شیعر
جوانییت (١) ... !

---

(١) ئەم چەند لاپەڕەیەش بەشێكە لە كۆششو بەری بە پێتی پێنووسی مەحموود زامدار زۆرمان حەز دەكرد شتێكی زیاتر دەربارەی شاعیر بزانین ، تا باش لەو ڕەمزو كەمە تەمە بگەین ، كە بە ناوی جوانیی ڕوخسارەوە خوێنەر دەخاتە گێژاوێكی تێنەگەیشتنی ناوەڕۆك . وەباڵ بە ئەستۆی زامداری تەماویو نەناسینی تەواوی شاعیر ، بڵاوكردنەوەی پێ دوا نەخستین .

نووسەری كورد

لوبنان ناکەوێ

شیعری موسى النقدي
عەزیز رەشـــید حـەریری
لەعەرەبی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی

دوور نی‌یە پردەکەی پاشا بکەوێ ،
هەروەها « تەل زەعتەریش » ؛
بەڵام هەرگیز هەرگیز لوبنان ناکەوێ‌و لە نێو ناچێ …

★ ★ ★

لوبنان دەگەڕێتەوە باوەشی دایکی نیشتمان ؛
دوای ئەوەی بە نێو ئاگردا ڕەت دەبێت ٠
دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی گشت سەربەستی خوازان ٠
لوبنان دەریایەکە لەناکاو لە تاریکایی‌دا دەردەبێت ؛
بەڵام قەت ئەو کێوەی لە تەرمی شەهیدان
دروست بووە ، ژێر شەپۆلی خۆی ناداو نایخنکێنێ ٠٠

★ ★ ★

ئەو مرۆڤەی لە لوبنان گەڕاوەتەوە چیرۆکەکەی خۆی دەگێڕێتەوە ؛
شایەت پیرێکی سەربڕاوە ؛ منداڵێکی بریندارە …

دار ئورزەکەیش ئافرەتێکی باڵا لە قوڕ هەڵکێشراوەو ؛
کەزیەکانی پەرش‌و بڵاو بوونەتەوە ..
ئافرەتێکی لە چوار مێخە کێشراوە ..

★ ★ ★

دەشێ دڵۆپێ ئاو بڕژێتە نێو « منداڵ دانی » زەوی‌و ،
بەردێکی لێ وەپاش کەوێ . .
لەوانەیشە بارانێ بباریێ تا بەردەکانی ناخی زەویش
دەربهێنێ ..
بەڵام هێشتا مرۆڤ هەر دەمینێ !.
بۆیە دەڵێم ، لەوانەیە پردەکەی پاشا بکەوێ‌و ،
هەروەها « تەل زەعتەریش » ...
بەڵام هەرگیز لوبنان ناکەوێ‌و لە نێو ناچێ ..

★ ★ ★

پێـداچوونـەوەو ... سـەرنجێك

دوكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول

نووسەر بە ژمارەی پێشـووی گۆڤارێـكدا بچێتەوە كـە خـۆی سەرنووسەرێتی ، ئەمە ڕەنگە دیاردەیەكی تازە بێـت ، لەلایـەكەوە بدرێتە پاڵ دیموكراتێتی لە نووسین‌و بڵاوكردنـەوەداو ، لەلایـەكی‌ترەوە ڕەنگە شەقلی ئاگا لێ‌نەبوونی پێوە بنرێت .

لێرەدا پاكانە ناكەم - بەڵام لە ڕاستیدا ، ئەگەر برایانی نووسەر ، چ لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرو چ لە دەرەوەی دەستی یارمەتیان ، لەم ژمارە یا ئەو ژمارەی نووسـەری كورددا درێژ كردبێت‌و هـەندێك ئەركی چاپخانەیان گرتبێتـە ئەستۆ ، ئـەوا ئێمەش هـەندێك جار لـە هەڵبژاردنی‌كەرەسەدا سەربەستیمان داونەتێ . ئەمە بە هەندێك ژمارەوە دیارە . بەڵام بە گشتی تا ئەم ژمارەیە ، ئەركی تەواو كەوتۆتە سەرشانی برامان مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم ، كە بەو كۆششە مەردانەیەی لەگەڵ تیپی كوردیدا ژیانی پێ بردۆتە سەر ئارەق‌و هۆش‌و چاوی تیژی بـۆ زوربەی ژمارەكانی نووسەری كـورد خسـتە كارو بـەرەو ڕووناكـیی بردن .

ئەگەر لە ژمارەكانی پێشووتردا ، هەمیشە هەر خۆی تەنیا نەبووبێت، ئەوا ژمارەی پێشوو كاتێك دەرچوو ، من لە سەفەر بووم ، زوربـەی كەرەسەكانم نەدیبوو ، مافی تەواو درابوو بەو ، ئەوەبوو ئەو ژمارەیـە دەرچوو .

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ، نووسەرێکی دڵسـۆزو ئەدیبێـکی لێهاتوو ، شارەزایەکی کوڵنەدەرەی ئەدەبیاتی کوردی‌یە . بۆ نووسین‌و نووسینەوەو چاپی ووشەی کوردی ، زەحمەتکێشانە دەچێتە مەیدانەوە .

دیارە بۆ یەکێکی وەك من ، ستایشی ئەو دەبێتە ستایشی خـۆم . چونکە سی‌وسێ ساڵە گەلێك ئەشك‌و ڕەنج‌و ئازارو یەکێتی‌ی هەوڵ‌و بیرو ئایدیۆلۆژی لە میحرابی ووشـەی کـوردی‌و خەباتـدا پێـکی‌یەوە بەستووین‌و ڕەگی پێوەندیش زۆر قووڵترە لەوە .

ئەم سەرەتاو باسەم لەلایەکەوە یادگارو یادداشتە ، نەك ئەمە دووا ژمارەی « نووسەری کورد » بێت . لە لایەکی تریشەوە ، بەدەنگ‌هاتنێکی بچووکە بەرامبەر بەوەی ، ئەو « سەگ‌وەڕەی » هێشتا بەدووای گۆرانی مەزنەوەیە ، لەبەر کۆششی مەردانەی ئەو بۆ هەڵکردنەوەی چرای گەشی گۆران ، لایەکی بەلای ئەویشدا لە « ژێر ئاوەوە » کردۆتەوە .

لەولاتریشەوە ، لەپاڵ هەموو یەکێتیدا زۆر جار لاوەکی باری سەرنج‌و چێژو هەسـتی ڕۆژنامەنووسـیمان لەگـەڵ کاك محەمەددا یـەك ناگرێت . هەر لەبەرئەوە لەکونجی ڕەخنەوە دێمە مەیدانی باسکردنـی ژمارەیەکەوە ، کە لەبەردەمی خەڵك‌و یاسادا لێپرسراوی هەموو تیپێکیم ، بەڵام لەولایەنەیانەوە ئەم سەرنجانەم هەیە .

ووتەی ژمـارە :

ئەم ووتارە من نووسیبووم‌و بەجێم‌هێشتبوو ، بـەڵام کـاك محەمەد هەقی‌دابوو بەخۆی ــ لەپاڵ پەیڕەو کردنی ئیملاکەی خۆیدا ــ لە هەموو ژمارەکەدا ــ کە لە هەندێ بارو نووسینی ئەو ئیملایەدا یەك ناگرین ، دەڵێم لەپاڵ ئیملادا ، هەقی دابوو بەخۆی کە هەندێ ووشەش بگۆڕێت‌و

دوو ووشەی بۆ خۆ دروست کردووی « بنووس »و « بخوێن »ی بەسەر ووتارێکدا سەپاندووە ، کە من نووسیوومەو ناوی « سەرنووسەر »ی بەسەرەوەیە •

دەمێکە ئێمە ووشەی « خوێنەر » یا جاروبار « خوێندەوار »یش لەجێی ئەم « بخوێن »ە دادەنێین • ڕاستە « خوێندەوار » جاروبار بۆ « ئەنتلیگێنت » ی ڕۆژئاوایی یا « مثقف »ی عەرەبیش بەکاردێت • هەر وەك نووسەر ـ جێی « کاتبو ادیب » دەگرێتەوەو « بنووس »ەکە تازەیە با لە شارەزووریش بەکارهێنرابێت •

تێکڕا تا ئێستا لەڕووی چێژەوە خوێنەرو خوێندەوارو نووسەرم بەدڵەو ناچمە گێژاوی « ئەتیمەلۆژی »ی (بخوێنو بنووس)ەوە بەڵام وەك (نرخاندن) ـ ترخێنەم دێنێتە بەرچاوو (هەستیار)ی بەهەڵە لە (شاعیر)ی عەرەبییەوە دروستکراو (کەمتیار)م دێنێتە بەرچاو ، ئەم ووشانەش شتیتر دێننەیادو تائێستا لەگەڵ بەکارهێنانیان نیم (١) •

جا لێرەشدا ـ لەم پاشاگەردانیی ئیملاو ئیستیلاحەدا دەبوو ووشەی (بخوێن)و (بنووس) نەخاتە ناو ووتارەکەی منەوە •

★ ★ ★

کە ووتارێکم دەربارەی (مەمو زین) دی ، دڵم کرایەوە • بێگومان

---

(١) جارێك ووتارێکم بۆ (بەشیر موشیر)ی ڕەحمەتی نووسیبوو • ناوەکەیم بەوجۆرە نووسیبوو کە دەیبینن ـ ووتی :
ناوی ئەمین ـ واتەمن ـ مەکە بە مووشیر •
ووتم : مامۆستا بەپێی ئیملای تازە وا دەنووسرێ •
ووتی : ئیملای تازەیە نییە ، کەیفی خۆتانە ، ناوی خۆتانی پێ بنووسن ، با وەهبی بێگیش ناوی خۆی پێ بنوسێ ، ناوی ئەمینی پێمەنووسن • بۆ ئەمین هەر بنووسن (بشیر مشیر) •

من خاوەنی مەمو زین‌و دەست‌بەسەرداگری باسی خانی نیم ، بەڵام بۆ کەسێك کە چەند ساڵی ژیانی لەگەڵ بەرهەمێکدا بە دەرس ووتنەوەو لەسەر نووسین بردبێتەسەر ، ڕەنگە هەقی بەشداری‌و لێ‌پرسینەوەو لەسەرهاتنەجوابی لەو مەیدانەدا بدرێتێ •

لەبەر ئەمە هەر دەستم‌دایە خوێندنەوەی ووتارەکە ، ووردە ووردە تا تەواوم کرد ، سەرسامی گرتمی •

بەکورتی ـ خاوەن ووتار ـ تەنیا پێشەکی چاپی مەمو زینی گیوی موکریانی‌و هەندێك (یا بڵێین هەموو) بە عەرەبی‌کراوەکەی مەمو زینی محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتی‌و (١) لە کتێبەکەی من تەنیا پێشەکی‌ی خوێندۆتەوە • خۆی بەوەوە ماندوو نەکردووە کە هەموو مەمو زین بخوێنێتەوە ، هەرچی تێگەیشتن‌و چوونە ناو جیهانی خانی‌یە وابزانم لێی دوورە •

هەر بەدەم خوێندنەوەوە ئەم نیشانانەم دانا :

ـ نووسەر دەڵێ : (لە تەمەنی چل‌و چوارساڵیدا ، نزیکەی پێنج سەدە لەمەوبەر نووسیویەتی) •

برا : ئاشکرای یارو ئەغیارەو زۆر جار نووسراوە کە خانی خۆی لەباسی ساڵی لەدایك بوونیدا وەك نووسەر خۆیشی دەڵێ ، نووسیوی‌یە :

لەورا کو دەما ژ غەیب فەك بوو
تەئریخ هەزارو شەستو یەك بوو

---

(١) یەکێکی‌تر دوو ووتاری بە عەرەبی هەر بەم چەشنە بڵاوکردۆتەوە • لەشوێنێکی تردا باسی ئەدیش دەکەین •

واته : خانی له ١٠٦١ ی هیجریدا لەدایك بووه که دەکاته ١٦٥٠ی میلادی ، چل‌وچوار ساڵی بخەسەر دەبێته ١٦٩٥ ، واته سێ‌سەد ساڵ لەمەوبەر کەمتر ، ئیتر پێنج سەدە لەکوێوە هات ؟

— له باسی (پێرست‌و سەرەتا)دا نووسەر دەڵێ :

« لێرەدا بەگشتی باسی ئەوینی (مەم‌و زین) ئەکات » •

نەء ، برا : پێرست‌و سەرەتای مەم‌و زین ، سێ فەسڵە ، باسی خـواو پێغەمبـەرو باری نەتـەوەی کـورد دەکات • بـەڵام ئـەو وەرگێڕانە عەرەبی‌یەی پشتت پێ بەستووە ، ئەو سـێ فەسـڵەی لاداوە • وا بزانم جارێکی‌تر تەماشای سەرەتای کتێبەکەی مـــن بکەیتەوە لەهۆی ئەوەش دەگەیت •

— وا بزانم ئەو وەسفانەی نووسەر لـه زمان خانـی‌یەوە داونـی بـه میرزەینەدین وەسفی خانی نین • پاشان ئەوەت لەکوێوە هێنـاوه که (ستی)ی خوشکی میر (بیست‌ساڵ) بووەو (زیـن) لـەو بچووکتر ؟ • چونکه خانی باسی تەمەن‌و گەورەو بچووکی‌ی ئەم دوو خوشکەی نەکردووه •

— (مەم) ـ دیوان داری میر ـ نی‌یه ، بەڵکو ـ له مـەم‌و زیـنی خانیدا کوڕی دەبیری میره •

— نووسیوی‌یه : (له نەورۆزدا میر ئەچێ بۆ ڕاو) • فەسڵی جەژنی نەورۆز تەواو له فەسڵ‌و وەسفی ڕاو جیایه • بۆ ڕاوچوونەکە زۆر پاش نەورۆزو بوونەیاری مەم‌و زینه • بەرگی خۆ گۆڕینی مەم‌و تاژدینیش له مەم‌و زینی خانیدا تەنیا بەرگی دوو کچه ، بەرگی دوو کەنیزەك نی‌یه ـ وەك نووسەر ووتوویەتی •

— ئەو کەسەی لە داستانەکەی خانیدایە (تاژدین)ەو (تاج‌الدین) نی‌یە ، وەك نووسەر دەڵی ـ بۆ ئەتیمۆلۆژیی ناوەکەش ئەوە ڕا هەیە کە ناوێکی خۆماڵی بێـتو پێوەندیی بـە (تـاج‌الدیـن)ەوە نەبێت •

— نووسەر لەو بەندانەدا کە بۆ ڕووداوەکانی مـەمو زینی نووسیوە دەڵـێ : ـ

(٨ ـ مزگێنی : گەورە پیاوانو ناسیاوانی بـاوکی تاژدیـن کۆئەبنەوە خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ خوازبێنی • وا بڕیار ئەدەن کە لە پێشەوە ستی بۆ تاژدین داوا بکەن تا کاری مەم ئاسان ئەبێ) ئەم چەشنە خوازبێنی‌یە لە مەمو زینی خانیدا نی‌یە • لێرەدا نووسەر خانیو هەندێ گێڕانەوەی فۆلکلۆری تێکەڵ کردووە •

— بەڵێ لەناو خەڵکدا ـ بەتایبەتی لەناوچەی ئێمەو لەو مەمو زینەدا کە پیرەمێرد نووسیویەتی ، قوتبی سالیی داستانەکە بە (بەکـر مەرگەوەر) ناو دەبرێت • بەڵام لە هەموو تێکستە فۆلکلۆری‌یەکانی ژووروودا یا (بەکۆ) یا بەکر یا بەکۆی عەوانە ، لای خانیش لابەلا تەنیا لەیەك شوێندا باسی ئەوە کراوە کە دەڵـێن خەڵـکی مەرگەوەر بووە ئیتر بە (بەکر مەرگەوەڕ) ناوی نەهاتووە ؟ خۆ بە (مەرگەوەڕی) تەنیا ، هەر نا •

ئەسلاوی دبێن ژ مەرگەوەڕ بوو
مەحزا وی بەشەر ، ب شۆڕو شەڕ بوو

— نووسەر لە شوێنێکدا دەڵێ :

ئەمەك داری : لە هۆڵەکەدا کۆڕ گەرم ئەکەن • تاژدین بەهۆی ئاوگێڕانەوە دێتە لای مەم) •

کام هۆڵ ؟• دیمەن‌و ڕووداوی وا لە مەم‌و زینی خانیدا نی‌یە • واتە نەهۆڵ‌و نە (ئاوگێڕان) بەڵکو ئەو ڕووداوەی نووسەر باسی دەکات لە (شاهنشینی عالی) ی باخی میردا بووە •

— (میریش ئەڵێ گەر درۆ بکات لەسەری ئەدات) ؛ واتە لەسەری (بەکر) • لە مەم‌و زینی خانیدا میر هەڕەشەی‌وای نەکردووە، باسی ئەم دیمەنەش بەتێکڕا لەگەڵ مەم‌و زینی خانیدا یەك ناگرێتەوە • هەر وەك لەهیچ شوێنێکی مەم‌و زیندا بەکر تەگبیری بۆ میر نەکردووە کە (ئەوسا تاژدین‌و براکانی ژەهر خواردوو بکات)• لێرەدا ئەگەر ئەمە قسەی نووسەر بێت یا لە پێشەکی‌یەکەی چاپی هەولێرەوە وەرگیرابێت • ئەوە تەگبیری بەکر ئەوەیە کە بە (زەهری هەلاهیل) بیانکوژێت ، واتە بەقسەی خۆش‌و بە وێڵ‌و هوشیاری •

— باسی وەسیەتی (زین)یش پەشێوی‌و لەگەڵ خانی نەگونجانی تێدایە ، مردنی بەکرو ناشتنی لای قاچیانەوە (واتە قاچی مەم‌و زین) هەروا بە ئاسانی نی‌یە ، بەڵکو باسی دیمەنی کوشتنی بەکری دەویست لەلایەن تاژدینەوە •

— نازانم نووسەر ئەمەی لەکوێوە بەزمانی خانی‌یەوە دروست کردووە کە ووتبێتی :

« سەیر ئەوەیە ، هەر گوڵ‌و گوڵزار لەسەر گۆڕەکەی مەم‌و زین سەوز ئەبێ‌و دڕك‌و داڵ لەسەر گۆڕەکەی بەکر مەرگەوەڕ ئەڕوێ » •

نا ـ برا : ئەم دیمەنە لای خانی زۆر لەمە قووڵترە • مەم‌و زین

دەبنە دوو لاولاوو بەرز دەبنەوە ، بەکر دەبێتە کنێرێکی دڕکدارو (باستری)و تێیان دەئاڵێ ، واتــە ـ لەگۆڕیشدا نایەڵێ یــەك بگرن ـ چونکە خانی ئەو دوو خۆشەویستە لە جیهانی گیانو ئاسمانی ئیفلاتوونی‌ی خۆیدا بەیەك دەگەیێنێت •

— باسی چینایەتی :

« هەموو شت بەخوێ خوێش بەمەعنا » • کە من باسی ئەوەم کردبوو کە خانی هەستی بەوەکردووە کە کومــەڵی کوردەواری چینــی کۆمەڵایەتی‌ی جیاوازی تێدایەو هەستی خانی لەگەڵ هەژارانــە ، (دەم ڕاست)و (دەم خوار)ی زۆر دەستگام لێ بەجواب هاتنو کتێبەکەیان بۆ چاپ نەکردم • بەڵام برای نووسەر لێرەدا بــێ ئەوەی هەر بە ناوەرۆکی کتێبەکەدا بزانی من لەو باسە دوواوم تا بچێتەوە سەری ـ خۆی چینو ڕیزی تازەی داناوە • (مــەمو بەکر)ی بردۆتە ریزی چینی چەوساوەو ژێرەوە • دیسان (نا ـ برا) : مەم کوڕی دەبیری میرە ، ، واتە ـ هەر لەخۆیانە، هەرچی بەکریشــە ئــەوە خــانی ئــەوو دەســتەی دەرگــاوانو پاسەوانو سەرکار» ی تەواو وا دەست نیشان کردووە کەسەگی بەرقاپی‌ی ئاغایانن ، وەسفەکەی خانی تەواو ئەو دەستەیە دەگەیێنێت کە پاش ئەو بە سەدەو نیــۆیك لە ئــەوروپادا بــە (خڵتەی چینی کرێکار) ناوبراونو مافیان بەسەر بەرهەمهێنانو چینی کرێکارەوە نی‌یــە •

وا بزانم نووسەر نەیتوانیووە تابلۆی تەواوی کێشــەی چینایەتی لەمەموزیندا بدۆزێتەوە • هەر بەوەی (مەم) ی کردوە بە کوڕە هــەژار شیرازەی کاری تێکداوەو لەخەیاڵی خۆیەوە کێشــەیەکی دروست

چیرۆك

- ١ -

كه دەزووله خوێنه‌كان ئه‌چۆڕانه‌وه ٠٠

(ئه‌مینی میرزا كه‌ریم)

كه له شاره‌كه‌م دوور بووم وه‌نه‌بێ كه‌م‌و زۆر له هه‌واڵ‌و ووردە باسی چه‌ند هاوڕێیه‌كی گیانی به گیانیم بێ‌ئاگا بوو بم به‌ڵام نه‌م دەزانی كه له ناخیاندا چی‌قه‌وماوه ، چی‌گۆڕاوه ، چی له جێی خۆی ماوه‌و نه‌ماوه ، وه‌نه‌بێ هه‌میشه شاره‌كه‌م له‌به‌رچاو نه‌بووبێ‌و خه‌ونم پێوه نه‌دیبێ ، به‌ڵام نه‌م‌دەزانی ئاخۆ تێرمۆمێتره گه‌وره‌كه‌ی ئه‌م شاره به‌رزه له خوارووو ژووورووی سفره‌وه كام ژماره پیشان دەدات ؟ !

كه جێمهێشت دڵنیابووم هه‌ر بۆی دەگه‌ڕێمه‌وه لێشم وون ببوایه به چرای ڕۆنگه‌رچه‌كه‌وه به دوای دۆزینه‌وه‌یدا وێڵ دەبووم تا ئه‌مدیبه‌وه ٠ بلبله كل دەرخواردراوه‌كان له پاڵ گوڵه ڕه‌شه‌كاندا زرته‌ی چاویان ئه‌هات‌و دڵیان پێشی دڵمیان ئه‌دایه‌وه‌و وایان دەزانی ئیترو هه‌رگیزاو هه‌رگیز نه ئه‌وان به من‌و نه منیش به ئه‌وان ناگه‌مه‌وه ٠٠ ! !

بەرەو لانە فراوانە دێرینەکەم بوومەوە ، هەر کە لە سنوور نزیك کەوتمەوە ، سپیایی لووتکەی پیرەمەگرون ماندوێتی سەفەرە درێژەکەی ئەوسای هێنایەوە پێش دیدەمو دڵم بەوە خۆش کردەوە کەوا هەستم لەگەڵ تێمپۆی(١) سروودی چیاکانی دەورووپشت ئەگونجا لەوەدا کە هەر خۆیان لە دەوری شارەکەم ئەگێڕا ••• بە ناو ڕواڵەتی شاردا سووڕامەوە ، بەمسەرو ئەو سەری شەقامەکاندا دەورم ئەکردەوە ، کە ماندوو ئەبووم ئانیشکم لەسەر پەرژینە دەستکردەکانی بەر لێواری سۆشەی شەقامەکاندا دادەناو لە چاوی کەوێکی لە شەڕدا هەناسە سوارەوە لەم خەڵکەم دەنواڕی ، لە هاتوچۆدا ئەوانەی ئەمناسینەوە زوربەیان قژیان وەك سەری من سپی بوو بوو ••• ڕێبوارە بەوەفاکان ئەو زاتانەی لە خۆیان لەگوڕابوون بە گەرمەوە پێشوازیان ئەکردم ، ئەوانەشی کە لە بە وەفایی مندا ، بە شەرمەزاریەوە ڕوویان وەردەچەرخان بەو لاوە، بە دێوجامەکانی بەریان ئارەقی تەریقیان ئەسرِیو ئەسرِیەوە•••، لە ڕۆیشتندا بووم پیاوە کورتەبنە بەرچنە بەتاڵە بە کۆڵەکە لە تەکمدا تەکانی ئەدا ، هەر ئەڕۆیشتینو ملمان دەنا ، هەنگاوە کورت کورتەکانی وەها بە خێرایی فڕێ دەدا لەگەڵ لاقە درێژەکانی من دەردەچوو نە پاش دەکەوتو نە پێش ، هەر بەڕێوە بووین ••• (ـ ئەوەتا شوولە چنراوەکانی بەرچنەکە ووشك هەڵگەڕاون بوونەتە چیلکە ، لەوە دەچێ لە دەمێ ساڵەوە ترێو هەنجیرو هەڵووژەی تێ نەکرابێت ، داخەکەم بۆ میوەکانی ئەوسا کە بە بەرچنە بە دیاری بۆمان ئەهاتە ماڵەوە •••) سەرێکی بەرزکردەوەو تێی نواڕیم ، چاوی چەند جارێك تروووکانو وەك شتێك کەوتبێتەوە بیری ، سەری دانەواندەوەو چەند هەنگاوێکی تر ڕۆیشت ، ئەمجارە وەستاو قۆڵی گرتمو منیشی ڕاگرت ،•• (ئەم

ڕووەم لا غەریب نی‌یە وەك لە جێگایەك دیبێتم وایە ...) چاکەتێکی فشی بەسەر شەڕواڵێکی پانو پۆڕدا لەبەر کردبوو بەسەر کراسە شینە ئاودامانەکەیدا پشتێنێکی قایشی زەردی پانی لە کەمەری جەڕاندبوو بە دوو دڵی‌یەوە لە دەمی دەرچوو ...

— مەرحەبا ..؟

— مەرحەبا خاڵە ...

— ئەرێ ، تۆ کوڕەکەی مام سەعۆل نیت ؟ .

— کام سەعۆل ؟

— سەعۆلی تووتنچی ..

— خۆیەتی ..

— ناشێ تۆ هێمن بیت ؟ ! .

— زۆر چاك ئەشێو فەرمووش ..

— ئەمناسیتەوە ؟ .

— دیـومیت ..

— کە بەرچنە هەنیرەکانم بۆ ئەهێنان .

— تەواوە بیرم کەوتەوە ..

— چاوم ڕوون بۆوە ..

— دە فەرموو با لەخزمەتتدا بین بۆ ئەم چایخانەیە .

— دەست بە کیسەی خاڵیدا نەکەیت .

لە من جیابۆوە ملی بەرەو زوور نا ، جادەی ئەبڕی ، خۆم کرد بە چایخانەکەدا ، یەك دوو کورسی نەگیرابوون چوومە سەر ئەو کورسی‌یە بەتاڵەی کە لەلای ئەو چوار کەسەوە بوو دووانیانم بەسەر زاری لێ‌ئەناسین ، قسەیان لێ گەرم کردبوو ، بێ دەنگ گوێم گرتبوو،

له باسه‌که‌یان گه‌یشتم به‌ڵام دوورو نزیك په‌یوه‌ندی به‌ منه‌وه‌ نه‌بوو •
له‌ جامخانه‌ی چایخانه‌که‌وه‌ سه‌یری ئه‌توومبیله‌کانی ده‌ره‌وه‌م ئه‌کرد ،
ئه‌وه‌ی زیاتر ڕایکێشام بۆ ئه‌م ته‌ماشاکردنه‌ ئه‌و ئه‌توومبیلبازانه‌ی لامه‌وه‌
بوون که‌ ته‌نووری باسی ئه‌توومبیل‌و مۆدێله‌کانیان گه‌رم کردبوو ••

— داتسۆن کێشی وا به‌لاوه‌ ! ! •

— تۆیۆتا له‌ بازاڕ شه‌ش ئه‌کات ••

— نرخ هه‌ر له‌ به‌رزبوونه‌وه‌ دایه‌ •

— مۆسکۆڤیچ هه‌رزانه‌ ماڵی پیاوی بێ‌دانه‌ ••

— ئیتر ناهێنرێت ••

— له‌ به‌ختی ڕه‌شی بێ پاره‌کان •

— هه‌شتی مانگی داهاتوو ڤیات دابه‌ش ئه‌که‌ن •••

هه‌ر بێ‌ده‌نگ بووم ، به‌ پێویستم نه‌زانی خۆم له‌ قسه‌کانیان هه‌ڵقوورتێنم ••• (ئه‌گه‌ر چه‌ند سه‌د دینارێکم ببوایه‌ به‌ سلفه‌و قه‌رزو قۆڵه‌ مۆسکۆڤیچێکی نیو داشتم ئه‌کڕی •••) به‌ لایانه‌وه‌ سه‌یر بوو که‌ من به‌شداری گفت‌و گۆیه‌کانیانم نه‌کردو ناوی هیچ جۆره‌ ئه‌توومبیلێکم نه‌برد ، وایان دانابوو که‌ منیش گیرفان‌و قاسه‌م سیخناخی سه‌فته‌ی گه‌ڵاشینه‌کان کردووه‌ بۆیه‌ ده‌روێش له‌گه‌ڵمدا دووا ••

— ئه‌ڵێی زه‌وقی ئه‌توومبیلت نی‌یه‌ ؟ !

— مه‌سه‌له‌ی زه‌وق ؟ ! زه‌وق هه‌س ، پووڵ ، پووڵ •• ؟

ئه‌میش‌و براده‌ره‌کانی به‌ جۆرێك سه‌یریان ئه‌کردم پڕ بوو له‌ پرسیاری ئه‌وه‌ی چۆن منیش وه‌کو ئه‌وان ده‌وڵه‌مه‌ند نه‌بووم •••

— چۆن ؟ یانی تۆ پاره‌ت نی‌یه‌ ؟ ••

— بۆ سه‌یره‌ ؟ خۆ من وه‌کو ئێوه‌ نیم ••

— ئێمه چیمانه ؟• هـا ؟ ! •• ه

— ئێوه ••• کاسبیشن‌و به هه‌ڵپه‌شن •••

— وا بڵێ •••• ئه‌گینا ••

— ئه‌ی ••• من فه‌رمانبه‌رێکی ڕووت‌و قووتم ••

— ده هه‌ر سواری ڕینۆ یانزه (۲) به •

— نه خانوو ، نه دێ ، خاوه‌نیان نیم‌و گرێده‌ریش خۆی نادا له قه‌ره‌یان بۆ ئه‌وه‌ی ته‌عویز وه‌ربگرم‌و ده‌وڵه‌مه‌ندبم •

— کاکۆمان نوقورچی قایم ئه‌گرێت ! ؟

— ئه‌ڵێم هه‌شن به ئاره‌قی ناوچه‌وان په‌یدایان کردووه

— خاڵۆمان له‌م جۆره ئوتوومبیلانه‌دا ئه‌ڕشێته‌وه ،

— • • • • • • • •

به هه‌ر چوار لای ناو چایخانه‌که‌دا قه‌نه‌فه‌ی درێژکۆله دانرابوون ، دوو سێ تاکه کورسی نه‌بێ به قه‌نه‌فه‌کانیشه‌وه پڕ بوو بوونه‌وه ، هه‌مـــه چیزه‌یان له‌سه‌ر دانیشتبوون ، هه‌ندێکیان وه‌ك مقه‌بـا ڕوویـــان کردبووه جامخانه‌که‌و سه‌یری ده‌ره‌وه‌یان ئه‌کرد ، ژماره‌یه‌کی تریان بـه دۆمینـه‌و تاوڵه‌وه خه‌ریك‌بوون ، ئه‌وانیکه‌ش وه‌ك چیکه‌نه ده‌میان خستبووه گه‌ڕ ، ئه‌و قوژبنه‌ی که لای کوویه ئاوه‌که خامۆش بوو ئه‌و ئه‌دیبانه‌ی لێ‌دانیشبوون به هێمنی قسه‌یان له‌گه‌ڵ یه‌کتر ده‌کـرد یه‌کێکیـان نه‌بـێ خۆی لـــه به‌رامبه‌ره‌که‌ی سوور کردبۆوه ، ئه‌م هاوڕێ گیانی به گیانیانــه‌م لـه‌وه ده‌چوون له ناخیانا چتێك قه‌ومابێ چونکه که هاتمه چایخانه‌که‌وه لوتفی جارانیان نه‌ما بوو ، بۆیه هه‌ر ڕووشیان نه‌کرد به‌لامه‌وه ••• (ئه‌نجا چ ده‌ربه‌ست دێم ، پێش سه‌فه‌ره‌که‌م به موو لێم جیا نه‌ده‌بوونه‌وه ، سه‌فه‌رو

مامەلە سەنگی مەحەکە ...) وەك مێش میوانم نەبێ یان وەکی گوێزم بۆ بژمێرن هەموویانم فەرامۆش کرد . ئەمویست کات بگاتە سەر ئەو ژمارەیەی کە ئیتر بکەومە گەڕانی پەناو پەسێرو کۆلانەکانی کەی شارەکەم ، بۆ ئەوەی کاتیش بەرمە سەر خووم دایە خوێندنەوەی ئەو نووسینانەی کە بە دیوارەکانی ناو چایخانەکەدا هەڵواسرابوون ...

١ ـ پاكو تەمیزبە ..

دڵم وەختەبوو بێتە دەرەوە کە کابراکەی لە پشتمەوە دانیشتبوو بەڵغەمێکی فڕێدا ...

٢ـ کە گوڵ نیت دڕکیش مەبە ..

کە روانیمە سەر مێزی چایچی‌یەکە ، دڕکی هێنابووە ناو ئینجانەکەی ...

٣ ـ چاکە لەگەڵ ناکەس بەچە مەکە ..

(ئەو دڕكو داڵەی من لە پێو بەردەمیاندا دەرم‌هێناو ڕامماڵین‌و تووڕم دان چاکەم کرد ، پەنجەی هەنگویناویم خستە دەمیانەوە ، گەستیان ...)

٤ ـ مرۆڤ بە نرخترین سەرمایەیە ..

هەموو ئەوانەی لە چایخانەکەدا بوون هەستان‌و غەڵبە غەڵب پەیدا بوو ، تەنها شەرواڵ گەچاویەك چووە دەرەوە ..

ــ ئەها ئەوەتا یەکێکیان پلیشانەوە .

هەر ئەوەندە ووتراو هەموو لە جێگای خۆیان دانیشتنەوە کەس مەبەستی نەبوو بزانێت کێ‌یەو گوناهبار کامیانن ، بەلام دانیشتوان هەر دەستەی

لای خۆیەوە کەوتنە مقۆ ، مقۆ ••

— (کورۆنا) کە بوو ••

— نەء •• شۆڤەرەکە بوو •

— داتسۆنەکە خۆی پاراست ••

— پیکابەکە شکانیەوە سەری ••

— باوکم شارەکە قەڵەباڵغ بووە •••

سەر شەقامەکە بە ڕێبوار تەنراو کومەڵیان بەست •• لاشەکە دیار نەما ، کاکەی بەرچنە بەشان بێ بەرچنەکەی ئەمدی دڕی بە خەڵکەکەدا تا چووە ناویانەوە ، شەڕواڵ گەچاویەکە هەر لەبەر دەرگاکەوە هاواری کردەوە ••

— ووشەی کچی کاکە مەم بووە بە ژێرەوە ••

کەسیان جووڵەیان بۆ نەکرد ، کە ئەمجارەش ئاوڕم لە شەقامەکە دایەوە ووشەی بریندار بە باوەشی کاکەی بەرچنەوە بوو ئەیهێنایە ناو ئەو ئەتومبیلەی کە لە نزیك چایخانەکەوە وەستابوو خوێن لە برینەکەی ووشەوە فیچقەی ئەکردو ئەپرژا بە جامخانەکەدا ، ژان چووە دڵمەوە وام دەزانی شاریش ژانی پێدا دێت بۆ لە دایك بوونی کۆرپەیەکی وەکو ووشەی دەم بە زەردەخەنەوە •• کە سەرم هەڵبڕیەوەو سەیری شووشەی جامخانەکەمکرد دەزوولە خوێنەکان ئەچۆڕانەوەو نیگارێکی جوانی ئەوتۆیان پێکهێنابوو تا ئێستا لە هیچ ئەتڵەسێکدا بەرچاوم نەکەوتووە ، هەستام لەدیوی ناوەوە بچمە دەرەوەو بە ڕواڵەتی شارەکەما بکەومەوە گەڕان •••

تارمایی‌یەکان

محەمەد فەریق حەسەن

بە چەند هەنگاوێك دوورکەوتنەوە لە یانەکەوە سرووەی کزەبایەك لەشی کرژکرد •• دوای هەڵوێستەیەك ، پانتۆڵەکەی گورج کردەوە • دوگمەی چاکەتەکەی داخست •• یەخەی کراسەکەی چەند جارێك هێناو برد تا بۆینباخەکەی ڕاستکردەوە •• دەیویست وەهای نیشان بدات کە نەیخواردۆتەوە •• لە کۆڵانی یانەکە ترازاو هەنگاوی بۆ سەر پیادەڕەوی شەقامە گشتی‌یەکە هەڵهێنایەوە •• خەیاڵی مەی دەمارە ماندووەکانی لەشی دەهێنایەوە یەك •• لە دوور تەکسی‌یەك دەرکەوت •• دەستی لێ‌ڕاگرت • بەڵام ئەو لەسەر خێرایی خۆی بەردەوام بوو • کە لێی ڕەت‌بوو ئەوسا زانی‌ی پڕی ڕێبوار بوو •• پاڵی بە دارتەلێکەوە داو قنج وەستا •• کزەبایەك بە یەخەی کراس‌و بەرباخەڵیدا دزەی کردو مووەکانی سەر سینگی زیت‌بوونەوە •• نەختێ بەژنی کووڕکردەوەو هەردوو دەستی ئاخنی‌یە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە •

لە هەردوو سەری شەقامەکەوە دەنگ‌و ڕەنگی ئۆتوموبیل نەبوو •• گزە بایەکی تووڕە ، کۆمەڵێ کاغەزو پووش‌و پەڵاشی لوول‌داو بەرەو لای ئەم ڕایفڕاند •• لەگەڵ خۆیدا سەرماو ترسی ئاڵاندە گیانی ••

لۆرییەکی خاکی لەسەرخۆ شەقامەکەی دەپێوا • لە ئاستی ئەمدا پتر خاوی کردەوە • پلاریکیان تێگرت • خۆی لێ‌کردن بە تووڵبڕ ••

لۆرییەکـە ڕەت‌بـوو • • • • سـەرنجی بەدوایـەوە بـوو تـا لـێی ون‌بــوو • • چاوەکانی هەڵگلۆفت • شەوەکەی پار ئەم وەختەی کەوتەوە یاد •• ئەم حەلانەبوو •• چاوی لێ‌بوو جەوهەر خۆی کرد بە مالاّ •• ئەوشەوە هێشتا ئەم نەگەیشتبۆوە ماڵی خۆیان ، لۆرییەك لـەم ڕەنگ‌و نیشانە هەڵیکوتایە سەری‌و جەوهەریان لە نوێنەکانیدا دەرهێنا •• کە دایکی دەرگای لێ‌کردەوە پێی وت :

— چیت‌کرد نەوزاد ؟!•• جەوهەر شیربراتە !•• چەندم پێ وتـی پشت‌مەکەرە ماڵی خۆت•• براکانی بەسەرتەوە ناچن!•• تازەمەگەر سەری‌خۆت بۆ ولاتێ هەڵگری کەس ناوی نەبیستبێ •

— سەریم کردە بەردەباز !•• دنیا هەروا بووە دایە •• ئەم شارەیش جێ‌ناهێڵم •• کێ دەزانێ منم ؟

ماڵەکەی ئـەم لەبەردەمیـدا وەستابـوو دەرگاکەی کرایەوە • باوەشێ توێکڵە شووتی‌یان هەوادایە بەردەمی‌و زرم دەرگایان داخستەوە• ئەمجارەیش سەرنجی هەردووسەری جادەکەی دایەوە • هیچی وای نەبینی مایەی دڵخۆشی بێ •• کەوتە ڕێ :« گەڕەکەکەمان تۆ لە کوێی؟• دەوەرە بەم سەعات هەشتە تەکسیت دەست‌نەکەوێ ؟•• بـۆ سبەینێش بوارت نادەن لە خەتەکانیشەوە بپەڕیتەوە •• هیچی وەهاشم پێ نی‌یە •• منداڵێك وەك کارە کۆرپە سەرم دەبڕێ •• »

جگەرەیەکی نا بەلێویەوە •• چەرخەکەی لێ نزیك خستەوە ••• تارماییـیەك بە بەرچاویـدا رابورد •• ســەری پێ بڵنـد کردەوە •••

شەمشەمەکوێرەیەك بەرەو گڵۆپەکەی بەرامبەری باڵەتەپەیبوو • • •
جگەرەکەی داگیرساندو ملی ڕێگای گرتەبەر •• هەستی راگرت ، تەقەی
پێڵاوەکانی پۆستاڵ ئاسا دەنگیان دەدایەوە •• لە کۆڵانێکی لای چەپەوە
سەگێك بە پرتاو دەرپەڕی • ڕەش ڕەش وەك عەبا ••• هەتا لەم نزیکتر
دەبۆوە پتر هێواشی دەکردەوە ••• لێی کەوتە گومانەوە : « لەوانەیە
نەهێنگر بێ •• کێ دەڵێ نەخۆش نی‌یە » چاوی بۆ بەرد گێڕا ، نەبوو •
پیلێك هاتە بەرچاوی ••• بۆی چوو •• سەگەکەش بە دەوری ئەمدا
نیوەبازنەیەکی دروست‌کردو بەدەم قروسکەوە کلکی بەناو
گەڵیداکردو قلاشتی ••

بە نەفەسێکی قووڵ سەری جگەرەکەی گەشایەوەو چەند پزیسکێکی
لێ‌جیابۆوە • نووسان بە روومەتی‌یەوە • لێرەدا گەیشتە سەری
کۆڵانێك‌و سەرەوژوور بۆوە •• جگەرەکەشی لە دوولێوی ترازاند •
تا هێزی تێدابوو دای بەزەویدا •• چەپکێ پریشکی لێ جیابۆوە •
باکەیش چەند هەنگاوێکی سەرەوخوار تل‌دا ••

کۆڵانەکە تەنگ‌و تاریك‌بوو •• دوو تارمایی وریایان کردەوە
هەناسەیەکی کورتی هەڵکێشا ، دوای نەختێ ئەمجا دایەوە •• سەرنجی‌دا
تارمایی‌یەکان دەجووڵێنەوە • وەکو لەودیو بانیژەکەی بەرامبەریەوە
سەرنجی بدەن وەهابوو •• ئیستێکی کردو کەوتەوە رێ •• کە چاك
وردبۆوە ، جووتێ قەل بوون ، لەسەر گوێسوانەی ماڵەکە هەڵنیشتبوون•
دووباڵەتەپەیان کردو ملێکیان هێناوبردو بە ئاوازەکەی خۆیان بۆ یەکیان
سەندەوە ••

ئاوڕێکی دواوەی دایەوە •• دڵی‌گوشرا •• چاوەکانی گلۆفت‌و
ئاوڕەکەی پاتەکردەوە •• ڕوانی وا دوو تارمایی شوێنی کەوتوون ••

« لە کوێوە هەڵتۆقین ؟ •• خۆ سەر شەقامەکە زیندەوەری لێنەبوو ! »••

ئاواتی بۆ جووتێ شاباڵ دەخواست تاکو پێی بفڕێتــە حەوشــەی ماڵەوە •• پێی هەڵگرت دووای چەند تەکانێك بە تیلەی چاو سەرنجی دواوەی دا، ڕوانیی ئەوانیش پێهەڵدەگرن •• خــاوی کــردەوە ••• هەمدیس ئاوڕی دایەوە ، ڕوانیی ئەوانیش خاویان کردەوە ••

دەنگە دەنگێك گوێی زرنگاندەوە •• جارێك لەسەر پاژنەی پێ بەدەوری خۆیدا سووڕا ، هیچی نەدیت • بەڵام دەنگە دەنگەکە تادەهــات لێی نزیك دەبۆوە •• نەدەچۆوە سەری داخــۆ هی چ گیاندارێکە •• سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی ، ڕیزێکی درێژ قازو قولینگ کۆچیان دەکرد•• سەرنجی بــە دوایانــەوە بــوو •• زوو لەچــاو وونبوونو دەنگیشیان نەما ••

مانگ لەژێر پەردەی هەورەوە سەرهەڵێنا •• ئاهێکی تێکەڕا • • هێندەی نەخایاند دیتی مانگەکە ووردە ووردە ڕەنگو ڕووی جەوهەر دەگرێ •• ئەوەتا پەنجەی شایەتمانی بۆ درێژ دەکات •• کە نیشانــەی تاوانبارکردنە •

« لەگەڵ تۆمە نەوزادی سپڵە •• بۆ وات لێکردم ؟ •• خۆ من سەرم لەڕێتانا بوو •• خاکی بەرپێبووم •• بۆ لەدەمتەوە دام •• دەتەوێ کەللەسەرم بکەیتە بەردەبازو بەسەریدا بپەڕیتەوە ؟ • ڕاوەستە ، بزانــە هاوڕێکانم چۆن تۆڵەت لێدەکەنەوە •• لێدەکەنەوە »••

پەڵەیەك هەوری ڕەش پەچەی بە مانگ پۆشیو کۆڵانەکەی نوقمی تاریکیکرد •• نەوزاد زاری ووشكبوو ئاوڕێکی بەپەلــەی دایــەوە •• جووتە تارماییەکە بەردهاوێژێك لێوەی دووربــوون ••• ئەمجــارەیان لێی عەیان بوو کە دوو زەلامن ، بۆیە تەواو دڵی گوشرا •• تەکانیدا ــــ

بەڵام باکەیش بەرەو دواوە پاڵی پێوەدەنایەوە •• نەوزاد تادەهات شەکەت دەبوو • قاچەکانی بەیەکدا دەهاتن و قاپاوێژیان دەکرد •

× × ×

ئێستا گەیشتۆتە سیلەی کۆڵانەکەیان •• دەرگایەك ، دووان ، سیان ، سەری چوارەمیان ماڵی خۆیانە •• بەژمارە چوارەم ماڵی کۆڵانە ، بە مەزندەش هەر پەنجا هەنگاوێك دەبێ •• بەڵام وەکوتر ، نیوانی سیلەی کۆڵانەکەو دەرگای حەوشەکەیان میانەی بوون و نەبوونە ••

لەوێوە ئاوڕێکی دایەوە • بە دوایەوە بوون •• وەکو ملی بەگیر وەستابێ ئاوڕدانەوەکەی تەواو بە گران بۆ ئەنجامدرا •• بەڵام چاوەکانی وەکو فلاشی وێنەگرێك ئەوەندەیان بە بەرەوە مابوو بتوانن هەناسەیەك لە تەمەنی شەوەزەنگەکە داڕنن • نەوزادیش لەوە حاڵی بێ کە تا چ ڕادەیەك ژیانی لە مەترسیدایە•• چونکە ئەوەندەیان تفاق پێبوو ، نەك ئەمێکی دەست بە تاڵ، بەڵکو دەیانی وەکو ئەمیان پێ بێگیان دەکرد •

تەواو شەکەت بوو •• دەمە داچەقێی پێکەوت • خۆی وەکو گەماڵە خوێری یەك هاتە بەرچاو ، لەسەر هێلکەدزین خڕ دەرگایان لەسەر داخستبێ ، سەگ بەحەسارێکی چاکیان پێکردبێ •• زمانی بە باشی لەزاریدا نەدەگەڕا •• بە دوو سێ تەقەللا • دەستی بۆ بەر باخەڵی برد • وەکو جاران بەدەستی یەوە نەهات • ئەمجارەش هەوڵی دایەوە ، بێهوودە بوو • زانی ی تا چ ڕادەیەك پەشۆکاوە •• ئەگینا ئەو بە دوو پەنجە جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی باخەڵی دەردەهێناو تەنانەت هاوڕێکانی سەر مێزەکەی پێیان • نەدەزانی لە کوێوە دەیانهێنێ •• چنگی بە باخەڵیدا کرد • پاکەتەکەی بەدەستەوە هات •

جگەرەیەکی نا بە لێویەوە•• بە هەردوو دەست، گیرفانی پانتۆڵ،راستو چەپ• هی چاکەت راستو چەپ•• ناوەوە•• هەمووی پشکنی•• دوای دۆش دامانێك لە گیرفانی کراسەکەیدا چەرخەکەی دەرهێنا • لەبەردێك هەڵەنگووت • بە چەند هەوڵێك خۆی گرتەوە •• پەنجەکەڵەی لە ماشەی چەرخەکە گیرکرد •• دەستی چەپی بۆ زمانەی گڕەکە کردە سوپەر •• مژێکی لێدا •• لەوەدابوو هەردوو گوێی بدەنەوە لەیەك •• تامێکی نامۆ سەری زمانی چووزاندەوەو جگەرەکەیش کوژایەوە •• چەند جارێکی دی هەوڵی دایەوە ، بێ ئەنجام بوو •• ئەمجا پشتی کردە باکەو ماڵی خۆیان •• پشتی کردە ماڵی خۆیانو یەکی بە باڵای کێویێك لەبەر روانینیدا قوتبوونەوە • تەنیا گوریسێك لێوەی دوربوون • چەرخەکەی داگیرساندەوە •• تامی جغارەکەش نامۆتر دەبوو •• زانیی بەرەواژ بە لێویەوە ناوە • هەڵیگێڕایەوە سەر لە نوێ ئاگری دایەوە •• لە نێوان گڕی چەرخەکەوە هەردووکیانی بەدیکرد • وەکو دوو شاخەوانی کۆڵبەکۆڵ راستو چەپیان لێگرتبوو ••لەسەر شانیانەوە دوو گوێچکەی ئاسنین سامیان دەنارد •

دەیویست پێ‌هەڵگرێ ••• کەچی لاقەکانی وەکو لەسەر تایمێك چەسپ‌کرابن ، نەیدەتوانی هەنگاوێك لەوە بەرینتر بنێ •• لە دۆخێکدا بوو ، خەونە ئاڵۆزەکانی سەردەمی منداڵیی بیر دەخستەوە • پشیلە کێوییەکی کەللە زلی بەڵەك پێست ، چاو کووژەکەیی ، شوێنی دەکەوت• ها لێرە ها لەوێ ، بە ناو بیشەڵانو تووناوتووندا دەیفڕاند •• لەپڕێکدا قاچەکانی جەمامو زاری دەبەسترا •• ئەوجا نەزمانی دەما ها بکات ، نە قاچی دەما ڕابکات •• لەوەدابوو قەپاڵی پشیلەی تایین بگاتە قولە پێیو خەبەری دەبۆوە •

ئێستاش ، نە ئەوەتا گیانی بچن‌و نە ئەوەتا وازی لێ بهێنن • سێبەرئاسا بە شوێنی‌یەوەن ••

دەنگێکی باریك‌و درێژی چاوەڕوان نەکراو هاتە بەرگوێ • لەگەڵیدا دڵی بازی‌داو لەوەدابوو لەمووتی‌یەوە بێتە دەرەوە • بە جووڵانەوەیەکی خۆنەویستانە بەلای دەنگەکەدا بای‌دایەوە •• چاوی وردکردەوە وا گوربەیەك لێی زیت‌دەبێتەوە •• چاوەکانی وەکو دووکەلا شووشە دەبریسکێنەوە • سەرپشتی کووڕ •• خۆی کرژ کردبوو ، وەك لە بۆسەی جرجێکدابێ • نەوزاد زیاتر ملی چەقی‌یە ناو شانی‌یەوە •

پشتی کردەوە ماڵی خۆیان • دیتی بەرەبەرە لێی نزیك دەبنەوە •• سمێڵ قەوی‌یەکەیان لای‌ڕاست‌و باریکەلەکەیان لای چەپی لێ گرتبوو •• لەبەر تروسکایی گڵۆپی کۆڵانەکەیان دەیتوانی ڕوخساریان لێك جوێ بکاتەوە • هێجگار ئەوە کۆڵەی کوتابوو دەنگیان لێوە نەدەهات ••• ئەم بێ‌دەنگی‌یە بە سامە وەکو مۆتەکە چۆکی دادابووە سەر کۆڵەی سینگی •

ویستی گوڕ بداتە خۆی‌و ئەو چەند هەنگاوە بە گورجی ببڕێ •• زۆری لەلاقەکانی کرد •• بێ هوودە بوو ••

بایەکی تووڕە تەزوویەکی ساردی دابەڕوویدا • جغارەکەی کەشایەوەو پزیسکەکانی بەرەورووی بوونەوە • کۆکەیەکی تاسێنەر بەربینی گرت •• جغارەکەی تووڕهەڵدا•• کۆکەکەی خاوبۆوە•• هێزی دایە بەر خۆی •• ئەوانیش پێیان هەڵگرت •• وەکو بیانەوێ مریشکێك بگرن سمێڵ قەوی‌یەکەیان لای ڕاستەوە ئامبازی دەبوو دەیویست تەنگاوی بکات ، باریکەلەکەشیان لای چەپەوە باوەشی بۆ کردبۆوە •• خەیاڵاتێکی خراب بە مێشکیدا گوزەری کرد • « ئێستا تەواو لەوە دڵنیام کە براکانی جەوهەرن ، بە نیازی تۆڵە هاتوون ••• خۆیانن •• »

لەو ساتەدا ، تەواو هەستی بە بێدەرەتانیو تەنیا باڵی‌دەکرد •• وای دەزانی لە بیابانێکدا گیری خواردووە ، هەرچی ژیانبێ تێیدا نی‌یە ••• تەنانەت حوشتر خۆریشی تێدا نەڕواوە •• تا چاو بڕبکات دەریایەك لمی ڕووتـە •••

بۆ یەکەم پێپلکە پێی هەڵهێنایەوە • دوو پلیکانـەی‌ترو دەسـتی دەگاتە دەرگاکەیان •• لێی دەدات •• ئـەو جۆرە لێدانـەی خـۆیان لەسەری ڕێکەوتوون •• دایکیشی بە پرتاو بە دەنگی‌یەوە دێ :

– لەگەڵ تۆمە کوڕم نەوزاد ، ڕووسیات کردین •• چۆن دڵت هێنای وات لە جەوهەر کرد •• شیربرات بوو •• کوڕی گەڕەك بوو ••

– جەوهەر بەردەبازەو بەسەریدا دەپەڕمەوە ! • دوای ئەوەش کێ گومانی بۆ من دەچێ ؟

– وا مەڵێ •• لەم شارەدا بە قەدەر نووکـە دەرزی‌یـەك شـت وون نابێ • تاوانت کرد ••

کەوتە خۆی •• هەموو هێزی کۆکردەوەو شاڵاوی بۆ دەرگاکـە برد •• لەسەریەك کەوتە کوتانی •• کاتێکی زانـی بە جووتـە لەسـەر پلیکانەکانو لایان لێ‌بڕیوە •• بە هاڵاوی هەناسـەیان بناگوێی گـەرم داهات •• ئەبڵەق بوو •• وای هەست‌کرد تاریکە شەوەکەی لێ خەستتر دەبێو شەوەکە هێندەی عەبایەکی ماوەتەوە •• سینگی توندبـوو • وەك بەندی دڵی دەرکێشن بێ‌هێزو لەرزۆك ، لەبەر دەستیاندا ووشك وەستا•• ئەوەی زیاتر پرزەی ئەمی بڕیبوو بێدەنگی‌یەکەیان بوو •• وەك بەرخی ژێر چەقۆی قەساب لە تێڕامانی دەستو چەقۆکە پتر چاری نەمابوو •••

دیسان لەسەر یەك کەوتەوە کوتانی دەرگاکـە •• بـەڵام دایـکی بەدەنگی‌یەوە نەهات •• وەك ئەمشەو هەموو لایەك تەنانەت دایکیشـی ،

لەسەر مەحفبوونەوەی ڕێك كەوتبن وەهابوو • تروسكەی لەچوار كەناری بەدی نەدەكرد • (پشت مەكەرە ماڵی خۆت •• براكانی جەوهەر •• مەگەر سەری خۆت بۆ وڵاتێ هەڵگری •• تاوانت كرد •• تاوان •• »

وەك شەوگەرد بە دیوارەكەدا هەڵزنا •• بەڵام هەریەكە لاقێكیان گرتو بەریاندایە خوارەوە •• لەسەر گازەرای پشت كەوت •• وەكو دوو حووچ بە ژوور سەرییەوە ڕووان •• دوای كەمێك هەریەكە وا دەستیان دایە پەنجەتووتەیەكیو ڕاستیان كردەوە •• ئەمجارەیان وەك پشیلەیەك تەنگاو كرابێ خۆی كرژكردو بە هەردوو چنگی پەلاماری سەرو مێزەرەكەیانی داو یەك بەخۆی هاواری كرد :

– من براكەتانم نەكوشتووە !

كڵاوو مێزەری هەردووكیانی بەدەستەوە هات ئەبڵەق وەستا ••• هەرچاوێكی بە قەدەر هەڵووژەیەك دەرپەڕی •• كەوتە لێوەلەرێ ، كاتێ سەرنجی دا ، بە جووتە كەسی ترنین خۆی نەبێ !! •• هەردوو ڕووەكەیش دەمامك بوون •• نەوزاد لە ناوەراستدا • دوانەكەی دی كە هەر خۆی بوون لەملاو لەولایەوە وەستابوون ••

بەرەبەرە هێزی لەبەر بڕا •• نوشتایەوە •• دوو قەد بوو •• سێقەد بوو •• لەسەر پلیكانەكان ڕەهێڵبوو ••

لەودیویشەوە دایكی تەواو پەشۆكابوو ••• چونكە تاكو ئێستا ئەو جۆرە لەدەرگادانەی نەبیستبوو ! •• وەكو تریش نەوزادی كوڕی هێشتا بە دەرەوە بوو •••

ئەو لە بازنەیەکی داخراودا

زاهیر ئەحمەد سەوز

پەیمان سەرسنگی بە وێنەی جوانەمەرگ نەخشاندبوو کراسـەرەشە ئاو دامانەکەی‌و باریك‌و بنێسی‌و ڕەنگ زەردیی نیشانەی‌خەمـێکی گەورە بوون لەگەڵ ئەوەشـدا هـێزو پتـەوی لـە قوڵایـی چاوەکانیـا ئەدرەوشانەوە •

بە هات‌و چۆی سەر گۆڕەکەی جوانەمەرگ کڵپەی ئازارەکانـی دەروونی خەفە ئەکرد • گلێنەی چاوەکانی تێ‌ئەبڕی ، بارستایی گڵی سەر گۆڕەکەی ئەبووە کاغەزێکی سلوفێن‌و لە ژێریا جوانەمەرگی بەدی ئەکرد • بەم دیمەنە برینی کۆن‌و نوێی قەتماغەی ئەبەست • کاتـێ پەیمان بە خۆیدا ئەهاتەوە تیشکی خۆر ستوونی ئەیدا لە تەوقی سەری• دوو لێوی ووشك‌بووی ئەنایە سەر کێلەکەی ژوور سەری‌و ماڵ ئاوایی لەگۆڕەکەی‌و گۆڕستانەکە ئەکرد• سەری بە سەر سنگیا شۆڕ ئەکردەوە، چمکی عەباکەی دڕك‌و داڵی گۆڕستانەکەی ڕائەماڵی • جڵەوی خەیاڵی بزرکاوی شل‌ئەکرد • لە زۆر لاوە قوناوی بـیری ئاڵـۆزی هەڵگرت هیچی دەست‌گیر نەبوو هەر چمکێکی ژیانی ڕابوردووی هەڵ‌ئەدایەوەو ئەکەوتە گەمە کردن لە تەکیا برینەکانی ئەهێنایەوە سوێ‌و ناچار دەست بەرداریان ئەبوو •

لە دامێنی گردەکەدا عەشاماتێکی گەورەی بەدی کرد • ئەم دیدارە بەلایەوە سەیر نەبوو چونکە ئاشنایەتی لە تەکیانا پەیداکردبوو لە بن دار ئەرخەوانێکدا خۆی مەلاس‌دا • لە ناو عەشاماتەکەدا (ئەو)ی بەدفەڕو ئێسك قورسی بەدی کرد ، هەر بەبینینی شریخەی قین لە چاوەکانیـا کلپەی سەند بەدەم هەناسە هەلکێشانەوە •

(ـ مالی ناچاریم بە قوڕگرت کە بە پیاوی وات ئەناسێنێ) •

سەرتالی بیری کۆنی هەلکردەوە • ئەو ڕۆژەی هاتەوە یاد کـە لەبەر دەمیا دۆش داما لە ئەنجامدا بێ سێ‌ودوو پەنجەی تاوانی بـۆ درێژکرد (ئەو)یش ئەو کاتە بە دوای چارە سەرێکدا ئەگەڕا • بەلام ئەو چارەسەرە لە قوللەی قافا گیری‌خواردبوو• کاتێکیش دەست‌گیری‌بوو بووە مارەکەی شێخ ئومەرو ئالایە ملی زیاتر خۆی بۆ بیری ئەو ڕۆژەی شل‌کرد • وەك هەورە برووسکەی بەهار قاقاکەی (ئـەو) لـە گوێ‌یدا زرنگایەوە ووشەکانیشی وەك دووپشك بە جگەری‌یەوە دان کە ووتی :ـ

ــ هەر ئەبێت بکرێت • ئەمانە خەوو خۆراکیان لێ‌حەرام کردووم

هێدی هێدی قسەکانی هاتەوەیاد کە ووتی :

(ـ کوێخا عەزیز نەخشەی لەناو بردنیانی بۆ کێشاوم) نەخشەکەی کوێخا عەزیز دەست لە ملانی پیلانەکانی (ئەو) بوو •

پێـش ئەوەی کار ئەنجام وەدەستبێنێ • لـە لوتـکەی بـەرزی ئاواتەکانیەوە هەلدێرایە کەندەلانی هەزار بە هەزاری تـوونی پابـاوە • بێ‌دەستەلاتی ، جیهانی پان‌و بەرینی لێ‌کردبووە چەرمە چۆلەکە •

(ئەو) پارچە کاغەزە زەرد هەلگەڕاوەکەی لە باخەلی دەرهێنا دایە بەر تیشکی سەرنجی ووشەکانی کال ببوونەوە• لە ناو پارچە کاغەزەکەدا کۆمەلێك دەرمانی ڕەنگاوڕەنگ بەندکرابوون •

(ئەو) ڕووی دەمی کردە پەیمان •

ــ ئا ئەمەیە دەرمانی دەردیان •

(الفاتحەی) مەلا شریتی خەیاڵی پساند لە پەنا کێلەکەداو لە ژێر دار ئەرخەوانەکەدا خۆی دۆزی‌یەوە •

هێدی هێدی (ئەو) لە پەیمان نزیك ئەبووەوە لاقەکانی بە دوای خۆیدا ئەخشاند وەك مێردەزمە لە ژوور سەری ڕاوەستا • پەیمان هەردوو چاوی تێ‌بڕی‌و دایە بەر سەرنجی گاڵتەجاڕی (ئەو)یش بە سەرشوڕی‌یەکەوە دەستی‌برد بۆ باخەڵی هەر ئەو پارچە کاغەزی زەرد هەڵگەڕاوی دەرهێناو یەکالای کردەوە •

(پەیمان) دەرمانە ڕەنگاو ڕەنگەکانی هاتەوە یاد • لەگەڵ یادکردنەوەی دەرمانەکاندا سەرنجی پەشۆکاوی‌و چرچ‌و لوێچی لامل‌و دەم‌وچاوی ئەدا •

ڕازی قسەی بۆ پەیمان دابەست (پەیمان) یش بە ناچاری گوێی بۆ قسەکانی شل‌کرد • لەگەڵ گوێ شل‌کردنەکەدا بە تیشکی سەرنج لەشی ئەنجن ئەنجن‌و دەرزیاژن ئەکرد •

(ئەو) درێژەی بە قسەکانی دا ، وەك گوێز بۆ پەیمان بژمێری هیچی لێ‌حاڵی نەبوو •

دووا قسەی (ئەو) وەك هەزار پێ ، چنگی لە مێشکی پەیمان گیرکرد (ئەو)یش بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ هەر ئەو قسەیەی دووپات کردەوەو ووتی :ــ

ــ دەرمانەکان ماڵیان وێرانکردم •

پەیمان خۆی لە قسەکە گێل‌کرد موچوڕکەی خۆشی سەری

هەڵدا ، بزە باڵی کێشا بە سەر لێوەکانیا • لە دڵی خۆیدا ووتی •

(ـ ئەمە تۆیت وا زەلیلو داماو دان بەم کارەدا دەنێیت •)

پەیمان هەستایە سەر پێو چاوەتیژەکانی تێبڕی •

— کام دەرمان ؟!

(ئەو) مۆڕەیەکی لە پەیمانکردو بە ڕوویا هەڵشاخا •

— ئەڵێیت کام دەرمان ؟! ئەو دەرمانانەی لە ناو ئەم کاغەزەدا بوون بزەیەکی نوێ لە ناخی پەیمانا سەری هەڵدا ، چاکتر گوێی بۆ قسەکانی شل‌کرد ، پەیمان بە هەلی‌زانی‌و پرسیارێکی دا بە گوێیدا

— بۆ ماڵیان وێران کردی ؟!

هەردووکیان نقەیان لێ‌بڕا • دوای هەڵڕوانینێکی بێ‌هوودە یەکتریان بەجێ هێشت •

پەیمان شەقاوی خێراتری نا ، بە پەلـە خـۆی کرد بە ژووردا ئاوڕێکی لە وێنەکەی جوانەمەرگ دایەوە ، وەك مزگێنی‌یەکی گەورەی بداتێ ڕووی تێ‌کرد فرمێسکێکی قەتیس‌ماو لە پێڵوەکانی خۆی رزگارکردو بە سەر ڕوومەتیا بەرەو خوار بووەوە • کۆرپەکەی چمکی کراسەکەی ڕاکێشا •

— دایە بۆ ئەگریت ؟

پەیمان بە پشتی دەستی فرمێسکەکەی سڕی بە هێواشی ووتی :

— کوڕم لەخۆشیدا •

کۆرپەکە زیاتر پیا هەڵزناو سەری بەرزکردەوە •

— باوکم یەتەوە •

شکاند • ئەوەی کە زیاتر پێوەی خەریك‌بوو دەرمانەکان حەمە لاو سەری

پەیمان دانەوی‌یەوەو باوەشی پیاکرد • چاوی بڕی‌یە چاوەکانی‌و دوو لێوی ووشك هەڵاتووی‌کردەوە •

— کەس نی‌یە ئەم تەلیسمەم بۆ بشکێنێ •

ترپەیەك ملی بە پەیمان وەرچەرخان بەرەو دەرگای ژوورەکە حەمە لاو خۆی کرد بەژوورا • پەیمان بە دیداری شادبوو •

چونکە ماوەیەك بوو سەری لێ‌نەدابوون بەرەو ڕووی حەمە لاو ڕۆیشت • حەمە لاویش بە زەردەخەنەوە ڕووی‌کردە پەیمان •

— کام تەلیسم پەیمان خان ؟ !

پەیمان هەناسەیەکی هەڵکێشا • ڕووی وەرچەرخانەوە بەلای جوانەمەرگ‌دا و ووتی •

— ئێستا لە گۆڕستان گەڕامەوە • تەرمی یەکێکیان بەڕێ‌ئەکرد (ئەو)یش‌یان لەگەڵ بوو •

زەردەخەنەیەك لەسەر لێوەکانی حەمە لاو نەخشاو ووتی :

— ئاگادارم • درێژەی بە قسەکانی‌داو وەك بارانی گەواڵە هەوری بەهار قسەی داڕشت :

پەیمانیش زیاتر گوێی بۆ قسەکانی شل‌ئەکرد •

قسەکانی حەمە لاو بوونە ئاوو تینوێتی چەند ڕۆژەی پەیمانیان شکاند • ئەوەی کە زیاتر پێوەی خەریك‌بوو (دەرمانەکان) بوون• حەمەلاو سەری ئازایەتی بۆ پەیمان لارکردەوە خەریك‌بوو لە دەرگاکە ئاوا بێ • بانگێکی لێ‌کرد •

— بەسەرهاتی دەرمانەکان چی‌یە ؟

حەمە لاو خۆی گورج‌کردەوە هێزی دایە خۆی‌و ووتی •

ــ زەماوەندەکەی پارت لە بیرە ؟
پەیمان سەرێکی بۆ لەقاندو هەردوو چاوی تێبڕی •
حەمە لاو درێژەی بە قسەکانیدا •

ــ (ئەو)و تاقمەکەی زۆر خۆریان‌کرد • لە ئەنجامدا ئینتەلایـــان کردبوو پیزەش لە دەرمانەکانی کردبوو بە قورگیانا •
(پەیمان) بە پەرۆشەوە ووتی :ــ

ــ ئەی (ئەو) لێ نەخوارد ؟ !
حەمە لاو بە پێکەنینەوە •

ــ پیلان پیلانی (ئەوە)و پیزەش دەرمانەکانی لێتێك چوبوو •
لەم کاتەدا جارچی دەنگی لێبەرز کردەوە •
ئەمانیش متەقیان لە خۆیان بڕیو گوێیان بـۆ شل‌کـرد هـاواری ئەکـرد •

ــ ئەوەی ترسی لـە خۆیەتـیو لـە دەرمانەکانـی ، دەسـتی پیزەی خواردووە • بەزووترین کات بگاتە خەستەخانە •
پەیمان بە قاقایەك پەردەی گوێی حەمە لاوی لەراندەوە لەگـەڵ قاقاکەدا ووتی :

(ئەی نەت بیستووە ئەوەی چاڵ بـۆ خەڵـکی هەڵکەنێ خـۆی تێئەکەوێ •)

چیرۆك

ســـــەفەربەر

سەلام مەنمی

تاقی‌کردنەوەی ساڵت کۆتایی پێ‌هێنا ، بەرەو گوندەکەت خۆت پێچایەوە •• مسوەدەی چیرۆکی سەفەربەرت نایــە گــیرفانت ، ئـــەو چیرۆکەی دەمێك بوو لە خولیای نووسینیا بووی‌و ڕووداوێکی گرنگ بوولە ڕابوردووی گوندەکەتا •• سواری ئۆتۆمۆبیل بووی ، لە شـــار دەرچوویت ، چیرۆکەکەت لە گیرفانت دەرهێناو ویستت سەیرێــکی بکەیت •• بەڵام بــیرت لە گــێژاوی ڕۆژانی تاقی‌کردنــەوەدا ون‌بوو ، مێشکت وەك بەردی ئاسیاو ئەخولایەوە ، ناچار ناتەوە گیرفانت ووتت :ـ مەگەر لە گوندەکە بیهێنمە قۆڵە ، گەیشتیتە نزیك گوندەکە : (لێرەدا چەند جار کارو بەرخت لەوەڕانووەو زاومات‌کردن ، دایکت لەگەڵ دەستە کیژان‌و ژنانی گوندەکەدا بۆ مەڕ دۆشین ئەهاتن ، جار جاریش دەستیان ئەگرت ، حەمە شوانیش شمشاڵی بۆ لێ‌ئەدان ، کە ماندوویش ئەبوو ، بە شیرەوە ئەکەوتە پارو گلاندن •• ئەوەیش زەوییەکەمانە ، چەند جار باوکم گاوخانی تیا بڕیتەوە ، چەند جار بەرگاییم تیاکردی •)

چوویتەوە ئاوایی •• پشووت گرت ، مسوەدەی چیرۆکەکەت ،

لەبەردەمتا داناو دەستت نایە ژێر   چەناگەت ، کەوتیتە بیرکردنەوە ، دیمەنی ئەو پرسیارانەت هاتەوە یاد کە خاڵە (ڕەجەب) لە باپیرتی کردو وتـی : ـ

ـــ وەزعی ئەم گوندەی ئێمە لە سەفەربەردا چۆن بووە ..؟

ـــ ئەم گوندە ، ئێستا سەری ساماڵـەو پەلیهاویشتـووەو خۆی لـــە دانگەی کوڕەکاژاو داوە ، درەختەکانیشی لەگەڵ چیاکەدا کۆڵەکە ئەدەن‌و هەر یەکە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی پۆشیوە ـ سەفەربەر وەك بایە قوژ بە دەنگی ناسازی گرمانی بە سەریاو سەری بـە هـەور گرت ، دنیای بە کەوە ڕۆژ لێ‌کرد ، مۆریان‌و چنگنە وەك تەتەڵە میران ، دابوویانە لاشەی مرۆڤ بۆنی لاشەی مرۆڤ ساتە ڕێیەك ئەڕۆیشت لەمانەیش جگەربرتر زەفتیەی عوسمانلی بوو .. هاتن دڵڕەقانە دارستان‌و زەوییەکانیان سووتان کانیاوەکانیان کاول‌کرد، بەڵام چۆن دارستانێك ، لە ئێستا جوانتر گوندەکەیان ڕازانبۆوە .. خاڵە قسەکەی پێبڕی‌و وتی :

ـــ بۆچی سووتانیان ..؟

ـــ ئەیان‌ووت ئەم گوندە سەرپێچی لـە کارمـان ئەکات‌و ڕەدیفیـان زۆرە ، . .

ـــ ڕەدیف چی‌یە . . ؟

ـــ هەڵاتوو .

ـــ بۆ کوێ چوون ..؟

ـــ هەریەکە بە لایەکا ئاوارەبووین .

خاڵە سەری بۆ لەقاندو وتی :ـ بەڵێ .

باپیرت کەوتەوە قسەکردن :

— مرۆڤ کەوتە قاچو قووچ ، هەر شەوەی چەند ماڵو کولێن ئەبررا ، دز لەو ڕۆژەدا ، تێر بوو ، سامی هەبوو ژیان کەوتە سەر شیرێژو قاوتو گوڵەبڕە ••

— ئەوجا ئەتتوانی دزی بکەیت •• ؟

— من دزیم نە ئەکرد •• بەڵام مامم جار جار خۆی وونئەکرد ، لەولاوە بە چارۆکەیەك گوڵەبڕەوە ئەهاتەوە لە یادمە ، جارێ ، دوو تا خەراری هێنایەوە ، مچەی دراوسێمان لێی کڕیو شەرواڵێکی لێدروست کردنو لە پێی هەڵکێشا •• زەبرو زەنگی سەفەر بەر بەرباد بوو •• بەرچاومان ڕوونبۆوە ، ئەوەی مایەوە خۆی پێنەگیرا ، بە پیادەیی بە شاخو هەردا بە بیابانو دۆڵا هاتینەوە بۆ گوندەکە •• بەڵام بە داخەوە زۆر کەس سەرینەهێنایە دواوەو کەوتنە ناو گۆمی لیخنی سەفەربەرەوە ، خنکان ، بە تایبەتی مام فلامورز ـ ئەگەر ئەو بمایە من چ حەددێکم هەبوو باسی سەفەربەر بکەم ، هەموو شتێك لایەق بەو بوو ، بچووکترین کارەساتی لە بیر نە ئەچۆوە ••تۆیش دەستت دایە قەڵەمەکەتو ئەو قسانەت بە هەوێنی چیرۆکەکەت کردو کۆتاییت پێ هێنا •••

ئاگاداری

ئەو بابەتەی بە ناوونیشانی « ئەم چیرۆکانە » لە لاپەڕە (٤٢)دا بلاوکراوەتەوە ، پێشەکیی چیرۆکەکانە کە لە لاپەڕە (١٠٤)ەوە دەستپێئەکەن ، بە هەڵە پەڕیوەتە ئەو شوێنەوە • تکایە خوێندەواران ئاگاداری ئەوە بن •

نووسەری کورد

منو هەر چواریان

م . ع . م

(یەك) :ـ

ڕەنجبەری کوێخا رەجەب بوو ، دەیزانی زۆر شت هەیەو نایزانێ . نازانێ بۆ دانیشتووانی ئاواییەکەی لەم رۆژانەدا توڕەنو لە هیچە منالەکانیان دارکاری دەکەنو بە خۆڕاییی دلی ژنەکانیان دەڕەنجێنن .

« یەك » لەبەر خۆیەوە دەیووت :

ـــ (شتێ بووە .. ڕەنگە کەسێکی گەورە مردبێ ..) دلگیر بوو ، نەیدەزانی چۆن خۆی بخلافێنێو دلخۆشیی خۆی بداتەوە ، گەلێ جار گەمەی لەگەل تاقە بەرخەکەیدا دەکرد ... ئەمسال کوێخا وەکو سالانی پێشوو هانی ئیش کردنی ناداتو پێی دەلێ :

– کوڕم ئەزیەتی خۆت مەدە بێسودە .. کوڕم بێسودە ..
لەم قسانەی کوێخا سەری سوڕدەماو لەبەر خۆیەوە دەیووت .

ـ (ئەمە کوێخا نییە وا مالی خۆی مفت دەبەخشێ . سالانەکەم دەدات.. هانی تەمەلیشم دەدات .. ئەمسال هەر هیچم بۆی نەکردووە ... شتێ هەر بووە ..)

«یەك» لەبەر بێ ئیشی زۆربەی رۆژگاری لەگەڵ تاقە بەرخەکەیداو لە هەردەکاندا بەسەر دەبرد •• ئێوارەیێك بەرەو ئاوایی دەهاتەوە ، لەپڕ لەسەر ملەکەدا هەڵوێستەیێکی کردو پەلاماری بەرخەکەی‌داو گرتییە باوەشەوە • « یەك » بە وردی سەرنجی دەدایە ئەو دوو هێڵە هاوتەریبەی بەر پێی‌و لەبەر خۆیەوە دەیووت •

ـ (ئەڵێی جێ خشکەی دوو ئەژدیهای عاشقەو ماشقەن) •

کە بە وردی تێی راما زانی جێی تایەی لۆری‌یەو چەن لۆری‌یەك هاتووەتە ئاواییەکە ••

(یەك گەلێ دڵی بەرەنجبەری‌یەکەی دەکرایەوە ، ئەگەرچی لەم دێیەدا لە دایك نەبووەو نازانێ لە کوێ لە دایك بووەو دایك‌و باوکی خۆی نەبینیوە ، چاوی کردووەتەوە لەناو فەرەنجییە کۆنێکدا خۆی بینیوەو رەنجبەری کوێخا رەجەبە •• « یەك » ئەوەندە ئەم دێیەی خۆش دەوێ تا بە بارە مەڕەکان‌و بە حیلکە ماینەکانی دەناسێ ، گەورەو بچوکی دێیەکەیش « یەك » یان خۆش دەوێ) •

توند بەرخەکەی گوشییە سنگیەوەو بەوردی گوێی هەڵخست‌و پێکەنی •

ـ (رەنگە کوێخا رەجەب مێگەلە مەڕێکی تازەی کڕیبێ •• رەنگە بووبێ بە شوانکارەی گەورە پیاوێك •• چاکە ئیتر بێ ئیش نابم‌و شوانی دەکەم ••)

زەڕینی کەرێك مەزەنەکەی تێکدا ••

ـ (رەنگە کوێخا میوانی هاتبێ)

ورده ورده له مله‌که‌وه بۆ ناو ئاوایی داکشا ، به‌رخه‌که هه‌ر به باوه‌شی‌یه‌وه بوو •• هه‌ندێ مناڵه ورتکه‌ی بۆر بۆری بینی ، هه‌ندێ زه‌لامی بینی وه‌کو مێروله به‌یه‌کا ده‌هاتن‌و ده‌چوون‌و قسه‌یان ده‌کرد •• «یه‌ك» تێنه‌ده‌گه‌یشت چی ده‌ڵێن •• حه‌په‌سا •• لێی کۆبوونه‌وه ، سه‌ری لێ تێکچوو ، لێیان کرده هه‌ڵلا ، پاشه‌و پاش کشایه‌وه ، خۆی خسته نێوان هه‌ردوو هێڵه راکشاوه‌که‌ی سه‌ر زه‌وی‌یه‌که‌ی به‌ر پێی ، به‌ره‌و خوار ، به‌راکردن ملی‌نا • هه‌ناسه برکێ‌و ترس ته‌نگی پێ هه‌ڵچنی هه‌ندێ جار هه‌ڵوێسته‌یێکی ده‌کرد ، نه‌ك بۆ ئه‌وه‌ی هیلاکیه‌که‌ی ده‌رکات‌و بحه‌سێته‌وه ، به‌ڵکو به‌دوای دوو هێڵه‌که‌دا ده‌گه‌ڕا که له هه‌ندێ شوێنی زه‌وی‌یه ره‌قه‌کاندا ون ببوو •• تا ئه‌یدۆزییه‌وه‌و خۆی ده‌کوتایه نێوان دوو هێڵه‌که‌وه شپرزه‌یی ئه‌ژنۆی بێ هێز ده‌کرد ، ئه‌وه‌نده رایکرد هه‌ر نه‌گه‌یشته ئه‌و سه‌ری دوو هێڵه‌که •• سه‌ره‌ڕای هیلاکیه‌که‌ی هه‌ر بێ ئومید نه‌بوو ، زیاتر ته‌کانی ده‌دایه به‌ر خۆی له‌پڕ «یه‌ك» به‌سه‌ر چۆك‌و به‌ده‌ما که‌وت ، شه‌پۆلی ده‌نگی ته‌قه‌یێك په‌رده‌ی گوێیه‌کانی ماچ کردو بووه دوا ده‌نگێ که (یه‌ك) بیبیستێ ، به‌رخه‌که‌ی باوه‌شی په‌ڕی• (یه‌ك) بێده‌نگ بو ، له نێوانی هه‌ردوو هێڵه‌که‌دا وه‌کو خه‌وی لێکه‌وتبێ ئاوها راکشا بوو ••

کاتێ خوێنه‌که‌ی «یه‌ك» هێڵێکی باریکی دروست کردو جه‌مسه‌ری هه‌ردوو هێڵه هاوته‌ریبه‌که‌ی به یه‌ك گه‌یاند ، چه‌قۆیێکی تیژ خوێنی به‌رخه‌که‌ی رژانه سه‌ر خوێنه‌که‌ی «یه‌ك» •

(دوو) : ـ

خه‌جێ له‌بری خوێن درابوو به فه‌تحوڵلا بۆ باواخونی له گه‌ڵ «دوو»ی شوبرا بچکۆلانه‌که‌یدا ، ده‌ڕواته‌وه بۆ دێیه‌که‌یان ، پاش

چەند ڕۆژێ دەگەڕێنەوە •• سەرتاسەری ڕێی گەڕانەوەیان خەجێ شۆخیی لەگەڵ «دوو»ی شوبرایدا دەکاتو پێی دەڵێ •

— بەم زووانە دەبیت بە مام •• مامە •

«دوو» لە خۆشیا خەریک بوو پەڕو پۆ دەرکات لەبەر خۆیەوە دەیووت :

ـ (من هێشتا نازانم سیغار بپێچمەوە •• دەستم ناتوانێ دەستەدوو بگرێ ، چۆن دەبم بە مامە •• ؟)

خەجێو «دوو» بەدەم قسەکردنەوە گەیشتنە ناو ئاواییەکەی خۆیان•• گەلێ هیلاک بوون، ئارەق بەر چاوییانی گرتبوو •• کەسێکی ناسیاویان نەبینی •• سەریان سوڕما •• دڵنیابوون ڕێگەیان ون نەکردووە • ئەوەی دەیبینن نەک نایناسن بەڵکو لێنی‌حاڵی نابن شپرزەبوون •• لێیان کۆبوونەوە «دوو» ڕایکرد ، دەرباز بوو ، خەجێ جێما •• !!

«دوو» ئێستا لەشارە گەورەکەی نزیکی دێیەکەیان بۆیاغچییەتی دەکات لە چایخانەکاندا دەنوێت نە دەزانێ دایکو باوکیو فەتحوڵلا ـی برایو خەڵکی ئاواییەکەی لە کوێنو بۆ کوێ براون• نەبیریشیان دەکات• تەنها بیرکردنەوەی ـ کە شەوو ڕۆژ ئازاری دەدات ـ ئەمەیە •

ـ (بشێ کاتێ برازاکەم بدینم لە زمانم تێبگات ؟؟)

(سێ) :—

تەمەنی ٣٠ ساڵە لەم ڕۆژانەدا گەلێ تووڕەو مۆنە ، بە پێچەوانەی زۆربەی خەڵکەکەی دەورو بەرییەوە ، تارمایی ترسێکی نادیاری وەکو مۆتەکەیێک چۆکی ناوەتە سەر سنگی هەموو ئێوارەیێک وەکو مناڵ وڕک دەگرێو بە باوکی دەڵێ :

— تاوێروتاشە بەرد خوێنی تیا نەهێشتووم ، لە رۆژێکا دەیان جـار پێم هەڵدەکەوێ ، هەموو نینۆکەکانم وەرین •• دڕکو داڵی ئـەم ناوچەیە وەکو سوژن دەچەقنە دەرونمەوە ناتوانم ـ ئەم زەوییە ـ بکێڵم •• باوە •• بابە •• تکا ئەکەم با بگەڕێینەوە بۆ هەرێمەکەی خۆمان •• « زەوی نادۆزرێتەوە ، زەوی خوای خاوەنییەتی » بـا بگەڕێینەوە ، ئەم دێیە بەجێ بێڵین ••

باوکی «سێ» رۆژگارو تاقیکردنەوەکانی بـۆی سەلمانـدبووکە : ناشێ ••• تا سەر نییە هەر ئەبێ ••• با ئەمرۆ ••• سبەی ••• با چەن ساڵێکی دیش ••• بەڵام هەر ئەبێ •••!! دەیشیزانی کوڕەکەی راست دەکات ••

«سێ» ئەوەندە بیانووی گرت ، ئەوەنـدە لە خـواردنو قسەکردن تۆرا ، تا باوکی بەزەیی پیا هاتەوە ، هەر بۆ دڵدانەوەی کوڕەکەی خەونە ئاڵۆزەکانی خۆی بۆ دووبارە دەکردەوە :

ـ « ئا •• کوڕم •• لە خەوما کۆترێـك ئەیگـمان ، هەراسانـی کردم تێگەیشتم ، دەیەوێ هێلکەکانیشی بگوازێتەوە •• لەم خەونەمـدا ئەوەندە بەزەییم بەم کۆترەدا هاتەوە ، دەنگی هەنیسکی گریانـم تێکەڵ بە گمەگمە بەسۆزەکەیبوو • هێلانەکەیم دۆزییەوە ، هەردوو هێلکەکانییم نایە سەر مشت ، نەمدەزانی بە چ زمانێ تێبگەیێنم کە منیش بێ دەسەڵاتم •• ناچارم •• هەزاران کیلۆمەتر ڕێگا بە خۆڕایی شرەو پرەکانیمان گواستووەتەوە بـۆ ئەم دێیە •• ناتوانـــم سەرپێچی بکەم دووچاری ئاوارەبیو دەربەدەری دەبم •• ئێستا گەر سەرپێچیش بکەمو یاخی بم چۆن دەگەمـەوە جێیـەکەی خـۆم ؟ ؟

هێلکەکان لە دەستم بەر بوونەوە، شکان، دوو زەڕنەقوتەی زیندوو لە نێو قاوغی هێلکەکاندا سەریان دەرهێنا ... « ئاخ نازانم کەی ئەم دوو زەڕنەقوتەیە فێری فڕین دەبن ؟ »

کوڕم باوەڕ بکە چەن ڕۆژێ پاش ئەوەی لێرەدا نیشتەجێ کراین ، هەموو شەوێ هەر کە بە ئاستەم چاو لە یەك دەنێم کۆترەکە بە دەنگی زیکەزیکی بێچووەکانییەوە دێو دان دەکا بە قوڕگیاناو دەگمێنێو دەگمێنێو دەگمێنێ ... »

«سێ» هەمیشە دەیووت :

— باوە .. بێسوودە .. خەون گێڕانەوە بێسوودە .. بەزەیی پیاهاتنەوە بێسوودە بێسوود ..

ڕق لە دەروونی «سێ»دا تەقییەوە .. ڕێگای گرتە بەر ..

نە خۆی .. نە باوکی .. نە کەسێ دەزانێ ڕوو لە کوێ دەکاتو بۆ کوێ دەڕوات .

(چوار) : —

بیستو چوار سالانە .. بێوەژنە ، سالو نیوێکە مێردەکەی لەناو چووە ، جگە لەوەی ئاو و هەوا گەرمەکەی ئەم ناوچەیە . جوانییەکەی شێواندووە ، شەونخونیش لاوازی کردووە ، بێکەسیش زیاتر ڕەگی بێئومیدی لە دەروونیا چەقاندووە .. هەر شەوە لە باخەلی چەند کەسێکی نەناسدا دەنوێ .

(چوار) : —

شەرم ناکات .. بەتایبەتی لە هاوزمانەکانی .. کردەوەکانی

هەزاران هەزار پرسیارە•• بێدەنگیەکەی ناقە وەلامە، هەموو خاوەن هەستو بەزەییەکان دەتاسێنێ •• «چوار» هەرگیز بیر لە گەڕانەوە ناکاتەوە ••

« چوار » بێدەنگە ••

« چوار) قایلە

بێدەنگە •••

قایلە ••• بێدەنگە ••

× × ×

خوێنەکەی « یەك » ، پرسیارەکەی « دوو » وێلییەکەی « سێ » قایل بوونو بێدەنگیەکەی « چوار » کەرەسەی چیرۆکێ یا شیعرێکی میهرەجانی، وشەی « بەزیوە » •••

پێشەکی ویستم لە چیرۆکێکدا زیندوویان کەمەوە :

خوێنەکەی « یەك » دەوری تەنیم ، چووە نێو پێنوسەکەمەوە ، دێڕەکانی سوور دەکرد ، دەیقیژاندو لێم ڕادەپەڕیو ڕووبەڕووم دەوەستاو پەنجەی بۆ درێژ دەکردم •• دووبارە بە دێڕەکاندا دەهاتمەوە ، نووکی پێنووسەکەم دەچەقاندە ڕوومەتمەوە ، خوێنەکەی « یەك » بە دەنگی بەرز دەینرکاند :

ــ کەی ••• ئەم هێڵە سوورانەی وا دەیکێشی لەسەر ئەم لاپەڕە سپییانەدا لە درێژایی ئەو دوو هێڵەیە کە تایەی لۆرییەکان چاپی کردووەتە سەر زەوی دێیەکەمان •• کەی ؟•• کێ دەڵێ هێڵە هاوتەریبەکان بە یەك ناگەن ؟ »

خوێنی بەرخەکەی « یەك » وەکو ڕووبارێکی تووڕە بەردەمی

پێنوسەکەمی گرتبوو تا چاو بڕکات ئاسمان‌وزەویی بیرکردنەوەمی سوور کرد.بوو •• ناچار بووم پێنوسەکەم بە دەوری‌ئەو چەند دێڕەدا بسوڕێنمەوەو ئاوێزی ئازاری دێڕە سورەکانم دەکرد ، کەچی زیاتر لێم رادەپەڕین‌و زیاتر پەنجەی ناپەزاییان بۆ درێژ دەکردم ، داوای خوێنی خۆمیان دەکرد تێکەڵی خوێنەکەیانی کەم •••

پرسیارەکەی « دوو » سەرتاسەری پەڕەکانی مێژووی پێ هەڵدامەوە، هەموو فەرهەنگەکانم پشکنی نەمتوانی وەڵامێ وەدەس بێنم •• هەر کە دەمویست بیکەم بە پاڵەوانێکی سەرەکی ، کەچی پرسیارەکەی پەنای لێدەگرتم‌و لە گۆشەی دێڕێکدا دەنگی بەرز دەکردەوەو دەیووت :

— هەرگیز لە نوێنی دێڕێکدا•• لەناو پەرتوکێکدا نانووم •• نامەوێ خەون بە وەڵامەوە ببینم ، یاخیم لەوەی بنووسرێم •• وەڵامم دەوێ •• •

هەر کە هەوڵی وڵامدانەوەم دەدا پرسیارەکەی « دوو » هەزاران پرسیاری دی‌ی لێ‌هەڵدەوەری •• هەموو دنیای لێم دەکردە پرسیار •• خۆمی لە خۆم دەکردە پرسیار ••

« سێ » لە هەر لەنگەرێکدا رامدەگرت ئۆقرەی نەدەگرت ، لەگەڵ هەر دێڕێکدا لەنگەرەکانی پێدەگۆڕیم •• شارەو شارو بیابان‌و بیابان دەریاو دەریا کەوتە دوای •

من‌و « چوار » و پێنووسەکەم نەمانتوانی لەنگەرێکی بێ‌ژان بەدی بکەین « سێ » هەر ملی‌دەناو دەڕۆیشت ، ئارامی نەدەگرت •

من‌وپێنوسەکەم ، ماندوو شەکەت لە نێو برینەکانی ئەم زەویەدا بووینە ژان‌و ئۆقرەی ناچاریمان تێدا گرت •

« چوار » م کردە نموونەی خاوێنی ، بێدەنگ‌و قایل بوو ، کردمە نموونەی داوێن پیسی هەر بێدەنگ‌و قایل‌بوو ، کردمە سەرچاوەی هەموو گوناەو گومڕاهییەك هەر بێدەنگ‌و قایل‌بوو کوشتم هەر بێدەنگ‌و قایل‌بوو •• ژیانمەوە هەر بێدەنگ بوو کە دەستم لە سەر پێنووسەکەم هەڵدەگرت‌و کۆتاییم بە چیرۆکەکەم دەهێنا « چوار » م لێ رادەپەڕی‌و لێم دەهاتە دەنگ‌و لە قایل بوون‌و بێدەنگیەکەم ناڕازی دەبوو •• ناچار دەمنووسی •• دەمنووسی •• دەمنووسی •• کە هیلاك دەبووم ناڕازی دەبوو •• قایل نەدەبوو قایل‌و بێدەنگ بم •• بەزییم •• لە پێناوی راستییێکدا راستییێکی ترم کوشت ••

ئەم پاڵەوانانەم سەریان شۆڕ نەکرد بۆ چیرۆکەکەم •• بە رقەوە دوو هێڵی راست‌و چەپم بە سەرتاسەری چیرۆکەکەمدا هێناو پەنام بردە بەر شیعر ••

(یەك) : ـ

رێی لێ تەنیم •• قایل نەدەبووبەزمانی پێنووسەکەم دەنگ هەڵبڕم بە زمانێ دەینرکاند :

کێش‌و قافیە لەبەر دەمیا دەلەرزین •
بەزمانێ دەینرکاند •• دارو بەردو ئاوو ئاسمانی دەگریان •
« چ رۆخ‌و کەناری شیعرێ دەتوانێ ـ ئەم ـ
خوێنەی ـ یەك ـ بگرێتە ئامێز
چ بۆشاییێکی ئەم گەردوونە ؟
چ رەشەبای شیعرێ دەتوانێ

ئەم خوێنە بگرێتە خۆی‌و لە ئاستی رەنگ‌و قەوارەی دڵۆپێکیا دۆش دامێنێ‌و بەزێ •

بێهودە لە نێو ئەم گێژەنە مەستەدا خول بخواتەوە چ شیعرێ ••؟

(دوو) : ـ

پرسیاری زۆرە
ناتوانێ دەریان برێ ••
وەڵامی هیچیان نازانێ
کەسێکیش نی‌یە وەڵامێکی دروستی بداتەوە
کەس نی‌یە تێبیگەیێنێت
بۆ ئەم زەوی‌یە پیرە مەستانە سوڕدەخواتەوە ؟
بۆ ئەم شەوە تاریکە •• ئەم ڕەشەبایە ئەم گەمی‌یە
بێ ڕێیـە
تێکڕا خۆراکی زەمێکی ئەم مێژووە نەوسنەی ئەم تافە
ئاڵـۆزەن ؟
کەس نی‌یە «دوو» بلاوێنێتەوە ••
«دوو» ناگرێت •• خەوی نایێت !!

(سێ) : ـ

دەڕوات •• هەر دەڕوات
ڕێگا ڕقەبەڕقێی لەگەڵدا دەکات
بە توڕەییەوە هەنگاوەکانی دەچەقێنێتە سەر
ئاوڵەو دومەڵە پیسەکانی ئەم زەوی‌یە بۆرە
هەر دەڕوات
توڕەیە •• پێدەکەنێ ، نازانێ بۆ کوێ دەڕوات
توڕەیە •• دەگرێت و سەروڕیشی بەرداوەتەوە

پێویستی بە ئاو نی‌یە
پێویستی بە هەتاو نی‌یە
هەموو ڕۆژێ ، لەگەڵ هەنگاو هەڵهێنانیا
هەتاو لە دەرونیا هەڵدێ‌و ئاوا دەبێ !

(سێ) : ـ

دەڕوات‌و ڕێگاش ڕقە بە ڕقێی لەگەڵدا دەکات
هەر دەڕوات‌و هەر دەڕوات

(چوار) : ـ

ئازارەکانی ئەم سەردەمەی گرتووەتە کۆڵ
هەموو شەوێ لە نوێنی نە ناسێکدا لەگەڵ تاسەو حەزی مەرگی
خۆیا دەنوێ ••
شەرم •• سەرزەنشتی برسی‌یەتیەکەی دەکات‌و ڕقەکانی دەوروژێنێ
چوار •• بێدەنگە ••
ئاوێنەکانی بە توڕەییەوە دەشکێنێ
لە چاوانی منالآنی برسیدا خۆی دەبینێ
پرچەکەی لە ڕەنگدانەوەی سەرابی ئەم زەوی‌یە
تینوو نەزۆکەی ـ ئەم تافەدا ـ شانەدەکات ••
پێناکەنێ •• بێدەنگە •• بەزەیی بە هەموو کەسێکی برسیدا دێتەوە
وەکو بەفر بە هەناسەی ئاوارەکـان ـ هەموو ـ نـاخی دەتوێتـەوە
تینی غەریبی دەیکاتە هەڵم
بێ‌ئومێدی بەرەو ئاسمانێکی بەرینی پەژارەیی ئەیفڕێنێ
بروسکەو چەخماغەی ژانەکانی دەیکاتە باران‌و دەیبارێنێ

«چوار» بارانەو دەبارێو هەر دەبارێ

«چوار» گوناهە•• ستەمە•• مەرگە•• ژانە•• دەبارێو هەر دەبارێ

گوناهەکانمان دەشواتەوە

دەبارێ •• هەر دەبارێ

نەخێر دیسانەوە بێسوودە بەڕقەوە دوو هێڵی ڕاستو چەپم بەسەر ئەم شیعرەیشدا هێنا •• پەنام بردە بەر رنگ تـا لـە تابلۆیەکدا جێیـان بکەمەوە ••

چوار چێوەیێکم دەست نەکەوت سەرتاسەری ئازارەکانی مرۆڤـی ئەم سەردەمەی گرتبێتە ئامێز ••

« ئەگەر تەنها ژانێ •• ژانی تەنها کەسێ •• کەسێکی ئاوارەو برسی لە چوارچێوەدا گەمارۆ بدرێ ، ئەبێ ئەو چوارچێوەیە لە بەرینی ئـەم زەمینەدا بێت •• »

بڕیارم دا تابلۆیێکی بێسنور بکێشم ، هیچ جڵەوێ تاوێ سەرکێشی ژانەکانی رانەگرێ •• لە تێکەڵ کردنی هەموو ڕەنگەکاندا ڕەنگێکی بۆرم چنگ کەوت ، کردمە ئەو زەوییە پیرو کرمۆڵەی بەر پێی « سێ »و ڕەنگێکی سووری تۆخم کردە بەرگو داممالیە جەستەیەوە •• «سێ»ی سوورو ریگای بۆر وەکو ئاسمانێـکی ژانگرتـووی وەرزێـکی تۆراوی یاساکانی سروشتی پێوەند کراو وەبەر چاو دەکەوت ••

ڕەنگم دەست نەکەوت بگونجێ لە گەڵ مەرگی «یەك»دا شێتانـــە زەردو سوورو سەوزم تێکەڵ کردو دەریاییێکم نەخشاند «یەك»م کردە شەپۆلە وروژاوەکانی ، هەر دوو باسکی یەکم کـردە دوو ڕووبـاری هاوتەریبو بێکۆتایی •• لە ڕەنگی سپی گونکێکم دروست کرد لــە شێوەی بەرخەکەی یەکدا لەبەر پێی سێدا ڕامگرت •

«چوار»م کردە هەتاو نەمزانی لە چ ڕەنگێکدا دروستی بکەم ڕەش و سپیم تاقی کردەوە •• سڕیمەوە •• سەرلە نوێ دووبارە سڕیمەوە • • پاشان لە هەمان ڕەنگی سپی و ڕەش هەتاوێکی گەلێ گەورەم دروست کرد بەشێکی سپی و بەشەکەی تری ڕەشی قەترانی •• تیشکەکانیم لە شێوەی بارانی فرمێسکدا ئەبارانە سەر ڕەشەبای هەناسەی پرسیارەکانی « دوو » ـ کە ناڕازی بوو لە نێو ڕەنگدا پێوەن بکرێ ـ ناچار بۆشاییێکی بێ ڕەنگم کردە « دوو » بە وردی سەیری ئەم تابلۆیەم کرد • هەمان دوو هێڵی ڕاست و چەپ بەرقێکی زیاتر خۆی چەسپاندە سەر ئەم تابلۆیە •

« ئەگەر کەلێنێ نەبێ ژانی لێوە دەرباز بکرێ ڕەنگە ئەو چوار چێوەیە ـ کە ژانی لە ئامێز ناوە ـ ببێت بە ژان •• هەست دەکەم دڵی ژانگرتووم لەمزەوییە بەرینترە • یا من و دڵم ژان بەشێکی تەواوکەری ئەم گەردوونە پەککەوتەیەین ـ) •

× × ×

« یەك » و « دوو » و « سێ » و « چوار » •

من و هەر چواریان

من و هەموو هاو دەردەکانیان •• من و شەوگاری چڵکن و تەنیایی و پێنووسەکەم

من و هەموو تارماییەکانیان بۆ کەلێنێ وێڵ بووین

بە سەماکردن نەمانتوانی کەس حاڵی بکەین

بە گریان نەمانتوانی کەسێ تێبگەینیین

خوێنەکەی « یەك » لەسەر لاپەڕەکانی بەردەستم سەمای دەکرد

دەگریا •• پرسیارەکەی « دوو » زۆربەی وشەکانی پێم کوێر کردەوەو لە ناو دێڕەکانی بەر دەستما ڕمبازێی دەکرد ••

« سێ) ڕێی ئاوارەییەکەی گواستبووەوە بۆ نێوانی خەتە بەیەکـا چووەکانی لاپەڕەکانی بەردەستم •• « چوار » ژانی گواستبووەوە نێـو پێنوسەکەمەوە •••

پێنووسەکەم سەمای دەکرد •• دەستم سەمای دەکرد ، چـاوم ، سەرم ، سەمایان دەکرد •

تەنهاییەکـەم بـۆ ئارەزووەکانم سـەمای دەکرد •• ڕۆشـــنایی گڵۆپەکەی ژورەکەم بۆ تاریکیـەکەی دەرێ سـەمای دەکـرد •• لـە دەرەوەی ژورەکەمدا باران بۆ زەوی سەمایدەکرد ••

بێزار بووم لە بێزاری •• بۆ ؟ چۆن ناتوانم ئەم چوار کەسە بکەم بە چیرۆك •• بە شیعر •• بە تابلۆ •• بە سەما ؟ دەرەوەی ژوورەکـەم باران نم نم ••

جار جار بە خوڕ دەبارێ •• چەخماغەیێکی زل لەپەنجەرەکەوە خۆی کردە ژورەکەمـەوە ناڵـەی دەنگی هـەورە بروسـکەیێك دڵـی داخوڕپاندم ناڵەیێکیتر •• یەکێتر •• یەکێتریش •
هەڵسامە سەر پێ کاغەزەکانی بەردەستم دڕانـد ، لە پەنجـەرەی ژوورەکەمەوە فڕێیانم دایە دەرەوە ، لە ژێـر بارانەکـەدا پارچـەکانی سەمایان دەکرد •

کاتێ تەمەنی چەخماغەکان درێژەیان
دەکێشا ، بڕیارمدا سەمای
پارچە کاغەزەکان بکەم بە
چ ی ر ۆ ك ێ

دیمەنێکی ‎٠٠‎ یادداشتی چەند ساڵە

ـ زەریـا ـ

« ‎٠٠٠‎ ئایا بە پێوانـەی هونەرو تەکنیك ، ئەم چەند لاپەڕەیە بە چیرۆك دادەنێین ؟ ‎٠‎ یا لە خانەی چ بابەتە چیرۆکێکدا جێـیـان دەکەینەوە؟ ئەگەر بشچنە خانەی یادداشتو تەرجومەی حاڵەوە ، هەر چەند لاپەڕەیەکی بەنـرخو وێنەیـەکی تـاکی کامێرایـە ‎٠٠‎ دیمەنێك لە ژیـانو بینینی نووسـەرو زۆر کەسو زۆر کاتو شوێن دەگێڕێتەوە ‎٠٠٠‎

« نووسەری کورد »

چوار سەعات بە ڕێدا رۆیشتبووین کە نزیك ئەو گوندە گەیشتین بە چەند برادەرێكو هەندێ پێکەوە ڕاوەستاین ئێمـە ڕێـگای زینـۆی ئەستێرەکانمان لە بەرەو ئەوان بەوێدا هاتوون ‎٠‎ هەر کە منو بێستوونی برادەرمیان دی بـەرەو ئەو ڕێـیـە ئەڕۆیـن ‎٠٠‎ پێش هـەواڵپرسینی خۆمانو ئـەو برادەرانـەی لەلایانـەوە هاتووینو ئەمـان دەچن بۆ دیدەنی‌یان ، یەکسەر بە سەرسووڕمانێکەوە ڕوویان تێ کردینو هـەر چواریان ویستیان پێکەوە هەر ئەو قسەیە بکەن : ئەوە بەم بەفرە بـۆ کوێ ئەچن ! بەم پاش نیوەڕۆ درەنگە ! قەت ناهێڵین بـەرەو زینۆو پڵنگان بڕۆن چونکە مردن نەبێ هیچی‌تر نە ئەبینن‌و نە ئەگەنە کەس ، بابگەڕێینەوە بۆ ئەم گوندە نزیکەو ئەمشەو لەوێ بن هەتا سبەینێ بزانن چۆن دەبێ ‎٠‎

ڕۆژەکە •• ڕۆژێکێ زستانی زۆر تووش بوو • بەفر کڵۆ کڵۆ دەهاتە خوارەوە ، دەمێ ساڵ بوو سەرمای وامان نەدیبوو بەفرەکە بە جۆرێك ئەهاتە خوارەوە کە ئەو دۆڵو چیا گەردنکەشو بڵندانەیان وا سپیکردبوو کە هیچی ترت نە ئەدی • ئەو چیا بەرزو سەختانەی ئەو ناوچەیە پارچەیەکی گەورە دارستانقەدپاڵو لوتکەیانی داپۆشیوە ، کەچی نە ئەو دارستانە چڕەو نە دەیان دۆڵی گەورە گەورەی نێوانیان نوختەیەکی ڕەشییان پێوە دیار نەمابوو لەبەر بەفرو زوربەی دۆڵەکان بە هەرەسی بەفری سەرەوە پڕ بوو بوونەوە ••

گوێمان نەدایە قسەی برادەرەکانمان • ملی ڕێگامان گرتەبەرو بە هیوای ئەوەی سوود لە جێ پێی ئەوان وەرگرین لە هاتنە خوارەوەیاندا، بەرەو ژوور بوینەوە ••

بەفرەکە بەرە بەرە زیادی ئەکردو هەتا سەریش ئەکەوتین هەوای سارد زیاتر سەری لووتو دەمو چاومانی دەتەزان ، جامانەکانمان کرد بە لەچكو هەر بەرەو ژوور ئەبووینەوە •

بێستوون ووتی : من لە هەموو ژیانما نەترساوم ، بەڵام زۆر لەم بەفرە ئەترسم • ترسی ئەوەشم زۆرە ڕێگا وونبکەین ، باوەڕیشم نییە بەم عەسرە درەنگە کەسیتر هەبێ بەم ڕێگە سامناکەدا بڕوات •

من نەك بڵێم لە بێستوون ئازاتر یا شارەزاتر بووم ، بەڵام من خۆم ئەمزانی بۆچی بەو ڕۆژە ناخۆشە ئەبێ ئەو ڕێگایە ببڕین • بۆیە بە پێکەنینێکی دروستکراوەوە پێمووت : کاکە برا منو تۆ هەر هیچ نەبێ دەیان جار بەم ڕێیەدا هاتووچومان کردووەو شارەزای دارو بەردی ئەم شاخانەین ، ئەی هەموو جارێك نائێین چاویشمان ببەستنەوەو بەرەڵلای ئەو ڕێگایەمان بکەن وون نابین •• ئەمەم لە کاتێکدا ووت کە ئیتر بەرە بەرە

جێ پێی برادەرەکانمان نە ئەدۆزی یەوە • بەفری زۆر پەیتا پەیتا هەموو جێ پێ و ڕێچکەو ڕێگای بێ شوێنەوار کردبوو •

ناخۆشتر لە سەرماو لە ترسی ڕێ وون کردن ، ئەو تەمە زۆرە بوو کە وای کردبوو چەند مەترێك زیاتر لـە بەردەم خۆتـەوە نەبینی ••

هەرچەند هەنگاوێکیش ئەڕۆیشتین قاچمان بە ناو قوولایی ئەو بەفرە زۆرەدا ڕۆ ئەچوو ، تاکێك لەو پێلاوە لاستیکە بێ ناو کەف و بێ بەرگـی داوەوەیەمان لە ناو بەفرەکەدا لە پێ دائەکەنراو ناچار ئەبووین ئەژنـــۆ دادەین و قۆڵ درێژ بکەین بۆ دەرهێنانەوەی و لەپێ کردنەوەی هەتا چەند هەنگاوێکی تر • لەو کاتانەشدا کە دانەئەکەنران پڕ ئەبوون لە بەفرو تۆزە تۆزە بە هۆی جووڵانی پێوە بەفرەکە لە ناویا ئەتوایەوەو دەبووە بەفراوێکی ساردو سەری پەنجەکانی ئەتەزان ، هـەتا بـەرە بەرە گـەرمایی قـاچ بەفراوەکەی لە ناو پێلاوە لاستیکەکەدا شیلەتێن ئەکردو ئەگەر بەوری تازە خۆی نەکردایەوە بەناویا کەمێك لەناخۆشی ڕێگاکە بەو گەرمایی یە کەم دەبووەوە •

هەرچۆنێك بوو بەسەر سەختی و بەرزیی ڕێگاکەدا زاڵ بووین و نزیك لووتکەی زینۆ بووینەوە •• لام وابێ هەر سەد مەترێکمان مابوو بگەینە سەرەوە کە لە بەردەممانەوە شتێك ڕەشی ئەکردەوە ، هەر یەکەمان گومانی شتێکی لێ ئـەکرد ، بە پـەلەو بێ دەنگی گەیشـتینە سـەری ، تەماشائەکەین لاوێکە ڕاست لەسەر پشت کەوتووە ،شەرواڵێك و کراسێك و قەمسەڵەیەکی لەبەردایەو ئەویش سـەرمای ئەو دیوی شـاخـەکە کـە پێی داهاتبوو جامانەی پێ کردبووە لەچك ، دەستی ڕاستی خستبووە سەر مەمکی چەپی و هەناسەی لێ بڕابوو •• هەر چەند جووڵانمان بێ سـوود بوو •• دیاربوو ماندوویی زۆرو سەرما لەو دیوەوە تەنگیان پێ هەڵچنیوەو

که گەیشتۆتە سەر لووتکەی زینۆش ئەو با توندە هەمیشەیی‌یەی لەوێدا هەیە داوێتی لە گیانی ئارەق کردووەوەی‌و ڕەقی کردوتەوەو لەگەڵ ئازاری دڵیدا دووا هەناسەی لەسەر ئەو چیا مەزنە دابوو •

بێستوون بە چاوێکی پڕ لە بەزەیی‌یەوە سەیری ئەکردو سەری بۆ من هەڵبڕی‌و لە چاویا دیاربوو پرسیار لەمن ئەکا چی بکەین ؟ منیش بەو هەستەی ئەوەوە دووا تەماشای ئەو بەسەزمانەم کردو بە ناچاری بەجێمان هێشت‌و بە بێستوونم‌ووت بەڵکو ئیتر پێ هەڵگرین چونکە وا شەو داهات‌و ڕێگەی دوو سەعات زیاترمان لەبەردەما ماوە •

شەو داهات ، بەڵام دنیا هەمووی سپی‌ی ئەکردەوە ، قسەو باسی ئەمە لای ڕێگاشمان زوربەی هەر باسی ئەو کوڕە بوو کە ڕەق‌بووبووەوە •• نزیك گوندەکەی ئەودیو بووینەوە سەگ‌وەڕ بەرەو پیرمان هات، خۆمان گەیاندە ناودێ‌و بانگمان لە کاکەو ڕەحمانی خانەخوێی هاوین‌و زستانی ئەو گوندەمان کردو ، بە ڕووخۆشی‌و قسە خۆشەکانی‌یەوە کردینی بە ژووورداو لەبەر ئەو زۆپا گەورەی دارەدا دانیشتین کە هەموو لایەکی وەك پشکۆ ئاگر سوور هەڵگەڕابوو ، دەستمان کرد بە خۆ گەرم کردنەوەو جل‌وبەرگ وشك کردنەوەو ئەوسا بەدەم لەپە ساوەرە بەتام‌و لەزەتەکەوە باسی ڕێگامان بۆ کاکەو ڕەحمان ئەکرد •• پێش ئێمە ئەو هەواڵی زەلامێکی لەو حاڵەو لەو ڕەنگەی لێ‌پرسین کە ئێمە یەکەم دوو کەس بووین بە مردوویی دیبوومان ••••

ووتی : زۆرم هەوڵ لەگەڵدا دا کە نەڕوات کەچی ئەیووت خاڵە پیاو پیاو بێت چۆن لە بەفر دەترسێ ••• کە بە کاکەو ڕەحمانمان ووت ئەو کوڕەی تۆ ئەڵێی بەمردوویی لەودیو لووتکەی سەرەوەی ••

چیاکە دیمان •• قاقا دەستی کرد بە پێکەنین •• پێکەنینێـکی بـە کوڵو سەیر •• دیارە قسەی هاتبووە دی بەو جوانەمـەرگەی ووتبـوو ڕەق ئەبیتەوەو ناگەیتە جێو ئەو بە قسەی نەکردبوو !

منیش بە بێستوونم‌ووت : تۆبڵێی ئەو برادەرانەی هەوڵیان لەگەڵ ئێمەش دا کە بەم ڕۆژە ئەم ڕێگایە نەگرینە بەر با ڕەق‌نەبینەوە بە مردنمان قاقای وەك کاکەورەحمانیان لێ‌بدایە ؟

ژانو سـۆزی گەورە

بووراوی عەجنیە
وەرگێرانی
نەژاد عزیـز سـورمێ

١ ـ تینوویەتی :

کۆرپەکە دەمی لە مەمکی دایکی کردەوەو وتی : ـ بۆچی تنۆکێ شیر نابینم ، تینوویەتیمی پێ بشکـێنم ؟ بەبێ دەنـگی سەیـری کرد ، زەردەمسکەیێکی خەماوی هاتە سەر لێوان ، دەستێکی بە قژی رەش‌وپڕی داهێناو بەسۆزێکەوە وتی : قسە مەکە بەرخم لێت دەترسم ، هێشتاکە تۆ پێت نەناوەتە سالی یەکەمی تەمەنت •••

ـ : بەلام ئاخر شیر تاکە خواردنی منەو ئەوەتا نایشبینم ! ؟

ــ : قەیناکە ، نەختێ ئارامت بێ تینوویەتیت دەڕەوێتەوە !

ــ : چۆن تینووبم‌و ئارامم بێ ؟! لەوانەیە پێش گەورەبوون نەخۆش بکەوم ، دەشێ بمرم ••

ــ : نا دلی داکێ نا ، گەورە دەبی‌و تەمەنیشت درێژ دەبێ •• بەلام چاوەڕوان بە !

ــ : چیدیم توانای چاوەڕوانی نەماوە ••

ــ : سبەینێ لەو بیرەی نزیکمان ئاو دەهێنین •

ـــ : ئەوەی کە هی ئەو ئاغایەیە •

ـــ : بەڵام پێش ئەوەی بیدەنە ئەو هی ئێمە بوو ••

ـــ : ئەی کوا باوکم یاریدەمانبدا ، وەری‌بگرینەوە •

ـــ : باوکت بەسەفەر چووە کوڕم ، دەگەڕێتەوە •

ـــ : دایە تو خوا ڕاستە باوکم پیاوێکی چاکە وەکـو خەڵـکی گوندی باسی دەکەن •

ـــ : ڕاستە کوڕم ، بەڵام هەندێ ڕقیان لێ‌ی دەبێتەوە ••

ـــ : ئەی کەی دەگەڕێتەوە بیبینم ؟

ـــ : بەم نزیکانە کۆریەم لەگەڵ هاوڕێکانی ••• بیرەکەدەگەڕێتەوە •• هەمووومان لێ‌یدەخوێنەوەو تینوویەتیمان دەشکێنین ••

٢ ـ ســۆز :

سوێم‌بۆتەوە ، داخۆ کەی مانگ دەگەڕێتەوە حەوشەی ماڵمان ؟••

هەناسەبڕکێم لە نێوانی هاوسەری تەمەن‌و کۆریەی نووستوی باوەشم پێوەنووساوە کە خـەون بە چەنـد دڵۆپە شیرێـکەوە دەبینێ لێوی بـێ تەڕبکاتەوە •• ئاگرم بەربۆتە هەناوان ، تۆش لە تەك خۆمدا نابیـــنم بیکوژێنیەوە لەوەتەی تۆم لێ‌دووری ، زارم وشك‌بۆتەوە ، لە کاتێـکا گوڵێکی گەش بوو لە نێو پەنجەکانتا •

چاوم بەلەق ، بە دوای سیمای ئەسمەرو سنگی پانتدا وێڵن •• لە دەرو دیوارو جێ‌و بالنگانی خاڵی‌یەوە بەدەر هیچ نابینم ••

ئای چەندت غەریبی دەکەم ، ئەی ئـەو خـۆرەی کە پێش وادە هەڵاتی •• ئای چەندت لە سەگی برسی‌و کەڵبەی زاڵم لێ‌دەترسم ••

بەرگەکانت بە کورسیەکەدا هەڵواسراوە ، چاوەڕێ‌ی گەڕانەوەت

دەکا •• بۆنی ئارەقەو خاکو خۆشەویستی لێدێ •• لێرە پێخەف لـــە فرمێسکی سوێرو خوێناویمدا نوقم بووە ، تۆیش ئەوەتا لەسەر ئەو چیمەنتۆ ساردە ، نینۆك دەرکێشراو •• دەستو پێسووتاو ، خوێنی پاکت لەبەر برینان دەڕوا •••

بۆت شێت بووم •• بگەڕێوە ••• ئەوە مێوەکانی حەوشە خەریکن گەڵای سەوزو گەش دەردەکەن •• ئەوەتا لێرەو لەوێش چەند خونچە گوڵێك خەریکن دەکرێنەوە ••

کەواتە بگەڕێوە •• بگەڕێوە بۆمان •• ئێمە چاوەڕێی تۆ دەکەین کە پێکەوە نۆبەرەی بەرهەم بخۆین ••

٣ ـ شایەدی :

من منارەیەکی سەر دەریاو کێڵگەی کاکی بە کاکیم کـــە شایەدی ڕۆژگاری زوڵمو بەرگری‌یە •• بۆنی پــێی داگــیرکــەرم بە تفنگانەدا چووەو تامی گوڵاوی خوێــنی بەرگــری کەرانــم کــردووە •• هەوای شارستانیەتــی بەربــەرو قەرتاجینــەو تــورکو رۆمو عارەبو فەرەنگانم هەڵمشتووەو لەمێژووی بەرە لە دوای بەرە گەیشتووم •• بەڵام تێناگەم ئێستاکە چی لەم دێیەدا ڕوو دەدا ••

سیمای گۆڕاوەو •• دانیشتوانی نووستوونو غەوارەش وەك مۆتەکە خۆ لە ژێر تاریکیــەکی چــڕ حەشــار دەدەنو دەڕژێنــە نــاو کوچــەو کۆڵانان ••

لکە زەیتوونە بڕاوەکان بوونە ئالیکی پێچۆڵی ئێسك دەرپەڕیوو•• شکارتەکان پێشی وادە دروێنەکرانو گڕانیش رەفزی دەکاتەوەو نایخوا • زەوی قەڵشتی چوارگۆشەیی وای تێکــەوتووە دەڵــێی ئەشکەوتــە ،

درەخت لە تینوویەتیا سیس‌بوون ، هەموو باسی زولم‌و نەهاتی‌و بەیارو برسیەتی دەکەن •

خەڵکی گوندی لە کوێن ؟ کوان ئەوانەی تۆڕە زێڕینەکانیان ماسی‌و شادی‌و ژیانی تێدا دەدرەوشایەوە •• ئەی هاوڕێی زەوی کە چەنگی پڕدەکرد لە خۆڵی ڕەش داگەڕاوو بۆنی وەرزێکی ئایندەی پڕ لە خێرو بەرەکەتی دەکرد • کوائەو شوانەی کە دەیدی ڕان دەلەوەڕێ تێر دەبوو و جوتیار کە خاکی پڕ لەشینایی‌و منداڵی ئاو دەدا ؟؟

کوان ئەو ئافرەتە خۆشخوان‌و شادانەی ، کە لە سپێدەیێکی زوقما دەورەی ئەو دار زەیتوونانەیان دەدا کە بە هۆی چڕو پڕی بەرهەم‌دا هاتبوونەوەو ڕەش دەچوونەوە ؟ کوان ئەو منالآنەی لەگەڵ باران‌و سەرماو زەیقەتیشدا شادو ڕووخۆش بەرەو قوتابخانە دەکەوتنە ڕێ •• ؟ ؟ کوان ؟ بۆ کوێ چوون ؟ !

هەموو لە پشت دەرگاوە خۆیان شاردۆتەوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕو مێردو براو خزمەکانیان دەکەن ••وەختێ خۆی لە زستانە ڕۆژێکی تاوا ، غەریبەی تفەنگ بە دەست‌و شەپقەی شینکەڵە لەسەر بەرەو پێش خۆی‌دا بوون ، هەر یەکەو سەگێکی فەرەنگیشی بە دەستەوە بوو بە پۆستاڵە ڕەش‌و بریقەدارەکانیان خاکی پاکیان دەشێلاو بێ موبالات تفیان تێدەکرد •

٤ ـ سۆزو هیوا :

ئاوی چۆکانم چوو ئەوەندەی لەم زیندانە تەسك‌و وەحشەتەدا چاوەڕێ‌بم •• هاتن دوای ئەوەی زنجیری زوڵمیان بۆ کرد بە کۆت •• (خۆر) یان لە قوڵایی دەریادا لە قەنارەدا •

ڕووناکی گوندیان دزی‌و ڕێگاکانیان بە کۆمەڵێ بۆرە پیاوی ڕووپۆش لەسەر تەخت کردەوە •

ئا لێرەدا دایکتم دێتەوە بەر چاوان ڕۆڵەکەم ! ئەوەتا وێنەی لەبەر چاوما کێشراوە ، فرمێسک‌و سۆزی لێ‌دەبارێ •• زەردەخەنەی تۆیش ڕۆڵەی خۆم ، گوڵ‌و نوورم لە نێو باڵاندا دەڕوێنێ ••

« ئێوە بینایی دیدەمن ، ئێوە خوێنی بەدەنمن ، ئەو هەوایەن کە پێی دەژیم‌و هەناسەی پێ‌دەدەم ، ئەو سپێدەیەن کە چاوەڕوانی دەکەم • • • »

بڵێی بشێ مێژوو وێنەی خەمباری خۆی دوای دە ساڵان بە ڕوومانا بداتەوە ؟ !

خاکی باو باپیرانیان لە نەوەکان سەندو هاتن دایانە دەست ئاغایەکی چەپەڵ کە بەرودەرگایان گەسک‌دەدا ••

هێشتا گوڵەگەنم سەریان لە زەوی دەرنەهێنابوو کە فرۆشتیان‌و هاتن کۆشک‌و باڵەخانەو ئۆتۆمبیلی دوا مۆدیل‌و سەگی فەرەنگیان پێ‌کڕی •• دەمی ڕاستگۆ و لاوانیان ئاسن‌بەند کرد •

کە لە ڕۆژێکی جەژنیشا وەدەرکەوتین‌و داوای گەڕانەوەی خاک‌و گوڵەگەنم‌و (بیر)‌و مافی زەوت‌کراومان کرد ، گەمارۆیان داین •• لە دوکەڵی چاوسووتێنیان‌و وەردداین‌و سەگی برسیان تێ‌بەردداین‌و بە گوللەی کوژەر بەرمان بوونێ •• ڕایانکێشاین‌و هەمووومانیان لە زیندانێکی تەسک ئاخنی ، ناشیرینترین جنێویان پێ‌داین • • جلەکانیان تیزماڵ کردین •• سەریان تاشین ، نینۆکیان دەرهێناین ، قنچکە جگەرەیان لە (کۆممانا) کوژاندەوەو شووشەی شکاویان تێ‌بڕی‌و ئەوەندەیان بە

شوارکان لێ‌داین ، کرمان له جه‌سته‌ی بڵندبوو • ئێمه‌ش (بێ ده‌نگ) ئازارمان چه‌شت ••

ڕۆژگار ده‌ڕواو ، منیش که له‌گه‌ڵ هاوڕێکانما دێینه ده‌ره‌وه باسکمان باری گرانی ماندوویه‌تی ساڵان‌و ئاواتی ملیۆنه‌ها ڕه‌نجده‌ری هه‌ڵگرتووه •

ئه‌و کاته (رق)مان له دڵا گه‌وره ده‌بێ‌و هه‌مووومان له مه‌یدانی گونددا به یه‌ك ده‌گه‌ین‌و ده‌بینه یه‌ك له‌ش ، تا له ئاسمانا بروسك‌و له ده‌ریادا شه‌پۆلی سه‌رشێت‌و له خاکیشا ئاگر بڕوێنین •• ئه‌و کاته وڵاته‌که‌مان یه‌ك پارچه ده‌که‌ین به سروودو گۆرانی خۆشه‌ویستی‌و تۆڵه •• له‌و دیـو شیشه‌کانی زیندانیشه‌وه خۆر هه‌ڵدێ ، که لـه ئاسۆیـش ده‌رده‌که‌وێ تاریکی‌و هه‌وره چڵکنه‌کان ڕاده‌ماڵێ •• خه‌م مه‌خۆ به‌رخی باوی ، خه‌م مه‌خۆ ، چاوه‌ڕێی له دایك‌بوونی سپێده بکه ! ئه‌و سات هه‌موو پێکه‌وه گۆرانی سه‌رکه‌وتن‌و ژیانێکی به‌ختیار ده‌ڵێین •

★ بوراوی عه‌جنیه ، چیرۆك نووسێکی لاوی توونسی‌یه ئه‌م چیرۆکه‌ی لـه ژماره (٤٤)ی ساڵـی ١٩٧٩ی گۆڤـاری (قصص)ی توونسی‌دا بڵاوکردۆته‌وه • بڕوانه لاپه‌ڕه (٧٠) •

ـ وه‌رگێڕ ـ

یادداشتی هونەرمەندێك

چیرۆکی : عەزیز نەسین

وەرگێڕانی : محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی

کاروباری جاران بەم ئاسانیەی ئێستا نەبوو ، والیو بەڕیوەبەری پۆلیس ، تەنانەت پۆلیسش پلەو پایەی خۆی هەبووەو بە ئارەزووی خۆیان گەمەیان بەو خەڵکە دەکرد •

ئەو چیرۆکەی کە دەمەوێ بۆ ئێوەی بگێڕمەوە ، لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیادا بووە بەڵام تکایە ئەو ڕووداوانە لەگەڵ باری ئەمڕۆدا بەراوورد مەکەنو گیروگرفتی تازە بابەتم بۆ مەخوڵقێنن ، چونکە هەمووی حەفتەیەکە لە زیندان دەرچووم •

خوا « شادی زادەی » مەرحوم عاف بکات ، هەموو هاوینێك تیپێکی هونەری پێك دەهێناو ڕووی لە شارە فێنكو خۆشەکان دەکرد ، وەکو دەڵێین بە تیرێ دوو نێچیری دەپێکا • یەکەم پارەیەکی باشی دەست دەکەوت ، دووەمیش گەشتەکەی بە بەلاش دەردەچوو لەم گەشتانەدا خێزانەکەشی کە دایکی منداڵەکانو دوو کچو سێ کوڕ بوون لەگەڵ خۆیدا دەبردن ، بە شێوەیەك بەرنامەکەی دادەنا ، منداڵەکانیشی ڕۆڵی تێدا ببینن • بەمەش خەرجی تیپەکە کەمتر دەبۆوە •

« شادی زاده » پیکاپێکی هەبوو ، هەموو دیکۆرو کەرەستەکانیش هی خۆی بوون •

سێ چوار هونەرمەندی ژنو پیاوی بەکرێ دەگرتو لە پیکاپەکەی دەئاخنینو بۆی دەردەچوو •

ئەو ساڵە منیشی لەگەڵ خۆیدا برد ، جگە لەمن سێ هونەرمەندی پیاوو کیژێکی جوانو قەشەنگ ئەندامی تیپەکە بوون • کیژەکە ئەوەندە نەشمیلەو ناسك بوو ، هەر دەتووت هەڵووژەی پاك کراوە ، تەمەنی هەژدە ، نۆزدە ساڵێك دەبوو ، تا ئێستا یەك ، دوو جار چووبووە سەر شانۆ ، بەڵام هێشتا ڕووی نەکرابۆوەو شەرمی نە شکابوو •

ئەو تیپە گەڕۆکانەی ، کە بە شارو لادێکاندا دەگەڕێنو نمایش‌نامە پێشکەش دەکەن ، دەتوانم بڵێم باشترین تیپی هونەرین ، ئەو کیژۆڵانەش کە بۆ یەکەمین جار لەگەڵیاندا دەردەچنو ڕۆڵ دەبینن ، چاکترین هونەرمەندیان لێ دەردەچێت •

هەر لەبەر ئەمە « هۆلیا » ش لەگەڵماندا هات تا ئەو دەورەیە ببینێو شەرمی بشکێ ••• نازانم لەبەر جوانی ئەو کیژە بوو ، یا شتێکی تر بوو، کە من لەم سەفەرە دوودڵ بوومو وام هەست دەکرد شتێکمان تووش دەبێت •

هەرچۆنێك بوو بەرەو « قۆنیە » بەرێ کەوتین ، بەرنامەکەمان بەم شێوەیە دانابوو • هەر شەوەی لەیەکێ لە شارۆچکەکانی دەوروبەری « قۆنیە » نمایش‌نامەیەك پێشکەش بکەین شەوانی یەکەمو دووەمو سێیەم بە باشی بەسەر چوون ، سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارەم بەرەو شارۆچکەیەکی تر ڕۆیشتین • لەڕێ پۆلیس پێشی لە پیکاپەکەمان گرت :ـ

– دابەزنە خوارەوە •

ژنەکانمان بەجێ هێشتو خۆمان هاتینە خوارەوە ••

پۆلیسەکە ووتی :ـ

– با ژنەکانیش دابەزن ••

ئەوانیش هاتنە خوارەوە •• پۆلیسەکە ماوەیەك تەماشای قەدو بالآی کردین و پاشان ووتی :

– پێناسەکانتان دەربێنن •

پێناسمان پێبوو ، بەڵام لەبن دیکۆرو کەرەستەکانا بوون • بۆ دەرهێنانیان دەبوایە هەموو سندووق و جانتاکان لە پیکاپەکە دابگرین، ئەم کارەش زۆر دەخایەنێت •

« شادی زادە » ش ماهۆستای ئەم کارانە بوو ، وەك دەڵێن شەیتان لێی نەدەبردەوە • دەست لەسەر دەست نۆکەر ئاسا لێی نزیك بۆوە • کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو دایە دەست پۆلیسەکەوە :

– بفەرموو ••• تەماشاکە مەرەخەسیمان پێیە •

من لە پشت پۆلیسەکەوە ڕاوەستابووم • تەماشام کرد لیستەی ئەو شت و مەکانە بوو کە لە ئەستەمبووڵ کڕیبوومان ، مۆرو ئیمزاش لەسەر لیستەکە هەبوو • پۆلیسی ئەو سەردەمەش خوێندەواریان نەبوو ، هەر کاغەزێ مۆرو ئیمزای لەسەر بوایە بە کاغەزی ڕەسمیان دەزانی و ڕێزیان لە هەڵگرەکەی دەنا • پۆلیسەکە لیستەکەی وەرگرت جارێ لە ئێمەی دەنواڕی ، جارێ لە لیستەکە ، سەرئەنجام ووتی :ـ

– ڕیز بن •

وا دیار بوو کەوتبووە گومانەوە ، بۆیە وا بەتوندو تیژی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکردین •• ڕەنگە وابزانێ ئێمە قاچاغچین‌و بەبیانووی نمایش‌کردنەوە بمانەوێ تریاك لەو گوندانە بفرۆشین •

چارە نەبوو ، هەرچی بووتایە دەبوایە جێ‌بەجێ بکرێ ، بەڵکو خوا بیکات‌و لە کەلی شەیتان بێتە خوارەوەو ڕێمان پێ بدات ••• یەك لە دوای یەك ڕیز بووین ، پۆلیسەکە لە « شادی‌زادە »ی پرسی:ـ

– ناوت چی‌یە ؟ •

– شادی‌زادە ••• سەرۆکی تیپەکەم •

پۆلیسەکە تەماشایەکی لیستەکەی کرد ، وەك بڵێی بە دوای ناوەکەیدا دەگەڕێ ، لەبەر ئەوەی من لە نزیك پۆلیسەکەوە بووم ، هەرچی بکردایە دەمدیت ، پەنجەی بەسەر ناوی شت‌و مەکەکانی لیستەکەدا هێناو برد ••• وەك بڵێی ناوەکەیی دۆزیبێتەوە ، بە گورجی پەنجەی لەسەرِ ناوی « دوو دەست جلی ناوەوەی ژنانە » داناو ووتی :

– تۆ بڕۆ بەو لاوە ••• ناوەکەت ڕاستە •

شادی‌زادە لەو لاوە ڕاوەستا •• پۆلیسەکە قەڵەمێکی لە گیرفانی دەرهێناو تووکەکەیی لە زاری خۆی ئاخنی‌و پاشان نیشانەیەکی لە بەرانبەر ناوەکەی « شادی زادە » دانا ! ! ئینجا لە دووەم کەسی پرسی:

– ناوت چی‌یە ؟ !

– خەیری •

– پۆلیسەکە دیسان بە لیستەکەدا چۆوەو وەك بڵێی ناوی « خەیری » بەرچاو کەوت ، قەڵەمەکەی خستە زاریەوەو نیشانەیەکی بەرانبەر بە ناوەکەی ئەویش دانا ! !

– تۆیش بڕۆ بەو لاوە •

نۆرەی من هات ، پۆلیسەکە پرسی :ـ

– ناوی تۆ چی‌یە ؟ ! !

– حەسەن کول زادە ! ! !

نازانم چۆن ئەمەم لە دەم دەرچوو ، خۆ ئەمە ناوی سەرۆك وەزیران بوو • منداڵەکان دایانە قاقای پێکەنین ، هەر خوا رەحمی کرد پۆلیسەکە تێنەگەیشت ، بەڕاستی خۆیشم زۆر ترسام ، ئەگەر تێبگەیشتبایە خۆ بابمی لە گۆڕ دەر دەهێنا •

وەکو قوتابی خۆم بۆ تاقی کردنەوە ئامادە کردو هەرچۆنێك بوو توانیم تەوژمی پێکەنینەکەی ناخم بخنکێنمو چاوەڕوانی سەرئەنجامم کرد •

پۆلیسەکە بەدوای ناوەکەمدا دەگەڕا • لەسەر « زەنگۆلەیەك » گیرسایەوە ••• دەست بەجێ ووتم :ـ

– خۆی نی‌یە ••• کەمێ خوارتر •

« سێ جووت پێڵاوی ژنانە » م پیشاندا ، ئیتر بە تەواوەتی دڵنیا بووم ••• ئەویش هاواری کرد :ـ

– ئەی کوێری •• نابینی منیش نیشانەم لەوێ داناوە •• ناوی کێ‌ی دەپرسی ، نیشانەیەکی بەرانبەر دادەنا •• ئەویش دەرۆیشتو لەو لاوە رادەوەستا ••• نۆبە هاتە سەر ژنەکان •• بە دەنگێکی نەرمترو بەرێزەوە لە « هۆلیا » ی پرسی :

– باشە • جەنابتان ناوتان چی‌یە ؟ •••

لە شادی زادە نزیك بوومەوەو ووتم :ـ

- کچەکەی لە دەست دەرکردین ....
- نا هێڵین ...

لەم چەقی ڕێگایەدا چۆن دەتوانین خۆمان لەچنگی پۆلیسی کۆماری ڕزگار بکەین !؟!

- جارێ ئارام بگرە، بابزانین چی دەبێ ...

«هۆلیا» بە شەرمێکەوە ووتی :

- هۆلیـا .
- بەهـ ... بەهـ ... فەرمووت هۆلیا؟ ناوەکەشت وەك خۆت جوانو قەشەنگە ... تۆ وەرە پشت من ڕاوەستە، با هەتاو کارت لێ نەکات.

بەم فڕوفێڵە کچەکەی لە ئێمە جودا کردەوە.... من هەناوم پچڕا دەمزانی هەر وا بە ئاسانی ڕازی نابێت، بەڵام نەمدەزانی نیازی «شادی زادە» چی‌یە، وا زەردەخەندە دەمو لێوی بەر نادات ...

پاش ئەوەی هەموو ناوەکانی لەگەڵ لیستەکەدا بەراوورد کردو نیشانەی بەرانبەر هەریەکەیان دانا، هێشتا شەش شتی تر مابۆوە ... لە شادی زادەی پرسی :-

- ئەی ئەوانی تر لە کوێن؟ .

(شادی زادە) بێ ئەوەی خۆی بپەشۆکێنێ ووتی :

- لە «قۆنیە» بەجێ مان .
- ئیجازەی کارکردنتان هەیە ...؟!! .

«شادی زادە» دەست بەجێ کاغەزێکی پڕ لە مۆرو ئیمزای تری دەرهێناو ووتی :-

- بەڵێ قوربان ••• فەرموو ••

پۆلیسەکە کاغەزەکەی وەرگرت‌و هەندێ تێی راما ، پاشان ووتی :

- باشە ••• ئەی گەواهی‌نامەی بەند نەکردنتان « عدم المحكومية » هەیە ؟

- بەڵێ ••• ئەمیش ئەو گەواهی نامەیەیە •• ئا ئەمەش گەواهی نامەی تەندروستی‌یە ••• ئەمیشیان •••

پۆلیسەکە داوای چی دەکرد ، شادی زادە دەست‌و برد کاغەزێکی چاپ کراو ، یاخود لیستەی حیساب‌و ئەم جۆرە شتانەی بەدەستیەوە دەدا ••• ئەویش هەندێ تەماشای دەکردن ، ئیتر هیچ بیانوویەکی بۆ راگرتنمان نەدۆزیەوە ••• کۆکەیەکی بۆ کردو ووتی :

- لەبەر ئەوەی دزو رێگر لەم ناوە زۆرە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم ••• ئیتر وەزیفەیە •

شادی زادە پێکەنی‌و ووتی :

- بەڵێ •• فەرمانەکەتان وا پێویست دەکات کەمێ توندو تیژ رەفتار بکەن •••

- باشە •• سواربن •• خوا حافیزتان بێت •• پیاوەکان سەرکەوتن تا دەستی ژنەکان ڕابکێشن‌و سواری پیکاپەکەیان بکەن •• چاوی بە دەهۆڵ‌و زوڕناکە کەوت‌و دایە قاقای پێکەنین :-

- بەلای کەمەوە ئەوانە داگرن‌و هەندێ شایی‌و سەما بکەن •••

- شادی زادە دەستەکانی بەیەکدا دا : -

- بە خوا ئیشمان هەیەو درەنگمان پێ دەچێت ••

پۆلیسەکە قۆناغە تفەنگێکی بە پشت «شادی زادە» دا کێشا و ووتی !

— لەوە زیاتر قسە مەکە ••

شادی زادە دیسان ووتی :

— بەخوا پەلەمانە ••

— باشە مادام پەلەتانە فەرموو بڕۆن •• بەس ئەم خانمە با لێرە بمێنێتەوە ! !

— چۆن ؟ ! !

— یەکەم ناوی لە لیستەکەدا نی‌یە •

— چۆن نی‌یە ••• تەماشاکە •••

شادی زادە لە لیستەکەدا « کراسێکی ژنانە »ی پیشان دا :ـ

— کاکە لەخوا بەزیاد بێ خۆ جەنابتان خوێندەواریتان هەیە •••

ئەمە تا ••• بیخوێنەوە •• پۆلیسەکە پاڵێکی بە شادی زادەوە ناو دووری خستەوە :ـ

— من سەرم لەمانە دەرناچێت ••• با ناوی ئەویش بێت •••

پیاو یەك قسە دەکات ! پێویستە ئەم خانمە تا سبەی بەیانی لێرە بمێنێتەوە ! ! •

شادی زادە تەماشای کرد کار بەرەو خراپە دەڕوات • ووتی :

— کەوای لێهات دەهۆڵو زوڕناکە داگرنە خوارەوەو ژنەکان هەندێ سەما بکەن • •

پۆلیسەکە ئەمەی پێ خۆش بوو •••

پیاوەکان بۆ داگرتنی دەهۆڵو زوڕناکە سەرکەوتن ، بەڵام گرێی گوریسەکان بەئاسانی نەدەکرانەوە .

پۆلیسەکەش لە خوارەوە هەر فەرمانی دەداو هەموو بیرو هۆشی لای دەهۆڵو زوڕناکە بوو .

(شادی زادە) ژنو منداڵەکانی لە پێشەوەی پیکابەکە دانا تەنها « هۆلیا » مابۆوە ... پاشان بە پۆلسەکەی ووت :

— کاکە .. هەی بە قوربانی ئەو هێزو بازووەت بم ... خۆت سەرکەوەو بیانکەرەوە ... ئەمانە پیاو نین ... هەر دەڵێی نان ناخۆن ... پۆلیسەکە ئەم پیاهەڵدانە فشی کردەوە .. دەستێکی بە سمێڵەکەیدا هێناو تفەنگەکەی لە بن دارێك داناو وەك مەیموون بە یەك قەڵەمباز سەرکەوتو هاواری کرد :

— رێ بەردەن ... با من بیان کەمەوە ..

« شادی زادە »ش دەست بەجێ هۆلیای سوار کردو لە چاو نووقانێکدا دەریەڕی . . .

پیکاپەکە تا دوێنێ بە پاڵ دەڕۆیشت ، کەچی ئێستا وەك فڕۆکە بۆی دەرچوو ... ئێمەش وەك گەڵای پایزان بەسەر یەکدا کەوتین . .

پۆلیسەکە دەستی کردە جنێو دان ..

— سەگبابینە ڕای گرن .. تەعەدا لە پۆلیسی دەوڵەت دەکەن . ژنی .. هەموو . . . تان . . . . دە . . . . . . بایەکەی ئەوەند بە هێز بوو ، پۆلیسەکە جنێوێکی دەداو دەکەوت ، دیسان هەڵدەستایەوەو لەلایەکی تر ڕادەوەستا ..

ــ هەی دایك •••• بێ شەرەفینە ڕای گرن ، ناکەس بەچە ، هەقم بەسەر کچەکەوە نی‌یە ••• ڕایگرە با بەدوای کاری خۆمدا بڕۆم ••• بەردەوام دادو بێدادی بوو و جنێوی دەدا ، کەس خۆی تێنەگەیاند ، ئەویش هەر ئەم بەرو ئەو بەری دەکردو جنێوی دەدا ••• سەر ئەنجام کەوتە پاڕانەوەوە :ــ

ــ برایان بۆ خاتری خوا ••

شادی زادە ووتی :

خۆت ماندوو مەکە ، دەچینە شارو لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس دات دەگرین •

پۆلیسەکە پڕ قورگی بوو لە گریان‌و خۆی بەسەر دەست‌و پێماندا دا :ــ

ــ کاکە گیان ، بەخوا گاڵتەم کرد بۆچ ئێوەحەز بەگاڵتە ناکەن • • بۆ خاتری خوا ، ئەگەر جەنابی معاون بەم شێوەیە بمبینێ لەت لەتم دەکات •• تفەنگەکەم لەوێ بە جێماوە • تفەنگیش ئابڕووی سەربازە •• لێم گەڕێن با ملم بشکێنم ••• گووم خوارد ••• بەرەڵلام کەن ••

(شادی زادە) سەری لە جامی ئۆتۆمبیلەکەوە دەرهێناو ووتی :ــ

ــ خۆ کەس تۆی نەگرتووە •• دەخۆت فڕێ بدە خوارەوەو بڕۆ •

ــ من بە حاڵ خۆم بە پێوە ڕاگیر کردووە ••• چۆن دەتوانم خۆم فڕێ بدەمە خوارەوە •

سەرئەنجام گەیشتینە ناو شار •• شادی زادە ڕاست بەرەو

پۆلیسخانەیێی پێوە نا ••• وای دەزانی کارێکی باش دەکا و ئەو پۆلیسەی کە ئیش‌و کاری خۆی نازانێ‌و تەماج مە نامووسی خەڵکی دەکات ، دەیداتە دەست سەرۆکەکەیەوەو •••• خۆزگە هەر لەو رێگایــە پۆلیسەکەمان دادەگــرت‌و خۆمــان تووشی ئــەم دەردی سەری‌یە نەدەکرد ••• شادی زادە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی‌و چووە لای بەرێوەبەری پۆلیس‌و هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە •••

جەنابی بەڕێوەبەریش ئێمەو پۆلیسەکەی بانگ کرد • هــەر چیمان بینیبوو بێ زیادو کەم گێڕامانەوە •• بەرێوەبەر ئەوەندەی لە پۆلیسەکە هەڵدا ، هــاوارو ناڵــەی گەیشتە ئاسمان ، پاشانیش بڕیاری دا بۆ ماوەی یەك حەفتە بەند بکرێت ••

شادی زادە بە ئەسپایی‌یەوە پێی ووتم :ـ

— کچەکەمان لە چنگ پۆلیسەکە رزگار کرد ، بەڵام بەخوا لە دەست بەڕێوەبەر رزگاری نابێت ••

سەرە‌تا باوەڕم نەکرد ، بەڵام پاشان قسەکەی شادی زادە هاتــە دی •• جەنابی بەرێوەبەر ئێمەی بەرەڵلا کرد و کچەکەی گــل دایەوەو ووتی : سێ رۆژ دەمێنێتەوە •• بە شادی زادەم ووت :ـ

— با بڕۆین لای یەکێکی لەم گەورەتر شکات بــکەین •• خۆ ئــێرە چۆڵەوانی نی‌یە • پارێزگار هەیە •• دادگا هەیە • هەر یەکێك دێت بەدەنگمانەوە •• شادی زادە ڕازی نەبوو :

— نە کاکە گیان •• باش نی‌یە •• پۆلیسەکە بە شەوێك ڕازی بوو •• جەنابی بەڕێوەبەر بە سێ رۆژ •• تا بەرز تــر بــڕۆین زۆر تــر دەکات‌و دەگاتە حەفتەیەك‌و مانگێك‌و شەش مانگ • هەر چۆنێك

بێت دەستو پێوەندەکان باشترن • سێ ڕۆژ لەو شارە ماینەوە ، دەمەو ئێوارەی ڕۆژی سێیەم کچەکەیان بەردا ، بەڵام لەگەڵ سێ ڕۆژی لەمەوبەردا جیاوازیەکی زۆری هەبوو • لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا ئەوەندە پێشکەوتبوو ، هونەرمەندێکی ڕەسەنی لێدەرچوو بوو و ڕۆڵی خۆی بەجوانی دەبینی •

ئەو سێ ڕۆژە ئێمەش پارەیەکی زۆرمان خەرج کردو گەلێ هەلی باشمان بۆ هەڵکەوتو لەکیس چوون •••

قانزاج هەر ئەوە بوو ، کچەکە شەرمو شکۆی شکابوو و بە بێ ترسو لەرز دەچووە سەر شانۆ •••

لەو شەوە بەدواوە دوو قاتی وەردەگرت •••

شادی زادەی خوا لێخۆش بووش بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنو پێشکەوتنانەوە بێ سێو دوو ڕەزامەندی لەسەر هەموو شتێك پیشان دەدا •

بەڵگەیەکی تری دیداری چیرۆکی کوردی
لە سەری ڕەش (١)

٢٥ – ٢٧ – ئابی ١٩٧٩

مستەفا ساڵح کەریم

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن
میوانــە بەڕێزەکان

ئەندامە دڵسۆزەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد

بەناوی دەستەی بەریوەبەری لقی یەکێتی نوسەرانی کورد لــە سلێمانی کە دڵسۆزانە بۆ دیداری چیرۆکی کــوردی هەوڵو تەقــەلای مەردانەیدا ، پڕبەدڵ بەخێر هاتنتان دەکەمو لەناخەوە سوپاسی لیژنەی ئامادەیی‌و ئەندامەکانی لقمان پێشکەش بــەو روناکبیرانــە دەکەم کــە بەدەنگمانەوە هاتن‌و دڵسۆزانە یاریدەیان‌داین بۆ سازکردنی ئەم دیدارە نۆبەرەیەی کە یەکەمین میهرەجانــە بــۆ چیرۆکــی کــوردی تەرخان دەکرێ •

---

(١) ئەم وتارەی مستەفا ساڵــح کەریم کــە لــەو دیــدارەدا خوێندیەوە وابڕیاربو بە ناوی لیژنەی ئامادەییەوە بێ ، بەڵام لەبــەر هەنــدێ هــۆی تایبەتــی لەوساتەدا بڕیــاردرا بــە ناوی لقــی سلیمانیەوە بیخوێنێتەوە •

بەڕێزان : پرسیارێك زۆر جار دێتە ئاراوە ، ئاخۆ کێ بن ئەوانەی بەر لە کەسانی‌دی ، بەرپرسیارن ؟ بەرامبەر هەمو ناتەواوی‌و نالەباری‌یەکی ناو کۆمەڵگا لە جەنگان ، کێن ئەوانەی ئاسۆیەکی فراوانی پێشکەوتن بۆ جەماوەری زەحمەتکێش دەنەخشێنن ؟ کێن ئەوانەی بەدوی ئەوەدا دەگەڕێن ، ژیانی تەڵەکەبازی بگۆڕن بە ژیانێکی خاوێن‌و بێگەردو پڕخۆشەویستی ؟

بێگومان وەڵامی راستەقینەی ئەم پرسیارانە ئەو نووسەرانەیە نرخی وشەی پیرۆز دەزانن‌و قەڵەمەکانیان بۆ ئازارو ئاواتی نەتەوەکەیان تەرخان دەکەن •

بۆبەدی هێنانی ئەم ئامانج‌و ئاواتە ، نووسەرانی کورد لەمێژە ، بەهیوا بوون گردبونەوەیەکی رێك‌وپێکیان ببێ‌و لەنزیکەوە یەکدی بناسن‌و شارەزای تاقی‌کردنەوەی یەکتر ببن •

لەو رێبازەدا هەبو بێ دەنگ‌و خۆکەنارگر ، هەش‌بو ، وەك پەروانە بۆ ئەو مەسەلە پیرۆزەی بڕوای پێ‌بو دەسوتا ، بەڵام بەشی هەرەزۆریان لەسەر ئەوە پێك‌هاتبون کە تەقەللای دڵسۆزانەیان یەك‌خەن بۆئەوەی روبارەکان وشك‌نەبن ، گوڵاڵە سوورەی هەردەکان نەخرێنە ژێر پێوە ، بەری درەختەکان هەڵنەوەرێن ، بەپەرۆش بون بۆ زەهێڵەی بارانێکی بەتاو ، تا زەوی‌یە تینوەکان پاراو بکات •

بەڕێزان : لە ١٠-٢-١٩٧٠دا ئاواتی دێرینی نوسەری کورد هاتەدی‌و یەکێتی نوسەرانی کورد وەك رێکخراوێکی ئەدەبی دیموکراسی‌و پێشکەوتنخوازی دژ بە ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و چەوسێنەرو کۆنە پەرستی ، لەدایك‌بو ، لە یەکەم شەوی ئاهەنگی لەدایك بونیەوە بەشێوەی عاشقێك

که چاوەڕوانی دڵدارەکەی دەکات وەك کەس وکاری ئاوارەیەك که لــە تێزگەیەکدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکەن ، وەك وێڵێــکی تینوو که تووشی کارێزێك دەبێ ، ئاوا نووسەرانی کورد لە دەوری ئەستێرەکەیان کۆبونەوەو قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵکرد بۆ ئەوەی ئەستێرەکە هەر گەش بێو هەمیشە بدرەوشێتەوە ••• ڕێپیشاندەری ئەو کاروانە بێ چاویــان تێبڕیوەو لەبەر ڕۆشنایيەکەیدا دڕ بە تاریکەشەو دەدەن •

یەکەم هەنگاو کۆنگرە مێژووییەکەی حوزەیران •

دوەم هەنگاو گۆڤاری نوسەری کورد •

ساڵ بەدوای ساڵدا یەکێتی بو بەرێکخراوێکی پرشنگدار ، هەمــو قەڵەمە خاوێنەکانی گرتــە خــۆی ، باوەشی بــۆ لاوان کردەوەو دەستی دایە باڵیان •

سێیەم هەنگاو ڕاهێنانی جەماوەر لەسەر کۆڕە ئەدەبیەکان که بــو بەپەیڕەوێك تائێستا بەردەوامەو ڕێگای دوور لە بەردەم خوێنەرو روناکبیری کوردا نزیك دەکاتەوە •

بەرێزان : ئەستێرە گەشە کز بو ، بەڵام ئاوانەبو ، ساڵێك لەمەوبەر لەکۆنگرەی پێنجەمدا بە خوێنێکی نوێ شادەمارەکانی پاراو بوو ، بــە هیمەتی مەردانەو گیانی لەخۆبوردن ئەندامانو یاریدەی روناکبیران یەکێتی بەخۆیو سێ لقیەوە هاتەوە مەیانی چالاکی ئەدەبیو روناکبیری، وە بەپێی ئەو بڕیارانەی لەو کۆنگرەیەدا درا دەبو لەمساڵەدامیهرەجانێ بۆ شیعرو دیدارێك بۆ چیرۆك ساز بکرێ هەموان دەزانن که لە ٢٩ و ٣٠ی مارتــا لــە شــاری سلێمانــی میهرەجانــی دوەمــی شــیعری کــوردی بەوپەڕی

سەرکەوتویی‌و قەشەنگ‌ترین وێنە سازکرا ، کە تائێستاش شیعرەکانی میهرەجان لەگوێی جەماوەری کوردا دەزرنگێتەوە •

بۆ بڕیاری دوەمیش هەر لە سەرەتاوە هەوڵی بۆ درا ، بەڵام هەندێ کۆسپی نالەباری وا خرایە بەردەمی کە زۆرجار دەگەیشتە رادەیەك لەو هەوڵ تەقەللایە سارد ببینەوە ، بەڵام لە مانگی ئابدا جارێکی‌تر کەوتینەوە خۆمان‌و پەیوەندیمان بە کاربەدەستانەوە کردو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ هەواری چیرۆکی کوردیش سازبکرێ ، بەم شێوەیە چیرۆك ـ نوسەکان‌و رەخنەگرەکان لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە ، لە بەغداو لە شارانی‌ترەوە رویان‌کردە هاوینە هەواری «صلاح‌الدین» بۆ بەشداربون لەم فیستڤاڵەدا کە بێگومان ئاسۆیەکی نوێ لە بەردەم چیرۆك‌نوسەکانا بەدیاردەخاو دەبێتە باشترین‌و بەپیت‌ترین دیدار بۆ گفتوگۆو لێدوان دەربارەی رێبازی نوێی چیرۆکی کوردی هەرچەندە لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم : کە ئەم دیدارە خنجیلانەیە بریتی نیە لەو هیواو ئاواتەی ئێمە دەمانویست بێتەدی ، لە لایەك کەمی رۆژانی دیدارەکەو تێك‌خزاندنی باسەکان لە لایەکی‌تریشەوە کەمتەرخەمی هەندێ لەو برادەرانەی روویان لێ‌نرابو ، بۆ نوسینی باس‌و لێکۆڵینەوەو بە دەنگمانەوە نەهاتن یان بەڵێنیان‌داو لەدوایدا لێی پاشگەز بونەوە ، یان باسەکانیان بە باسی‌تر گۆڕی •

وە یەکێ لەوانەش کە جێی دڵگیریمانە ئەوەیە کە نەتوانرا باسەکان بگۆڕێتە سەر زمانی عەرەبی‌تا بتوانین دەستەیە لە چیرۆك‌نووس‌و رەخنەگ ناسراوەکان لە برا عەرەبەکان بانگ‌بکەین‌و بەشداریمان لە گفتوگۆو لێکۆڵینەوەکانا بکەن •

بەرێزان : کاتێك چاو بە هۆڵەکەدا دەگێڕم‌و ئەم چەپکە کوڵە ڕازاوەیە لە چیرۆکنوس‌و ڕەخنەگر دەبینم پێی دەگەشێمەوە ، لە هەمان کاتیشدا تەزویەکی سارد بەلەشما دێ کە لە ریزی پێشەوەی دانیشتوانا دەستەیەك لە شۆڕەسوارانی مەیدانی چیرۆکی کوردی وەك شێخ مارفی بەرزنجەیی‌و مەحمود ئەحمەدو لەتیف حامد بەدی‌ناکەم کە سێ گوڵی هەڵوەریوی ئەدەبی کوردین‌و چیرۆکنوسی کورد قەرزاری هەوڵ‌و تەقەللاو ڕێچکە شکاندنیانە •

خوشك‌و برایان :

جێی خۆیەتی ئەگەر بڵێین دەبێ ئەم دیدارە سەرەتایەکی نوێ بێ بۆ ڕەخنەگرەکانمان پێش چیرۆکنوسەکان ، با ڕەخنەی ئەدەبی لە خزمەتی ئیبداعی ئەدەبیدا بێ ، دوور بێ لە تیرەگەری‌و دەستیاو ، لە شەڕە گەڕەك‌و قسەو ناتۆرەی سووك ،

با ڕەخنەی ئەدەبی ڕێ‌پیشاندەرو ڕابەر بێ •

خوشك‌و برایان :

ئەم دیدارە نازدارەمان دەبێ قوتابخانەیەکی نوێ بێ شتی تازەی لێوە فێرببین ، دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی زیرەکانە بێ بۆ ئەو نوسەرانەی بەردی بناغەی ئەم هونەرەیان داناو بەرێزەوە سەیری هەوڵ‌و تەقەللاو بەرهەمیان بکرێ •

دەسا ئەی سوارچاکانی مەیانی چیرۆکی کوردی ئەسپی خۆتان تاودەن ، لە شایی‌و زەماوەندی دیداری چیرۆکی کوردیدا گۆرانی بۆ

مرۆڤو مرۆڤایەتی بلێین ، بۆ ژیانێکی بەختیارانەو دوارۆژێکی باشتر بۆ میلەتەکەمان بچریکێنین ••

با چیرۆکەکانمان مۆرکی خۆماڵیی پێوەبێ ، با بۆنو بەرامەی دەشتو هەردو چیاو لالەزارو بەفرو کانیاوی کوردستانی لێ بێ •

بـا چیرۆکی کوردی بنوسین کە پێناسی تایبەتی خۆی هەبێ •

ئاواتەخوازم سەرکەوتوو بن •

سەربەرزی بۆ وشەی ڕەسەنی کوردی

سـوپاس •

ئاگاداری

تکایە لە دێڕی (١٩) ی لاپەڕە (٣٤)ەوە تادوایی لاپەڕەکە بەمجۆرە بخوێننـەوە :

ئەم دوو دەنگە جیاوازە لە هەمان بیئەدا دەرکەوێو دوو مانای جیاواز ببەخشێ • واتا هیچ ووشەیێك لە زمانی عەرەبیدا نییە تیایا بە ئاڵوگۆڕ کردنی ئـەم دوو دەنگـە مانا بگۆڕێ • واتا فۆنیم شـتێکی (مجرد) ە تەمیسلی چەن دەنگێکی جیاواز ئەکا لە زمانێکی تایبەتیدا •

لە دێڕی (٢) ی لاپـەڕە (٣٥) یشـدا لەپاش وشـەی « وەك » نیشانەی // دابنێ •

مەڵێ پاپیر

عبد الرزاق بیمار

کەوا ئەمڕۆ بەزم بەزمی ئازیزییە
باخی عومرم پاییزییە !
دە لێی گەڕێ ، باخی پاییز
هاوینە گچکەلەی ساڵی بوو بە میوان :
کە شازادەی هیواو فەڕو بەرچاوتێرە ،
بۆ کاروانی خەمداگرتووی دڵی مەستان
هیوایەکەو
هەر جار دەبێتە ئەستێرە •
دەی با گوڕی هاوین دیسان وەك شەماڵێ
بۆنی گوڵان ،
جوانیی پەپوولەی سەر چڵان ،
خوێنی دڵان بەجۆش بێنێ •
دەی با لاوی لە تەمەنێکی پتەودا
خۆی بنوێنێ ،
هەرچی خۆشەویستی بیڵێ
کەس هیچ ناڵێ !

× × ×

گوڵەکەی من ! مەڵێ پاییز
دە توخوا ناوی مەهێنە
بڵێ : هاوین ، بڵێ : بەهار
دڵی یادگار مەشکێنە

یادگاری رۆژێك لە باغچەی بەهارا
خۆم و کەمانچەی بێ‌فیزم
گۆرانیی (بەرەو پاییز) م
لەبەردەم شۆخی نازدارا
دەگوت ، دەم‌ویست بە گەرمایی
بەهارانەی بەستەکانم
بەفری دڵی خەمی پاییزان لێ‌نیشتوو
بتوێنمەوە ..
ووزەی ژینی هەمیشەسەوز بژێنمەوە
دە تۆش .. با گۆرانی بڵێین
گۆرانیی بەهاری بە خوڕ
گۆرانیی هاوینی بەگوڕ .
مەڵێ پاییز
گوڵە ! خۆ بەهارم نەدی
تێر لە کانیی چاوەکانما
خۆیان بسمیل نەکرد گوڵی
سوورو سپی ،
لە بەهارا بەرۆژوو بووم
هەر برسی بووم
چی‌بوو مەلا بانگی نەدا ،
رووەمەتی مانگی شەوڕۆیم
تامی نان و ئاوانی بەربانگی نەدا ؛
کچی ئاواتم عەورەتی
خەمباری با دای‌دەپۆشی

دەسماڵێکی جانگی نەدا ! ؟

× × ×

تۆم بەهاریَ

هەر تۆم یاری !

کە دوو بە دووین ، تۆ مۆمێکی دایساوی

نە دەتوانم بەسەر خەرمانەی گڕەوە

لەنگەر بگرم

نە دەتوانم ئارام بگرم .

کە دوو بە دووین

وا مەزانە من هەر مەستی بەژنو باڵام

پەنجە تامەزرۆی ووشینی قژی خاوم

مەلەوانی گۆمی جادووریژی چاوم !

ئەوا ژیان دڵی مەلێکی گیراوە

بەکوڵ ، بەتاو بەسەر سنگمەوە لێدەدا

ترپەی گەرمی تێکەڵ ترپەی دڵم دەکا ...

من ژیانم بە دۆڵو لوتکەی شاخەوە

بە دڕکو گوڵی باخەوە

بە رووی زبرو پەرداخەوە

لە باوەشی گەرم ناوە .

× × ×

من سەرمەستی خۆشەویستیی ئەم جارەم

من هەمیشە دڵبزێوی بەجۆشی ئەو بەهارەم

تیشکی چاوی پەریزادەی بەیابیت

دەموچاوی خواناسی کڵیسابیت ،

ووشەکانت ،
خەیاڵە بە وورشەکانت
بانگم دەکەن لە ناخی
لاویمەوە بۆ سەرچاوە بڕوانم
× × ×
ئێمە لە تارمایی پاییز یاخی یاخی
وەرە بچینەوە شاخی هەمیشە لاو ..
بەناو دۆڵو دارو دەوەنو بەندەنا
بە ئاوەڕۆی وشکە رووباری وەتەنا
هەوراز دەچین .
چەپکی هەتاو
تاڤگەی شەرمنی قژی خاو
دەنەخشێنێ ،
پشکۆی کوڵمەی سوور هەڵگەڕاو
نم نم عارەق هەڵەقوڵێنێ ،
پیوپانی لە زیخو چەوی دەراوانا
بەرۆك بە گوڵی کێویلەو
ناوچەوان بە بای کاوانا
دڵو دەروون لە دولبەریی کوردستانا
پاراو دەکەین ،
بۆ تەمەنێك هەڵمەت دەبەین
بەهارێکە وەکو تۆ جوان ،
دڵسۆز ، بدە ، نەرمونییانو خانومان .

زینــدەخــەو

جمال محمد اسماعيل

شنەی شەماڵێکی تینوی ••• ،
تاڤگەو هەڵدێرو چیام من ••
ئۆخژنی رازی کچێکی •• ،
زیندوی بە بیرو بروام من ! !
تابلۆی ئاونگی ژێر چەنەی ••،
بوکی گەراوەی سەر زینم •• ! !
خەمی گەرمی ناو پریاسکەی •• ،
وێرانە دێی « خاتوزینم » ••!!
دەمی لەگۆکەوتوی ساتی •• ،
یەکەم جێژوانی •• یارێکم •• ،
هەنگاوی بەسامی کاتی
لاوی بەرەو سەردارێکم ! !

× × ×

شۆێن پێ هەڵگری روداوی
ناو ئەفسانەی لاوکی خۆمم •• ،

ماچی تامەزرۆی شوانکارەی ..،
لێرەوارو کەژو چۆمم !!
خەونێکم لەناو پێخەفی ..،
ئازادیدا خۆم نەدیوە ..
ناوێکم چ نوسینگایەك ..،
منی لای خۆی نەنووسیوە . !!

× × ×

ئاواتی خواستی باڵگرتوی ..،
تیژرەوی کاروانی دوورم
هەنیسکی پرقینی دایکی ..،
چارشێو لە خوێناوا سوورم !!
لەناو دەواری شەوگاردا ..،
چاوشارکێی ئەستێرەم دەوێ !!
لەگەڵ شریخەی قامچیو دار ..،
دەنگی ئەو بلوێرەم دەوێ !!
نە ماچی تەوێڵی خوابیم ..،
تا لە میحراب هەڵمواسن ! !
نە « منی ڕاستی » « هەلاجم »
چی داربەدەستە بمناسن !!

× × ×

کەچە شمشاڵێکی چیام ..،
بۆ کۆرپەی بێلانە دەگریم !!

کوره کوردێکم تا ژیام ..
بۆ مێرگی وێرانە دەگریم !!
سرتەی خەیاڵی ئەو دایکەم .. ،
خەو ناچێتە چاوی شەوێ !!
وەنەوزی گلێنەی ئەو باوکەم .. ،
لە سۆزی جەرگی ناسرەوێ . !!
شانۆی ژیانی کۆرپەکەی .. ،
دێتەوە یاد لە زیندانا .. !!
لەگەڵ هەر خەونێ خورپەیەك
بابە ... ؟ ! گیانە ..
من قەتاری ئەو قۆشەنەم .. ،
تۆفو زریان ڕای‌نەماڵی .. ،
من چڕنوکی ئەو بەندەنەم .. ،
ڕۆژگار پێی نەشکابێ باڵی . !!
لەسەر بەردەبێری ئەشقی .. ،
ئەو خاکەدا « سێرە » دەگرم
یا نێچیری خۆم دەپێکم .. ،
یا بەو ئاواتەوە دەمرم . !:

× × ×

عەودالّی چیت ؟ !

شیعری : عبدالله عباس

- ١ -

عەودالّی چیت ؟
« بالاّ ئەندام ، بەبێ دەنگی دام ئەپۆشی •••
لەنێوان نمەی شەونمو مەرگێکی کوتو پرا ••
یادگاری‌من جێ دێلی •• ! »
عەودالّی چیت ؟
تۆ ، عاشقی خۆری دووری •• خۆرێکی دوور ••
لەدەنگ دانەوەی هاتنی خۆری عەشقا ••
ئەبیت بە شەپۆل •••
پەرۆشی یەکەم هەنگاوی •••
ئارام بەکۆتایی ناگریت ••
عەودالّی چیت ؟

- ٢ -

« پەنجەرەکان ئەکەیتەوە ••
یادگاری گشت عاشقێك بەبا ئەدەی
هەموو شتێك هەر ، کۆچ ئەکا •••
سێبەرەکەم ، بە شەپۆل دێتە ژوورەوە »
تۆ ئەبینم •••
لە کۆتایی بێزاریتو ••
پەرۆشی یەکەم هەنگاوی ••

حەزو عەشقت لەبەر ئەکەم
هەموو ڕۆژەکانی‌تر بەجێ‌دێڵم ••

× × ×

بەر لە تۆ ، مێژوو نەنووسراوە
لە دوای تۆش دوا دێری ئەبڕێتەوە

- ٣ -

حەز ئەکەم ، هەموو ڕۆژێ
بە گوڵە گەنمی تۆو •• برینی خۆما رابوورم
حەزناکەم گوێم لە گریانی چنار بێ ••
کە لەسەر برینی خۆمو لەسایەی گوڵە گەنمی
تۆدا ڕائەوەستم ••
تیشکی مەسافەی مانەوەی تۆو ••
هەنگاوی من دروست ئەبێ ••
چنار ئەگری ، تیشك ئاوا ئەبێ
لە نێوان خۆمو
ناوی خۆمو
شیعرەکانما •••
تۆ ناوت نیشتمانە
ئەمە عەشقەو لەم عەشقە پیرۆزتر نی‌یە

- ٤ -

ئەی ئەو کەسەی خورپەی دڵم بە دواتا وێڵە
سنووری عەشقم شارەزای ؟

« تەماشاکەر لە شانۆی کوردیدا »

یاسین قادر بەرزنجی

خوێنەری بەڕێز : بەر لە دوو ساڵ لە (پاشکۆ) مانگانەکەی (العراق)دا شتێکمان لەسەر تەماشاکەر ووتو بەگوێرەی بۆ چوونی خۆمان قۆناغەکانی کۆکردنەوەی تەماشاکەرانی شانۆی کوردمان کردە سێ بەشەوە (١) ... هەر لەبەر گرنگیی ئەم باسەو ناو نەبردنی لەلایەن نووسەرو هونەرمەندانەوە ، بەش بەحاڵی خۆمان چەند شتێکی نوێمان خستە سەر ئەو قۆناغانەو لە کۆڕێکی هونەریدا لە سلێمانی پێشکەش کرا (٢) ... وا لێرەدا شتە نوێیەکانی ئەو نووسینە دەخەینە بەر چاو بەو هیوایەی توانیبێتمان خزمەتێکی بچووکی هونەرو ڕۆشنبیریی گەلەکەمان پێ کردبێ .

سەرەتاو بەسەرکردنەوەیەکی قۆناغەکان :

لە عێراقدا ، کۆنترین شانۆگەریو یەکەمین بەرهەم لە ساڵی ١٨٨٠دایەو لە شاری (مووسڵ) پێشکەش کراوە ، کە شانۆگەری (الشماس)ی (حنا حبش)ە (٣) .

شانۆگەریی کوردییش ، وەك سەرەتاو یەکەم بەرهەمی تەمسیلی لەناو دوو مێژووی دیاریکراودا گیری خواردووەو تا ئێستا لەنێوان

دوو بۆچووندا ماوەتەوە ، یەکەمیان ، لەو ڕایەوەیە کە سەرەتاکە دەبانەوە بۆ سەیرانەکانی سەرچناری ساڵی ١٩١٢ ، کە لە شێوەی تەمسیلێکدا جۆرە حوکمڕانی‌یەکیان خوڵقاندووەو فەرمانڕەوا سـزای گوناهبارانیانی داوەو بڕیاری خستنە ناو بەحرەکەی سەرچناریانی دەرکردووە (٤) •

دووەمیان ، ساڵانی ١٩٢٥ – ١٩٢٦ دەکەنە گەرادانانـی شانـۆی کوردەواری‌و شانۆگەریی (عیلم‌و جەهل) کە لە (لولا المحامی)یەوە ئامادەکراوە و لە ژێر سەرپەرشتیی هونەرمەندی پێشڕەو (فوئاد ڕەشید بەکر)دا پێش‌کەش کراوە ، ئەو دەمە دەکەنە سەرەتاو یەکەم شانۆگەریی کوردی‌و مەڵبەندی سەرهەڵدانەکەش شاری سلێمانی‌یە ••• لێرەدا ، ئێمە پشـتگیری ڕاوبۆچوونی یەکەمیان دەکەین ، چونکـە سـەرەتاو لە لە دایك بوونی‌شانۆی هەر نەتەوەیەك لە ئەنجامی چەند کردەوەیەکـی نواندن‌و چەند تابلۆیەکی شانۆیی‌یەوە بووە •

هەر لە نووسینەکەی زووماندا ، بە درێژی دەوری تەماشاکەرانی سێ قۆناغەکەمان شی‌کردەوە ، وا لێرەدا دەگەڕێینەوە سەریان‌و هەندێك شتی تریان دەخەینە سەر • تەماشاکەرانی قۆناغی یەکەم ، کە لە سـیەکان بۆ پەنجاکانن ، ساکارانە ڕوانیویانەتە شانۆگەری‌یەکان ، زۆربەی ئەوانەی دەهاتنە سەیر بۆ خۆدەرخستن‌و مونافەسەی پیاوە ماقووڵەکان بووە ، هی وا هەبووە لە ماڵەوە یان لەسەر ئیشەکەی هەندێك پارەی خستووەتـە باخەڵیەوەو لە شانۆکە پێشکەشی تەمسـیل چی‌یـەکانی کردووە ••• تـا بەو کارە گەورەیی‌و بەخشندەیی‌و پیاوەتی خـۆی دەربخا ، کەواتـە مەبەستی زۆربەی تەماشاکەران کات کوشتن‌و ڕابواردن بووە زیاتر لەوەی شتێ لەسەر زانیاری‌یەکانیان زیاد بکەن •

لێرەدا ، پێویستە دیوێکی تەماشاکەرانی ئەو ماوە دیاری کراوە بخەینە

ڕوو ، تا وەك ئاسیاویمان زیاتر بێ لەگەڵ پلەی شانۆگەری‌و ڕادەی تەماشاکەرانی ئەو کاتە ..... (ئەمەش) لە زمانی فوئاد ئەفەنی‌یەوە دەگێڕینەوە) . .

کات :ــ هاوینی ساڵی (١٩٢٥) ە .

شوێن :ــ سەر سەکۆکەی ماڵێ (بەهێ‌خانی شێخ مەحمود)ە کە کراوەتە مەکتەب‌و ناوی (مەکتەبی ئەوەڵ)ە .

ناوی شانۆگەری‌یەکە : (عیلم‌و جەهل)ە کە لە شانۆگەری (لولا المحامی) یەوە کراوە بە کوردی‌و ئامادەکراوە .

بەشداران : کەریمی سەعید بەگ (کریم زانستی) ، فوئاد ڕەشید بەکر ، یەحیا ئەفەندی وێنەگر .

(پەردە لادەدرێ‌و شانۆگەری‌یەکە دەست پێ دەکا ... یەکێ لەوانەی هاتوونەتە سەیرکردن جوولەکەیەکی چەتەوڵی عەبابەشانە ، بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە بزانن (جولەکەکە) لەوێ‌یە ، دەست دەکا بە هاتوچۆ بە بەردەم خەڵکەکەدا ، ئەوەندە دێت‌و دەچێ ئاگای لە خۆی نابێ‌و دەکەوێتە حەوزی ئاوی بەردەم شانۆکەوە .. بە پەلە فریای دەکەون‌و دەری دەهێننەوە ... بەم ڕووداوەش پێکەنینێکی زۆر دروست دەبێ ... بەهەر حاڵ ، دوای ئەوەی شانۆگەری‌یەکە کۆتایی پێ دێ ، فوئاد ئەفەنی لە کابرایەکی کاسبکاری سەیرکەر دەپرسێ : خاڵە بەرهەمەکەمانت لا چۆن بوو ؟ کابرا دەمودەس دەداتە قاقای پێکەنین‌و دەڵێ : بەخوا برا عەنتیکە بوو .. بە تایبەت ئەو حەلەی تەمسیل چی‌یەکان کابرای جوولەکە دەخەنە حەوزە ئاوەکەوە ...) . ئەمە ڕادەی تەماشاکەرێکی ئەو ماوە کۆنە بووە .

بەڵام تەماشاکەرانی قۆناغی دووەم (کە لەپەنجاکانەوە تا سەرەتای حەفتا) دەگرنەوە ، بەش بەحاڵی خۆیان خزمەتی شانۆکەیان کردووە.. دیارترین هونەرمەندی ئەم ماوەیە ، ڕەفیق چالاکی کۆچ کردووە ، کە توانیویەتی خەڵکێکی زۆر لە شانۆیەکانی کۆبکاتەوە .. تەنانەت پەنای بردووەتە بەر کردەوەی ئەوتۆ کە ئەوەندەی تر شانۆی لای جەماوەرەکە خۆشەویست کردووەو یەکێ لەوانەو لەو بەرهەمانەی (چالاك) شانۆگەریی (لەڕێی نیشتماندا)یە کە باربۆکەی پێش کەش بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی پێنجوێنی ساڵی ١٩٤٦ کراوە .

هەروەها لەم ماوەی دووەمەدا ، لایەنێکی گرنگی شانۆ بەرەو پێشەوە چووە ، ئەویش بەشداری کردنی ئافرەتی بە تواناو کارامە بووە لەم بوارەدا ، کە ئەوەندەی تر شانۆگەرییەکانیان پڕ لە ڕوناکی کردووەو بوونەتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی تەماشاکەرانی‌تر . با لێرەدا بەرێزەوە ، وەك یادکردنەوەیەکی ئەو ئافرەتە هونەرمەندانە، ناوی هەندێکیان بێنین ، لەوانەی زۆر دەوریان کاریگەر بووە : گوڵزاری عومەر تۆفیق ، نەجاتی شێخ محەمەدی مەحوی ، نەرمینی سەعید ناکام ، بوون .

لە قۆناغی سێ‌هەمدا ، کە لە حەفتاکانەوەو بەرەو ئەمڕۆیە، گۆڕانێکی چاك بەسەر ڕادەی هۆشیاری تەماشاکەرانو ڕۆشنبیرییە گشتییەکەیاندا هاتووە ... هەندێ لەو تەماشاکەرانە بوونەتە دۆستی هەمیشەیی شانۆکەیانو بەسەرنجی ووردەوە لە تواناو کاری پیرۆزی سەر بە میللەتو هونەرمەندە ڕاستگۆکان دەڕوانن .. بەڵام ، وەك ژمارە ، هەر کەمن ، هێشتا نەبوونەتە ئەو تەماشا کەرەی کە تەواوکەری شانۆیە .. بەڵام لەگەڵ بەرەو پێش چوونی بەرهەمەکانو زۆربوونی سەرچاوە ڕۆشنبیرییە هونەرییەکاندا ، ئەمانیش لە جیهانێکی نوێدا خۆیان دەبیننەوە .

بانگ‌کردنی تەماشاکەر بۆ بینینی شانۆگەری :

لە پەنجاکاندا ، ڕۆژانی پێش‌کەش‌کردنی بەرهەم دەکرا بەچەند ڕۆژێـکی جیا جیاوەو بۆ خەڵکی لەیەك جیاواز ، بۆ نموونە :ـ

شەممە : بۆ خاصەو پیاوماقوڵانو ئەعیان •

یەك شەممە : بۆ ژنانو منداڵەکانیان •

دوو شەممە : بۆ کرێکارانو زەحمەت‌کێشان •

سێ شەممە : بۆ تەلەبەو ئەو جۆرانە •

لەیەکێك لەو بڕوانامانەی دەستمان کەوتوون ، دیسان جۆری دابەش کردنی تەماشاکەرەو لە ساڵانی (١٩٥٧ ـ ١٩٥٨) دا بووە ، کە تیپی نواندنی شۆڕش‌و کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ، بەم جۆرە خەڵکیان بانگ کردووە بۆ بینینی شانۆگەرییەکانیان :ـ

«١»ی مانگ : ئەشراف •

«٢»ی مانگ : فەرمانبەران •

«٣»ی مانگ : ژنـان •

«٤»ی مانگ : ئەهالی •

«٥»ی مانگ : قوتابیان •

« هەندێك جاریش (سەربازان) ڕۆژێکیان دراوەتێ (٥) • • »•

ئەم جۆرە دابەش‌کردنە تا دوای ساڵەکانی حەفتا بەردەوام بوو ، بەڵام لەدوای ساڵانی حەفتاوە ئەم دابەش‌کردنە هەڵەیە پێشێل کـراو خەڵکەکە تێکەڵ‌کران ، بە بێ ئەوەی گوێ بدرێتە جیاوازی ژن‌و پیاوو ئینتیمای چینایەتی‌یان• لێرەدا با دەوری (تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی)ی سلێمانی لە یاد نەکەین ، کە یەکەم جار دەست‌پێشکەری خۆیان کردو لە شانۆگەریی (چەخماخە)ی ساڵی (١٩٧٣)یاندا ، بێ جیاوازی خەڵکیان

لە هۆڵەکەدا داناو هەر ئەم تیپەشـ ڕۆژی (تایبەتـی) لـە پرۆگرامـی پێش کەش کردنیدا نەهێشتو لەگەڵ کۆمەڵو تیپە نوێیەکانیتردا بارو شێوەیەکی ماقوڵیان بۆ (عرض) ەکانیان ڕەخسان •

تەماشاکەر وەك ژمارە :

ئەگەر بێنین بە چاوی سەرنجدانەوە ئاوڕێك لە مێژووی بزوتنەوە شـانۆییەکانی کوردسـتان بدەینەوەو سەرنجدانەکەشمان لە سلێمانیدا کۆبکەینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ تەماشاکەران بەڕادەی جیاواز ڕوویان کردووەتە شانۆکان •

وا لە خوارەوە ، چەنـد بەرهەمێـکی ئـەم دەساڵـەی دوایـــی هەڵدەبژێرین ، کە بە ئاشکرا جیاوازی لە ژمارەی تەماشاکەراندا دەبینرێو هەر بە شێوەی هێڵێکی بەیانی لە بەرزبوونو نزم بوونەوەدایە •••

شانۆگەریی (سەرینی باداری)یەکەی ئەحمەد دەنگ گەورە لە ساڵی ١٩٦٩دا ١٠ ڕۆژ بەردەوام بووەو هۆڵەکەی سانەوی سلێمانییش جێگای ژمارەیەکی زۆر کورسی تێدا بووەتەوە •

(شێتخانە)کەی بورهان مەسرەف لە حەفتادا گەیشتووەتە ١٤ ڕۆژ پێش کەش کردن •

(ئابلۆقە)ی غازی بامەڕنی لە ١٩٧٦دا گەیشتووەتە ١٨ ڕۆژ ، (کووپە)ی فازیل قەساب لە ١٩٧٨دا (٦) ڕۆژ دەوامی کردو هۆڵەکەشی کورسی چۆڵی تێدابوو •

(ڕەجەبو پیاوخۆران)ی ئەحمەد سالار لە ١٩٧٥دا (٢١) ڕۆژی خایاندووەو (دووڕەگ)ی فازیل جاف لە ساڵـی ١٩٧٩دا (٧) ڕۆژ پیشاندراوە •!•• ئەمانەو نموونەی تریش •

دەتوانین هۆی ئەم جیاوازی‌یەی ژمارەی تەماشاکەران ، لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە :ـ

١ـ کات‌و ڕۆژگاری پێش‌کەش کردنی بەرهەمەکان ، حوکمی کەم‌و زۆری تەماشاکەران دەدا •

٢ـ جۆرو زمانی دەقەکەو بیرو ناوەرۆکی بابەتەکە ، لە هاتنی خەڵکیدا دەورێکی گرنگ دەبینێ ، بێ‌گومان دەقی خۆماڵی ، زیاتر لە دەقی بیگانە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە • ئەمە بێجگە لە بنەماو بنچینە فیکری‌یەکان کە دەقەکەیان لەسەر دامەزراوە •

٣ـ ئەو کەسەی بەرهەمەکە دەردەهێنێ وەزنی لە لای خەڵکی چۆنە •

٤ـ ئەو تیپەی کە بەرهەمەکە نیشان ئەدات چونکە ڕابووردوو و بەرهەمە کۆنەکانی هەر تیپێک‌و بەشدارەکانی ، لە لای خەڵکی‌و تەماشاکەران ناسراوەو شایەتی‌ی بۆ دەدەن •

٥ـ نەبوونی قوتابی‌و ئافرەت لە هەموو بەرهەمێکدا کۆسپێکی گەورەیە• قوتابی بە هۆی دەرس‌و کۆششی قوتابخانەیەوە ، ئافرەتیش بە هۆی ئەو کۆنەی کە بارە کۆمەڵایەتی‌یەکە لە مەچەکی ناوە •

٦ـ شێوەی ڕاگەیاندن‌و جۆری پۆستەرو گەیاندنی هەواڵی بەرهەمەکە لە لایەن ئێسگەو تەلەفزیۆنەوە •

٧ـ ئەو هەواڵ‌و ڕێپورتاژانەی ، ڕۆژنامەنووس‌و نووسەران بەر لە پێش‌کەش‌کردنی شانۆگەری‌یەکە لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاوی‌دەکەنەوە •

× × ×

بایەخی تەماشاکەری شانۆ :

پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە بەبێ بـوونی تەماشـاکەری بابەتـە هونەرییەکان ، هیچ ئەنجامێك دەستگیر نابێو پێویستی بە بوونو بەردەوامی جوڵانەوە شانۆییەکەش ناکا • (نبیل بدران) ی نووسـەر لـە بارەی دەوری تەماشـاکەری شـانۆو گرنگی ئەو تـەماشـاکەرانـە وە لە هۆڵی شانۆکەدا دەڵێ :ـ

(ئایا دەتوانین شانۆیەکی بێ تەماشاکەر دابنێین بە شانۆی تەواو ؟ بێگومان نەخێر چونکە شتێکی سروشتییە ، شانۆ خـۆی لە خۆیـدا هونەرێکی جەماوەرییەو بوونی لەگەڵ بوونی خەڵکەکەدا دەسەپێنێ ، بە کزبوونو نەمانی تەماشاکەران ، شانۆ بەرەو کزیو دۆزەخی نەمانو لە بیرچوونەوە دەڕوا ••• مەرامی شانۆ ، پارە پەیداکردنو سـوودە ماددییەکە نییە ، بەڵکو لە پێناوی ئامانجێکی مەعنەویدایە ، شانۆ هەوڵی تێگەیاندنو جوانکردنی میزاجی خەڵکەکە دەدا ••• دەیەوێ بەشدارێکە کارێگەر بێ لـە درووسـتکـردنی جیهانێکی باشـتردا کـە هەمـوو خواستەکانی ئادەمیزاد بێنێتەدیو خەوە سـەوزەکانی مرۆڤایـەتیی مـەزن بگەیێنێتە واقیعێکی قەشەنگو بەنرخو ڕازاوە) (٦) •••

ئەو نووسـەرە زیاتر لە دەوری تەماشـاکەران دەکۆڵێتـەوەو لە ئەنجامی بەراوردکردنیاندا لەگەڵ تەماشاکەرانی فلیمـە سینەماییەکانـدا دەڵێ :ـ « ئەگەر لە یەکێ لە هۆڵەکانی سینەمادا ، تەماشاکەرانی فلیمێك تەنها پێنج کەس بن ، ئەوا هیچ لە مەسەلەکـە ناگۆڕێو فلیمـەکە وەك خۆی بە چاکی دەڕواو هیچ کارێكو ڕەنگدانەوەیەکیش لە ئەکتـەرە سەرەکییەکانی ئەو فلیمەدا نابینرێتەوە ••• بەڵام ، ئەگەر تەنها پێنج کەس میوانی شانۆیەك بن ، بێگومان ئەکتەرەکان هەسـت بـە چـۆڵی

هۆڵەکە دەکەن و ئەنجامی ئەو هەست پێکردنەشیان لە دەورەکانیاندا دەبینرێتەوەو مافی هیچ جۆرە گلەیی یەکیشمان بەسەریانەوە نابێ ... چونکە ئەکتەری شانۆ بەرامبەر بە کۆمەڵێ کورسی چۆڵ توانای داهێنان و سەرکەوتن و نواندنی چاکی نامێنێ چۆنکە بوونی خۆی لەگەڵ بوونی تەماشاکەرەکاندا دەبینێتەوە) (٧) ...

ئەمڕۆش ، کە ڕێبازو شێوەی کارکردنی بەرهەمە شانۆیی یەکان لە قۆناغێکی نوێدا خۆی دەبینێتەوە ، دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستی یە بین کە دەڵێ :ـ شانۆ ووتوویژێکە لەگەڵ خەڵکیدا » ، ئەوەش فەرامۆش نەکرێ کە گەلێ دەرهێنانی نوێ ڕێ بە تەماشاکەران دەدا کە ئەگەر لە جیگەیەکدا دامان ، ، یان پرسیارێك خۆی سەپاند بەسەریاندا ، لە ئەکتەرەکان بپرسن و ئاسایی یە موناقەشەی گەرم و گوڕیش درووست ببێ لە نێوانیاندا • دیسانەوە بۆ ئەکتەریش هەر هەمان شێوەیە ، گەر شتێ پێویستی بە پرسیار کردن کرد ، ئەوا دەتوانێ دەرگای موناقەشە لە تەماشاکەرەکان بخاتە سەر پشت و لەگەڵیاندا بدوێ ...

بەڵام ، ئەوەی یەکجار جێی بایەخ پێ دانە ئەوەیە کە تەماشاکەری ئاسایی لەگەڵ تەماشاکەری ڕاستەقینەدا تێکەڵ نەکرین ، چونکە ئەگەر تەنها مەبەست لە سەیرکردن و کات کوشتن بێ ، ئەوا لە نرخی شانۆو گرنگی تەماشاکەرانی کەم دەبێتەوە ، بەڵام بە بوونی تەماشاکەری هوشیارو کارامە ، بەرهەمی چاك و سەرکەوتوو لە کارە هونەری یەکەدا دێتە دی •

یەکخستنی بیرکردنەوەو نزیك بوونەوەی شانۆکارەکانی کورد لەگەڵ ئەو جۆرەی تەماشاکەرە هوشیارەکان ، مژدەی دانانی پرۆگرامێکی گەشبین و ڕوناك و جوان دەدەن بە مێژووو کاروانە پڕ لە هیواکەی گەلی کورد ...

داوای ئەمڕۆ لە هونەرمەندەکانی شانۆ :

ئەو کاتەی کۆمەڵێك دەیانەوێ بەرهەمێکی شانۆیی پێشکەش بکەن ، گەلێك پێویستە ئەو « ڕاستی » یە بزانن کە دەڵێ :ـ (هونەر تەنها دەربڕینی ژیان نییە ، بەڵکو لێزیادکردنو پێشخستنیشیێتی) (٨)..

د. محەممەد مەندور لە کتێبەکەیدا دەڵێ :ـ «ئیشی گرنگی ئەدیبو هونەرمەند تەنها ئەوە نییە کێشەو گیروگرفتەکانی سەردەمەکەی خۆی بە هەموو ژانەکانیەوە هەست پێ بکاو دەری ببڕێ بۆ خەڵکی ، بەڵکو دەبێ لەسەر قەناعەتو ڕای خۆی پێ داگریو بینینەوەی جیهان لە چاوی خۆیەوە بۆ خەڵکەکە شی بکاتەوەو لێپرسراویش بێ بەرامبەر بەو ڕایانەی دەریان دەبڕێ ، ئەگەر لەسەر قەناعەتو ڕاکەی تووشی گێچەڵو مەینەتیش بێ » (٩) ...

ئەرکی یەکەمی سەر شانی هونەرمەندیش، چاندنی عەشقێکی پیرۆزە بەرامبەر بە خاكو گەلو هونەرەکەی ..خۆپەرستیو خۆ بە گەورەزانینو فەرزی هەڵوێستی چەوت ، تواندنەوەی مەرامی شەخسیو خوار ڕۆیین، لە نرخی بەرهەمی دادەبڕێو بەرەو نەمانی دەبا ، لێرەدا با لەگەڵ ووتە بەناوبانگەکەی « ستانسلافسکی » دا دەنگمان یەکخەین کە دەڵێ :ـ « خۆتان لە هونەرەکەتاندا خۆش نەوێ ، بەڵکو هونەرەکەتان لە خۆتاندا خۆش بوێ » .

لە پاش حەفتاکانەوە ، هەر وەك زووتریش ووتمان ، خەڵکەکە دوای بانگەوازی هونەرمەندەکان کەوتوون ، ئەمڕۆش کە ڕۆشنبیریی هونەری لە ناو خەڵکیدا بەرفراوانترەو ئەو سەرچاوانەی کە هونەرمەند ئیشی تێیان دەکەوێ ، بە ئاسانی چنگی تەماشاکەریش دەکەون، لەبەر ئەوە ئەمیش خواستی خۆی هەیە ... کاتێ بەرهەمێ نیشاندەدرێ هەر

یەکێ لە تەماشـاکەران ڕای خـۆی دەردەبڕێ ، دوورو نزیکی ئـەو بەرهەمە لە واقیعی کوردەواری خۆمانەوە دەپێوێ ، لەسەر لاپـەڕەی ڕۆژنامەکانیش دەبینی گـەلێ جار ڕای ئـەوتۆ دەربڕاوە کـە مایـەی گەشبینیو خۆشحاڵین ••• ئەوەتا لە ساڵی ١٩٧١ دا ع• ع• م• ناوێـك لە هاوکاریدا بەوپەڕی ڕێزەوە لە « جەنابی موفەتیش » دەدوێو دەڵێ:ـ « مامۆستا رؤوف حسن شانۆیەکی جوانو گونجاوی هەڵبژاردووە کە پێویست بوو بۆ ئەم ڕۆژگارە » (١٠) ••

بە گوێرەی بەرەو پێشەوە چوونی بەرهەمـەکانیش تەماشـاکەران گۆڕانیان بەسەر خۆیاندا هێناوەو چەند بۆچوونێکی ماقووڵ هاتووەتـە کۆڕی نووسینو موناقەشەوە ••• فـەهمی قـەرەداغی ، دیسـانەوە لە هاوکاریدا سەبارەت بە شانۆگەری « ڕەجەبو پیاوخۆران » نووسیویە دەڵێ :ـ (لە ڕەجەبو پیاوخۆراندا ، پیاوخۆرەکان کە ڕەجەب دەکوژن ترسی گەورەیان لە « مەهدی » یە ، چونکە شانو مل ڕووتە ، کرێکارە، کوڕی ڕەجەبە ، بیر ڕوناکەو کتێب ئەخوێنێتەوە •• گەرچی لەوێدا شـانۆگەری‌یەکە تـەواو ئەبێ بـەڵام لە ڕاسـتیدا لەوێـوە دەسـتی پێ ئەکـات) (١١) •••

هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز بە گەل ، حەز بە پەرەسەندنو جوانکردنی هونەرەکەی دەکا •• حەز بە بەرەو ڕەسەنی بردنی شانۆکەی دەکا ••• ئەرکی یەکەمینی هونەرمەندانی شانۆشمان لە بە بەرداکردنی بەرگێکی کوردیی ڕازاوەدایە بۆ بەرهەمەکانیان •• شانۆی هەر نەتەوەیەك گـەر مادەی خۆی نەبنە بناغە ، ئەوا شتێکە حەتمی‌یە بەرەو لاوازیو گیانەڵا دەچێ •• ئەمڕۆ پێویستمان بە دەقی کوردی‌یە ، بەڵام ئەمـەش ئـەوە ناگەیێنێ کە بە تەواوی واز لە هەموو ئەدەبیاتی بێگانـە بهێنین ، چونکە

سەدان شاکارو درامای ئەوتۆیان تێدایە ، کە پێش‌کەشــ کردنیــان بــۆ زۆربەی گەلان پێویستو ڕەوایە ...

هەر لەم بارەیەوە ، مامۆستا « ئەحمەد سەلار » لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ :ــ « جەماوەری کورد ئەیەوێ شانۆییەکانی بەگیانی نزیك بێتو خۆی تیا بدۆزێتەوەو خۆی تیا بناسێتەوە ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بــووە زۆر جار شانۆی بێگانە ڕوویەکــی کوردی دراوەتــێ ، ئەوەنــدەش هەیە کە هەموو میللەتێك ئاوڕی داوەتەوە لە شانۆی بێگانە .. بەڵگەش بــۆ ئەمە چەند نووسەرێکە کە بوونەتە خەڵکی هەموو وڵاتێك . وەك : شەکسپیر ، مۆلێر ، چێخەف ، گۆرکی . نووسەرە شانۆییەکانمان بــە پەنجەی دەست دەژمێررێن ، هەرچەندە سوپایەك نووسەرمان هەیــە . ئەوەندەش هەیە نزیك ترین ئەدەبو هونەر بۆ ژیان شانۆیە ، چونکــە ڕاستەوخۆ بە جەرگەی واقیعەوە نووساوە ، ئەگەر بمانەوێ دەنگمان بە خەڵکی وڵات بگات) (١٢) ...

لە کۆتاییدا ، داوای لێبوردن لە کەمو کورییەکانی ئەم باسە دەکەم با ئەوەشی بۆ حیساب کرێ ، کە یەکەم نووسینە لەو بوارە بەنــرخو گرنگەی شانۆدا ، بەهیوام نووسینی‌تری بەدوادا بێو وەك ئەرکـــی سەرشانمان خزمەتێکی هونەری گەلەکەمانی پێ بکەین .

---

(١) پاشکۆی (عـێراق) ــ ژمــارە (٧) ــ ١٩٧٨ ــ بینــەر لە شانــۆی کوردیماندا ــ ئەکتەرێکیی کورد .

(٢) ئەم نووسینە بەشێکە لە باسێکی فراوان کە لە کۆڕێکی (بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی)داو لە ڕۆژی ١١ـ٥ـ١٩٨٠ دا لە

لایەن نووسەرەوە بە بۆنەی ئاهەنگەکانی ڕۆژی شانۆی جیهانی‌یەوە پێشکەش کرا •

(٣) المسرح العراقی الیوم ـ ص ٣ ـ المؤسسة العامة للسینما والمسرح ـ بغداد ـ ١٩٧٨ •

(٤) حەسەن تەنیا ـ مێژووی شانۆی کوردەواری ـ ل ١٠ ـ کتێبێکی دەستنووسە، ئامادەیە بۆ چاپ •

(٥) لە پەیداکردنی ئەو بڕوانامەیانەدا سوودم لە مامۆستا کاوە ئەحمەد میرزا وەرگرتووە •

(٦) مجلة (افاق عربية) عدد ٨ ـ السنة الخامسة ـ نیسان ١٩٨٠ ـ ص ١٢٦ •

(٧) هەمان سەرچاوە •

(٨) عبدالعزیز حمودة ـ علم الجمال والنقد الحدیث ـ ص ١٧ •

(٩) الدکتور محمد مندور ـ في الادب والنقد ـ ص ١١ •

(١٠) ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە ٢٩ ـ ساڵی ١٩٧١ •

(١١) ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە ٢٨٠ ساڵی ١٩٧٥ •

(١٢) ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٧٨ ساڵی ١٩٧٣ •

× × ×

کردووە ، کە وێنەی ئەو کێشەیە لای خانی تەواو جیاوازە ـ خانی هەموو هەژارو چەوساوەو لێشاوی جەماوەری لەشایی ستی‌و تاژدیندا کردووە بە نوینەرو نموونە • بەڵام کاکی نووسەر هەندێ قسەی لە لای ترەوە هێناوەو داوێتــە پاڵ مــەم‌وزین (بڕوانە لاپــەڕە ٢٦ ی ژمــارەکــە) و کردوویەتی بە بناغەی لێکدانەوە •

ئەنجام : ئەم باسی چینایەتی‌یە زۆری پێوە نراوەو وا بزانم نووسەر تاقە کەسە ، (مەم‌وزین) ی بە (زمان خانی‌یەوە) کردبێت بە کوڕو کچی دوو چینی جیاواز • هێشتا کەس ئەمەی نەوتبوو هاوارو فیغــانی کۆنەپەرست هەستا ، دەبێ ئێستا چی‌بڵێن ، جارێکی‌تر هەموو شــت بــە خوێ ، خوێش بە مەعنا •

هــەوڵدانی‌تری نووســەر جێی سوپاسەو (هیوا) ی بەرهەمی فراوانترو بە پیت‌ترو سەرکەوتنیمە •

بەرپەچ دانەوە :

نازانم زۆر لەو ووتارانەی لە گۆڤارو ڕۆژنامــە کوردی‌یــەکاندا بڵاودەکرێنەوەو دەچنە خانەی ڕەخنەگری‌یەوە ناو دەنرین چی ؟ •

دەبینین ، زەمین ببرێتە ئاسمان‌و ئاسمان ببرێتە ژێر خاك ، کلك لە جێی سەرو سەر لە جێی کلك دانرێ نووسەر بێدەنگە • بەڵام هــەر لەکونجێکی دوورەوە شتێك ، ووتەیەك ، ڕەخنەیەك ئــەو بگرێتــەوە ، بەجواب دێت‌و جۆرە لە یەکتر دووانێك دێتەکایەوە ، کە زۆرتر شەخسی نووسەر دەگرێتەوەو ناچێتە سەر باس‌و لەهەموو (شەڕەدەنووك) ەکەدا زۆر کەمی تێدا دەمێنێتەوە کە سوودی گشــتی‌ی تێــدا بێت‌و خوێنــەر سوودو چێژی لێ وەرگرێت • هەر زۆر بەدەگمەنیش ڕێدەکەوێ ئەو

نووسەرانەی لەسەریەك دەنووسن ، پێوەندیی باشیان لەنێواندا هەبێ ، یا هیچ نەبێ نووسینەکە نێوان تێکچوونی لەدووا نەبێت •

ڕەنگەلێرەدا بتوانم هەقی ئەم قسانە بدەم بە خۆم ، چونکە تائێستا ڕەواو ناڕەوا چیم لەسەر نووسرابێت پێی قەڵس نەبووم ، کاری نەکردۆتە سەرپێوەندیی منو ڕەخنەنووس ، ئەوەتا نموونەش زۆرەو زۆر جار لە جێی چاك نووسین جنێوم بیستووەو هەڵوێستی بەرامبەر بە نووسینو نووسەر نەگۆڕیووم • هەر لەم هەڵوێستەوە دەمانویست « نووسەری کورد » لەو بابەتە ڕەخنەو شەڕە دەنووکانە بە دووربگرین • بەڵام هەر تێوە گلاین • لێرەشدا نامەوێ لە هیچ لەو ووتارانەی ژمارەی پێشووو پێشووتر بدوێم ، تا منیش لەکونجێکەوە نەچمە ناو ئەو گێژاوەوەو نامەوی نموونەش بێنمەوە • بەڵام ئەوەنـدە دەڵێم ـ لـەم ژمارەیـەوە ، هەرچی پێوەندیی بە (شەخس)ی نووسەرەوە بێت ، یا دڵی کرمێ بکات ، یا ناکۆکی بخاتە ناو دوو نووسەرەوە ئێمە خۆمانی لێ دوور دەخەینەوەو لاپەڕەی نووسەری کورد بۆ هەموو نووسەرانی سەر بە گەلو پێشکەوتنەو تەماشای ئاسۆی فراوانی ئەمڕۆو سبەینێ دەکات • هـەرچی ڕەخنـەی ڕاستەقینەشە ، ئەوە سنگی بۆ دەکەینەوە • ئەگـەر نووسەرێکیشـ دڵی خۆیوا ناسك بکات کەڕێگەی ڕەخنەی ڕاستەقینەی بۆ بگرین ، وا بزانم کەس هـەقی ناداتێ • یا یەکێـك بیـەوێ گـەلو سـامانو خوڵقانـدنو ڕابوردوومان بـەدناو بکات ، بتوانێ لەزۆر شـوێندا نووسـەرانی بـۆ دەمکوت بکرێن ، ڕەنگە ئەو دەسەڵاتەی نەگاتە لای ئێمە •

برایانی شاعیرو نووسەر : ئەرکی زۆرمان لەسەرە • با دڵپاك بین ، لە ریزی کاروانی گەلو پێشکەوتندا یەك بینو بۆ گەلو ئاسۆو گەشەو جوانیو سەرکەوتن بنووسین •

ماڵئاوایی سێ نووسەر

(١)

بە هێمنی ژیاو زۆر بە هێمنی کۆچی دووایی کرد •

ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢٦ بوو ، شێخ مارفی قەرەداخی بەپێی خۆی چووە بەردەمی نەخۆشخانەیەك ، بەڵکو هەندێك لە ئازاری ئەو نەخۆشی‌یەی کەم‌بکرێتەوە کە دەمێك ساڵ بوو ئازاری‌دەدا ، بەلاّم بەر لە ڕۆیشتنە لای پزیشك ماڵئاوایی لەو جیهانە کرد کە هیچ ئاوات‌و هیوایەکی تێدا نەهاتبووەدی •

ئەوانەی لە نزیکەوە ئەم نووسەرە دڵسۆزە دەناسن ، دەزانن چۆن دڵی لەگەڵ هەموو ئاوات‌و ئازارەکانی گەل‌و نیشتماندا لێ‌ی‌دەدا ، دەزانن چەند بەقووڵی‌و فراوانی گەل‌و نیشتمانی خۆش‌دەویست •

چەند لە کاری پێ‌ژیانەکەیدا ، لە سەعاتچێتی‌یەکەیدا ووردو هونەرمەند بوو ، هەر بەو ووردی‌یەش دەیویست ووشەی کوردی بچنێ • لە مەیدانی مێژوودا بە وەرگێڕان • لە مەیدانی زماندا بە دوو بەرگی فەرهەنگی •• « کشت‌وکاڵ » و بە گەلێك ووتارەوە هاتە مەیدانی نووسەرانەوەو هێشتا گەلێك بەرهەمی چاپ‌نەکراویشی ماوە •

خاڵە شێخ مارف ، حەفتا ساڵێکی لەگەڵ ژیاندا بردەسەرو بەجێ‌ی‌هێشتین • بەڵام ناوی ، کاری مەردانەی ، یادی هەر لە دڵماندایە •

له دەمەو ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١٩٨٢/٦/١ دا بـۆ دواجـار ماموٚستا عەبدوڵڵا جەوهەری نووسەرو ڕۆشـنبیرو دلسـۆزی کـورد ماڵئاوایی لێ کردین ٠

ماموٚستا جەوهەر لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ هاتە دنیاوە ٠٠٠

هەر لە کۆتایی سییەکانەوەو بەدرێژایی ساڵانی چل ٠٠ بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژو ڕۆژنامەی ژیاندا بە ناوی خۆیەوەو هەروەها بە ناوی ع چالاکو (ج) ەوە بڵاودەکردەوە ٠

لە ساڵی ١٩٣٧ دا کە لە پۆلی دووی ناوەندی بوو بۆ یەکـەمجار کتێبێکی بە ناوی « ئاوات » ەوە دەرکرد ، هێشـتا کتێبەکە لە چاپخانـەی ژیان نەهاتبووە دەرەوە ، کە کاربەدەستانی ئەو سەردەمە قەدەغەیان کردو نەیان هێشت بڵاوبێتەوە ٠٠ هەروەك لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە٠٠ نیازیوابوو بەردەوام بێ لەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیو بەرەبەرە ئاواتەکانی نێو دڵی بخاتە بەردەستی خوێنەرانی کورد ٠٠

ماموٚسـتا جەوهـەر لە سـاڵی ١٩٦٥ دا زیاتـر لە (٣٠٠٠) کتێبی کوردیو عـەرەبیو فارسـیو ئینگلیزی بە کتێبخانـەی گشتی سـلێمانی بەخشـی ٠٠

ئێستاکەش کتێبخانـە تایبـەتییەکەی خۆی هـەتا بڵێی فـراوانو ئاوەدانـە ٠٠

ماهۆستا جەوهەر سەرەڕای ئـەمانە خوێنـەوارێکی پشـوو درێژو بێدەنگ‌و هێمن بوو •• چ بە زمانی کوردی‌و چ بە فارسـی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بوو • ئێمە پرسەی خۆمان بە بنەماڵەی ماهۆستای کۆچ‌کردوو ڕاگەیەنین‌و بەهیوایین ئەو بنەماڵەیە بەتەنـگ بەرهەمە دەستنووسـەکان‌و کتێبخانـەکەی ماهۆسـتاوە بێن‌و لە فـەوتان بیپارێزن •• تاکو دەرفەتی ئەوە دەبێت کە لە دواڕۆژدا دەسـخەتەکانی ماهۆستا بە چاپ بگەیەنرێت •

- ٣ -

دوا فۆرمەی گۆڤارەکەمان ئامادەی خستنە ناو مەکینـەی چاپ ئەکرا کە لە ١٦/٦/١٩٨٢دا دڵی ماهۆستا حاجی سـادق بەهائەدینیش لە لێـدان کەوت •

ماهۆستا سادق کە لەپاش شۆڕشی ١٤ ی تەمووزەوە هاتووەتە مەیدانی ڕۆشنبیری کورد ، بەدرێژایی ئەم ماوەیە بەگوێرەی توانا لە مەیدانا بووەو تا دەرفەت بووبێ لە ڕادیۆو گۆڤارو ڕۆژنامەو چاپەمەنی کوردیدا شوێن دەستی دیار بووەو ، بەتایبەتی خـۆی بۆ ئەدەبیـاتی کرمانجی سـەروو تەرخان کردبوو •

ماهۆستا سادق لە ئەندامە لەمێژەکانی یەکێتیەکەمان بوو • لە کۆنگرەی چوارەمیشدا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێررا •

کۆچی دوایی ماهۆستا سادق بەسەر دڵی هـەموانەوە گرانـەو ، ئێمەیش پرسەی خۆمان پێشکەش بە پاشماوەو کەس‌وکارەکانی ئەکەین•

به یادی مامۆستا بەشیر

ئەم چەند دێڕەمان لە (ئیحسان فوئاد) ناوێکەوە بۆ هاتووە • هەر لەسەرە مەقەستە قەدیمەکانی « گەلاوێژ » و « شەفەق » ی مامۆستا بەشیر خۆی دەچێ •

بەشیر گیان : تووڕە مەبە ، گۆڕ هەڵمەتەکێنە ، کە بە خەتی (مارف) بڵاوی دەکەینەوە • بەشکم ئەمە سەرەتای ئاشتبوونەوەتان بێت •

لەگەڵ یەکتر دڕن چەشنی هەڵۆ
یەک دا دەڕاچن بۆ ؟

لە بۆ غەیرە شێرن چەشنی پەڕۆ
وەک دەستەوقاچن بۆ ؟

هەزارتیرە و لەک و هۆزن وەکو
دوژمنی لە یەک ناچن ؟

ئەترسم ڕۆژێ لەم خاکە هەموو
تیا چن وەکو سمکۆ ؟

بەشیر موشیر
٢٧ شوبات ١٩٨١

پێرست

سەرنووسەر : ـ

ئەم ژمارەیەش ۳

ئەحمەد عەبدوڵلا زەروو : ـ

پێداچوونەك لسەر مامکێت کوردی ۷

دوکتۆر وریا عومەر ئەمین :ـ

فۆنیمەکانی زمانی کوردی ۲۹

رەئووفی ئەحمەد ئالانی

دیاردەیەکی زمانەوانی ۳٦

شێرکۆ بێکەس :ـ

بەیتی ئاگر ٤۳

عبدالرحمن مزوری :ـ

بەیتا کەوا ٦۸

حەمەسەعید حەسەن : ـ

چوار پارچە شیعر ۷۰

مۆیەد طەییب :ـ

ستران و بەفرو ئاگر ۷٥

مارف عومەر گوڵ

خۆرەتاو ۸۱

جەمال غەمبار :ـ
خۆ تۆ خەم نیت ٨٣

ف. ن. نیزفال (و : محمود زامدار) :
پـراگ ٨٧

موسى النقدي (و : عەزیز حەریری) :
لوبنـان ناکەوێ ٩٤

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول :ـ
پێدا چوونەوەو سەرنجێك ٩٦

ئەمینی میرزا کەریم :ـ
کە دەزووڵە خوێنەکان ئەچۆڕانەوە ١٠٤

محەمەد فەریق حەسەن :ـ
تارماییـیـەکان ١١١

زاهیر ئەحمەد سەوز :
ئەو لە بازنەیەکی داخراودا ١٢٠

سەلام مەنمی :ـ
سەفـەربەر ١٢٦

م . ع . م :ـ
من و هەر چوارمان ١٢٩

زەریـا :ـ
دیمەنێکی یادداشتی چەند ساڵە ١٤٣

بووارى عەجنیە (و : نەژاد سورمێ) :ـ
ژان‌و سۆزی گەورە ١٤٨

عەزیز نەسین (و : محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی) :
یادداشتی هونەرمەندێك ١٥٤

مستەفا سائح کەریم :ـ
بەڵگەیەکی تری دیداری چیرۆکی کوردی ١٦٦

عبدالرزاق بیمار :ـ
مەڵێ باپیر ١٧٢

جمال محمد اسماعیل :ـ
زیندە خـەو ١٧٦

عبدالله عباس :ـ
عەودالی چیت ؟ ١٧٩

یاسین قادر بەرزنجی :
تەماشاکەر لە شانۆی کوردیدا ١٨١

ماڵئاوایی سێ نووسەر ١٩٦

ئاگاداری

قەسیدەی (بەیتی ئاگر) کە لە لاپەڕە (٤٣ - ٦٧)ی ئەم ژمارەیەدایە ، نووسینی شاعیرمان شێرکۆ بێکەسە •

× × ×

پاشماوەی وتاری (پێداچوونەوەو ••• سەرنجێك) ی دوکتۆر عیزەدین مستەفا لە لاپەڕە (١٩٤ - ١٩٥) دایە •